تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5884) سێ شەممە 3ی کانونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان: شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی 2020ی عێراقدا جێگیر دەکرێن

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دارا رەشید لەمیانی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستە سەر کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و رایگەیاند کە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی ساڵی 2020 جێگیردەکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پێنجشەممە بودجەی عێراق ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت

ئەندامێکی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنانی پەرلەمانی عێراق گوتی، بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو حکوومەت پرۆژەیاسای بودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکات و ئێمەش خەریکی لۆبیکردنین بۆ ئەوەی پشتگیری لە داواکاریی کورد بکەن و زۆرینەی لایەنەکانی عەرەبیش پشتگیری لە ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا دەکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**





سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات

دوێنێ دووشەممە 2ی12ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد کە پێکهاتبوو لە بەڵێن عەبدوڵلا سکرتێر و سەعد خالید جێگری سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی دەیەمی حزبی زەحمەتکێشانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ سەرکردایەتیی تازەی ئەو حزبە خواست. هەر لەو دیدارەدا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد و پێزانینی هەبوو بۆ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە پشتیوانیکردنی فرەلایەنیی و سەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

بارودۆخی سیاسیی عێراق و پرۆسەی سیاسیی هەرێم و هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ باشترکردنی دۆخی ئیداری و ئابووریی هەرێم تەوەری تری ئەو دانیشتنە بوون.

داعش بیانی گەڕاونەتەوە مەخموور و چەندین کەتیبەیان پێکهێناوە

لە سنووری قەزای مەخموور داعش بەهێز بووە و بەرپرسێکی ناوچەکە هۆشداری دەدات لەبارەی جوڵەی داعش و ئاشکرای کرد، پێشتر هەر داعشی ناوچەکە بوون، بەڵام چەند ڕۆژێکە لە مەخموور داعشی بیانیش پەیدا بوونە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هاوپەیمانی سائیروون بایکۆتی کۆبوونەوەکانی دیاریکردنی شوێنگرەوەی عەبدولمەهدی دەکات

سەرکردەی هاوپەیمانی "نەسر" و سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی ڕایگەیاند نابێتە بەشێک لە کێبڕکێکان بۆ دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق، ئەوەش لەپێناو ڕێگەخۆشکردن لەبەردەم کاندیدکردنی کەسایەتییەکی دوور لە قەوارە سیاسییەکان کە متمانەی گەل بەدەستبهێنێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

خۆپیشاندەران بۆ جاری دووەم لەیەک هەفتەدا کونسوڵخانەی ئێران لە نەجەف دەسووتێنن

عەبدولکەریم موسەوی چالاکوانی مەدەنی نیشتەجێی شاری نەجەف لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات تەئکیدی لەسەر سووتاندنی باڵەخانەی کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەشاری نەجەف کردەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



ڕەوشی تەندروستی دەمیرتاش لە زیندان باش نییە

پارێزەری سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، لە نووسینێکدا بۆ ڕای گشتی تورکیا، باسی لە خراپیی ڕەوشی تەندروستی سەلاحەدین دەمیرتاش لە زیندان دەکات و دەڵێت سەرەڕای خراپیی ڕەوشی تەندروستی، بەڵام ڕێگەیان نەداوە بنێردرێتە نەخۆشخانە.
(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



لە بنەڕەتدا ماڵی شیعە لەنێو خۆیاندا کۆک نین

قەیرانێکی سیاسیی یەخەی عێراق دەگرێت

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایگەیاندووە: گەورەترین کوتلە بەپێی پێناسەی دادگای فیدال ئەوەیە کە کوتلەیەک لەنێو پەرلەمان دروست دەبێت نەک ئەوەی لەنێو هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوەو ئەوان کەسێک هەڵدەبژێرن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

هەمموو لایەنەکان کۆدەنگن کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی

ئەندامێکی لیژنەی یاساییی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هەموو لایەنەکان کۆدەنگن کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، چونکە دەستوور چەترێکە بۆ هەمووان و زۆربەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان چارە دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



ئەحمەد داودئۆغلو

پارتە تازەکەی ڕادەگەیەنێت

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر و کارکردنێکی زۆر، ئەحمەد داودئۆغلو سەرکردەی پێشووی ئاکەپە و سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا، پارتە تازەکەی ڕادەگەیەنێت و ئەوانەش لە سەرەتادا پارتەکە بەڕێوە دەبەن و دەستەی دامەزرێنەرن 100 کەس دەبن.
(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە شاندێکی ENKS کرد

هەردوولا نیگەرانیی خۆیان لە کار و ڕەفتاری چەکدارانی توندڕۆی ئۆپۆزسیۆنی سووریا نیشاندا

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە گرنگیی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەکارکردن و لێککگەیشتن و بنیاتنانی متمانە لەنێوان لایەن و پێکهاتە کوردستانییەکان لە سووریا کردەوە، هەموو ئامادەییەکیشی بۆ هاوکاری و پشتگیریی هەر هەوڵێک لەپێناو ئارامی و سەقامگیری و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان لە ناوچەکە نیشاندا. دوێنێ دووشەممە 2019/12/2 لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکدا لەگەڵ شاندێکی باڵای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی لە سووریا (ئەنەکەسە) بە سەرۆکایەتیی بەڕێز سعوود مەلا سەرۆکی ئەنەکەسە، دوایین پێشهاتەکان و دۆخی سووریا و ئامادەیی و ڕۆڵ و کاریگەریی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیان لە ناوچەکە تاوتوێ کرد.

لە دیدارەکەدا هەردوولا جەختیان لە پێویستیی تەبایی و یەکترقبووڵکردن لەنێوان پێکهات و لایەنەکان لە سووریا و کارکردن لەپێناو چارەسەری کێشەکان و گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیری کردەوە، نیگەرانیی خۆیشیان لە هەوڵەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە و کار و ڕەفتاری چەکدارانی تووندڕۆی ئۆپۆزسیۆنی سووریا نیشاندا.

بڕوسکەی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ بنەماڵەی حەمە ئەمین ئاغای زێ

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز کاک سوارەئاغا حەمەئەمین ئاغای زێ

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (ماپار ئەحمەد نایب)ی دایکتان و هاوژینی (حەمە ئەمین ئاغای زێ)مان پێ گەییشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوە و خانەوادە تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەرەکەتان و هەموو خزم و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم.

لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەکمان ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
2ی12ی2019

وەزیری پلاندانان: شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی 2020ی عێراقدا جێگیر دەکرێن

پرۆژەی چاکسازی لە قۆناغی کۆتاییدایە و لە نزیک کاتدا ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ پەسەندکردنی



وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دارا ڕەشید لەمیانی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان کە وەزارەتی پلاندانان بەهاوکاری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان ئەنجامیدا، تیشکی خستە سەر کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و ڕایگەیاند کە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی ساڵی 2020 جێگیردەکرێت.

دارا ڕەشید سەرەتا لەبارەی سەرژمێریەوە گوتی: ئامادەکارییەکانی سەرژمێری بەردەوامە، ئێمە بڕیارمانداوە سەرژمێری دەکەین یان نا، بەڵام چەند پێشنیازێک هەیە و لەگەڵ حکوومەتی عێراقی لە کۆبوونەوە و گفتوگۆی بەردەوامین، هەندێک کێشە هەیە لە ناوچە جێناکۆکەکان کە بە ماددەی 140 ناسراون، ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن ئەوکات بڕیار لەسەر سەرژمێری دەدەین.

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دارا ڕەشید ئاماژەی بە پرۆژەی چاکسازیش کرد و گوتی: لە کابینەی پێشوودا ڕەوانەی پەرلەمان کرا و بۆ حکوومەت گەڕێندرایەوە، لەو کابینەیەش لە یەکەم کۆبوونەوەدا لیژنەیەکی بۆ پێکهێنراوە و پرۆژەی چاکسازیش لە قۆناغی کۆتایی و تەواوبوونداین و پێدەچێت لە نزیک کاتدا ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت بۆ پەسەندکردنی.

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا جەختی لەوە کردەوە کە کۆبوونەوەیەکی باش لەنێوانیان بەڕێوەچووە و گوتی: گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرال باشە و لە هەفتەی ڕابردوو کۆبوونەوەیەکی زۆر باشکرا، زۆربەی کێشەکانی هەبوون چارەسەرکراون و لەئێستادا شاندی هەرێم لە بەغدایە، پێشبینی دەکەم بابەتی بوودجە کۆتایی هاتووە و دەنێردرێتە ئەنجوومەنی نوێنەران، زۆربەی داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و حکوومەتی هەرێم کە بەدەستوور و یاسا جێگیرکراون لە یاسای بوودجەی عێراق بۆ ساڵی 2020 جێگیردەکرێن.

دارا ڕەشید گوتیشی: ناوچەکە و عێراق ڕووبەڕووی چەندین پێشهات دەبێتەوە و دەبێت هەموومان خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەر ئەگەرێک. لە وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری هەموو لایەک، سەرقاڵی ئامادەکردنی دیدگای 2030 دەبین کە بۆ ئەوەیە ببێت بە چوارچێوەیەکی ستراتیجی بۆ داهاتوو لە پێناو بەدیهێنانی پەرەپێدانی بەردەوام و دەتوانین سوود لەو پلان و بەرنامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانە وەربگرین کە ئاماج لێی گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی باشتر کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبێت.

بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی، هێمن هەورامی بەشداری ڕۆژی جیهانی پشتگیریکردن لە خەڵکی فەلەستین دەکات



ئێوارەی ڕۆژی 2019/11/29 هێمن هەورامی، بە نوێنەرایەتی ڕێزدار جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بەشداری ڕۆژی جیهانی پشتگیری کردن لە خەڵکی فەلەستین کرد. لە بۆنەکەدا هێمن هەورامی پەیامی، جەنابی سەرۆک بارزانی گەیاندە نەزمی حزووری کونسوڵی فەڵەستین بەبۆنەی یادەکەیان و لە ڕێگای ئەوانەوە ئاراستەی گەلی فەلەستین کرد، هەر لە پەیامەکەدا جەختی لە پەیوەندی لەمێژینەی هەردوولا و برایەتی نێوان گەلی کورد و گەلی فەڵەستین کردەوە و هیوای خواست پەیوەندییەکانیان لە گەشەسەندنی زیاتر دا بێت. جێی باسە 29ی نۆڤێمبەری هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانی پشتیوانی لەگەلی فەڵەستین دادەنرێت.

زۆرینەی قوربانیان منداڵن

تەل ڕەفعەت... لە ئەنجامی تۆپبارانی تورکیادا 10 هاووڵاتی سڤیل گیانیان لەدەستدا



دوێنێ دووشەممە لە ئەنجامی بۆردومانی سوپای تورکیا و گروپە تۆندڕەوەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆنی سووریا، ناوچەی تەل ڕەفعەتی سەربە شەهبایان تۆپباران کرد و لەئەنجامیشدا 10 هاووڵاتی مەدەنی شەهیدبوون و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

سەرچاوەکان باسیان لەوەش کردووە کە دوو تۆپ بەر ناوچەکە کەوتووەو یەکێکیان لە نزیک مانگی سووری کوردی کەوتۆتەوەو ئەوەی دیکەشیان لە نزیک گەراجی شارەکە کەوتۆتە خوارەوە.

هەر بە گوێرەی سەرچاوە میدیاییەکان ئەو ناوچەیەی تۆپباران کراوە، ناوچەیەکی مەدەنی نشینە و زۆرینەی دانیشتوانەکەشی خەڵکی ئاوارەی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانن. هەروەها سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژە بەوەش دەکەن کە ئاگربەست لە ئاراداییەو دوو ڕێککەوتننامە لەنێوان تورکیاو هەردوو وڵاتی ئەمەریکا و ڕووسیا کراوە بۆ زۆرینەی قوربانیەکانیش منداڵن.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە کۆشانەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ناوچە سنووریەکانی نزیک تورکیا.

پێنجشەممە بودجەی عێراق ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت

د. میادە نەجار: هیچ کێشەیەک بۆ داواکاریی کورد و ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا پەیدا نابێت



ئەندامێکی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنانی پەرلەمانی عێراق گوتی، بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو حکوومەت پرۆژەیاسای بودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکات و ئێمەش خەریکی لۆبیکردنین بۆ ئەوەی پشتگیری لە داواکاریی کورد بکەن و زۆرینەی لایەنەکانی عەرەبیش پشتگیری لە ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا دەکەن.

د. میادە نەجار بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا، بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە 5/12/ 2019حکوومەت پرۆژەیاسای بودجەی بە داواکاریی کوردەوە ڕەوانەی پەرلەمان بکات و ئێمەش وەکو فراکسیۆنەکانی کورد خەریکی لۆبیکردنین بۆ ئەوەی کۆتلەکانی دیکەی عەرەب پشتگیریمان بکەن و تاوەکو ئێستا زۆرینەی کوتلەکان پشتگیری لە ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا دەکەن. نەجار ئەوەشی گوتووە: بەهۆی ئەو دۆخەوە کە ئێستا لە عێراقدا هەیە هیچ کێشەیەک بۆ داواکاریی کورد و ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا پەیدا نابێت، چونکە هەموان دەیانەوێت خۆیان لە کورد نزیک بکەنەوە بۆ ئەوەی پشتگیریان بکەین. هەرێم و بەغدا ڕێککەوتوون، کە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات و لە بەرانبەردا بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

هەموو لایەنەکان کۆدەنگن کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی

پەرلەمانتارێک: دەستوور دەبێتە ناسنامە بۆ کوردستان و زۆربەی کێشەکانی هەرێمیش چارە دەکات



ئەندامێکی لیژنەی یاساییی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هەموو لایەنەکان کۆدەنگن کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، چونکە دەستوور چەترێکە بۆ هەموان و زۆربەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان چارە دەکات.

خەدیجە عومەر، ئەندامی لیژنەی یاساییی پەرلەمانی کوردستان بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: سەرۆکایەتیی پەرلەمان سەردانی هەموو لایەنەکانی کردووە بۆ ئەوەی ڕا و بۆچوونی ئەوان وەربگرێت و لێکتێگەیشتنێک لە نێوان پەرلەمان و لایەنەکان دروست بێت بۆ نووسینەوەی دەستوور، دەبێ لیژنەیەک دروست بکرێت، کە لە خولی پێشووش هەبوو، بەڵام لەو خولەدا هیچ بڕیارێک نەدراوە کە هەر لیژنەی پێشوو دەبێت، یان لیژنەیەکی نوێ دروست دەکرێت، هەموو لایەنەکان کۆدەنگن کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، چونکە دەستوور چەترێکە بۆ هەموان و زۆربەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان چارە دەکات. ئەگەر ئەو دەستوورە هەبێت ئەوا ڕێگا بۆ هەموو کێشەکان خۆش دەکات.

وەکو فراکسیۆنی پارتی تەئکید لەسەر ئەو بابەتە دەکەینەوە و پشتگیریشی لێ دەکەین، هەموو هەوڵێکیش دەدەین بۆ نووسینەوەی دەستوور، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، هەتا سەرۆک بارزانی داوای کردووە کە پێویستە لەم خولەی پەرلەماندا کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی.

خەدیجە عومەر، ئەوەیشی گوتووە: زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی، چونکە دەستوور چەترێکە بۆ هەموان، بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، دەستوور ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی هەموو لایەنەکان دەبێت، باسی ماف و ئازادیی هەموو کەسێک دەکات، باسی سیستەمی سیاسی دەکات، ئەگەر ئێستا کێشەمان لەسەر یاسایەک هەبێت چەندین بیروبۆچوونی جیاواز دەبێت، بەڵام ئەگەر دەستوورمان هەبێت، ئەگەر ناکۆکییش هەبێت، دەگەڕێینەوە بۆ دەستوور و ئەو حوکم دەکات و دەستوور دەبێتە ناسنامە بۆ کوردستان و زۆربەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان چارە دەکات.





جێنشینی سعوودیە پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات

میر محەمەد بن سەلمان جێنشینی عەرەبستانی سعودی بە ئامادەبوونی خالید بن سەلمان وەزیری بەرگری سعودیە و شێخ تەحنون بن زاید راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئیمارات، پێشوازی لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

جێگری سەرۆکی ئیمارات پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات

شێخ محەمەد بن راشد جێگری سەرۆکی ئیمارات و فەرمانڕەوای دوبەی، پێشوازی لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

عەبادی و مالیکیش نایانەوێ خۆیان بپاڵێون بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی نوێ

هاوپەیمانی سائیروون بایکۆتی کۆبوونەوەکانی دیاریکردنی شوێنگرەوەی عەبدولمەهدی دەکات

سەرکردەی هاوپەیمانی "نەسر" و سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی رایگەیاند نابێتە بەشێک لە کێبڕکێکان بۆ دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق، ئەوەش لەپێناو ڕێگەخۆشکردن لەبەردەم کاندیدکردنی کەسایەتییەکی دوور لە قەوارە سیاسییەکان کە متمانەی گەل بەدەستبهێنێت.

دوای قبوڵکردنی داوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، حەیدەر عەبادی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە هەڵوێستەکانی لە بەرژەوەندی گەل و پارێزگاربیکردن لە گەل دەبێت، نەک لە ڕێگەی کێبڕکێ لەسەر ئەو پۆستانەی کە سااڵی ڕابردوو ڕەتی کردووەتەوە وەریان بگرێتەوە. عەبادی ڕاشیگەیاندووە: نابمە بەشێک لە دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیران، لەم قۆناغەدا داوا دەکەم کەسایەتییەکی سەربەخۆ کە متمانەی گەل بەدەستبهێنێت بۆ ئەو پۆستە دیاری بکرێت. هاوپەیمانی "نەسر" کەلەلایەن عەبادی سەرۆکایەتی دەکرێت، سێیەم گەورەترین قەوارەی نێو پەرلەمانی عێراقە و لەکۆی 329 کورسی پەرلەمان خاوەنی 42 کورسییە.

جێی باسە پێشتریش نوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق ڕایگەیاندبوو کە بەنیاز نییە خۆی بۆ سەرۆکایەتی حکوومەت کاندید بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە هاوپەیمانی سائیروون وەک گەورەترین قەوارەی پەرلەمان کە 54 کورسی هەی، کە لە لایەن سەرکردەی ڕەوتی سەدر، مۆقتەدا سەدر پاڵپشتی دەکرێت، ڕایگەیاند؛ بایکۆتی ئەو کۆبوونەوانەی لایەنە سیاسییەکان دەکات کە تایبەت دەبن بە دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە شوێنی سەرۆکوەزیرانی دەستلەکارکێشاوە، عادل عەبدولمەهدی. هاوپەیمانی سائیروون لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، ئامادەی هیچ کۆبوونەوەیەک نابن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بۆ دیاریکردنی شوێنگرەوەی عادل عەبدولمەهدی چونکە ئەو پرسە لە تایبەتمەندی گەل و خۆپیشاندەران دایە.

خۆپیشاندەران بۆ جاری دووەم لەیەک هەفتەدا کونسوڵخانەی ئێران لە نەجەف دەسووتێنن



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

عەبدولکەریم موسەوی چالاکوانی مەدەنی نیشتەجێی شاری نەجەف لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات تەئکیدی لەسەر سووتاندنی باڵەخانەی کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەشاری نەجەف کردەوە.

موسەوی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسی لەتوپڕەیی خۆپیشاندەرانی شاری نەجەف کرد بەرامبەر توندوتیژی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە حزبەکانی نزیک لە ئێران دژی خۆپیشاندەران و تەئکیدی کردەوە ئەو چەکدارانەی حزبەکان هەموو دەسەلاتێکیان لەسوپای عێراق و هێزەکانی پۆلیسی عێراق وەرگرتۆتەوە و هەر لەم دوو ڕۆژەشدا قاسم سلێمانی فەرماندەی ناسراوی سوپای پاسداران لەشاری نەجەف بووە و ئەم پەلامارەی خۆپیشاندەران بۆ سەر کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و سووتاندنی بۆ جاری دووەم لەیەک هەفتەدا وەک تەحەدایەک بووە بۆ هاتنی قاسم سلێمانی کە بەپێی هەندێ سەرچاوەی نافەرمی دەڵێن بۆ دروستکردنی حکوومەتی نوێ و دەستنیشانکردنی جێگرەوەی عادل عەبدولمەهدی هاتووە کە ئەمەش بە تەواوەتی خۆپیشاندەرانی تووڕە و نیگەران کردووە و داوایان لە مەرجەعی باڵای شیعەی عێراق (سیستانی) کردووە ئاستێک بۆ ئەم دەستوەردانەی ئێران لە کاروباری عێراق دابنێت.

لەلای خۆیەوە ئیرج مەسجدی باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لەعێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا کە ئاژانسی (میهر)ی ئێرانی باڵاوی کردۆتەوە دەڵێت خەڵکانێکی بەکرێگیراوی وڵاتانی دیکە پەلاماری کونسوڵخانەکانمان دەدەن و ئەرکی حکوومەتی عێراقە ئاستێک بۆ ئەو بەکرێگیراوانە دابنێت.

کرمانج عەبدوڵڵا: داعشی بیانی گەڕاونەتەوە مەخموور و چەندین کەتیبەیان پێکهێناوە



لە سنووری قەزای مەخموور داعش بەهێز بووە و بەڕپرسێکی ناوچەکە هۆشداری دەدات لەبارەی جوواڵەی داعش و ئاشکرای کرد، پێشتر هەر داعشی ناوچەکە بوون، بەاڵم چەند ڕۆژێکە لە مەخموور داعشی بیانیش پەیدا بوونە.

کرمانج عەبدوڵڵا، بەڕپرسی لقی قەرەچۆخی پارتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: قەبارەی داعش لە هەموو ناوچەکان زیادی کردووە و لەو چوارچێوەیەشدا لە سنووری قەزای مەخموور جوواڵەیان پەیدا کردووەتەوە، بەاڵم ئەم جارە تاکتیکی خۆیان گۆڕیوە و لەسەر شێوەی کەتائیب دەرکەوتوونەتەوە و ژمارەیەک کەتیبەیان پێکهێناوە بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەی تیرۆریستی لە ناوچەکەدا.

ئەو بەڕپرسەی پارتی دەشڵێت: پێشتر هەر داعشی ناوخۆیی لە مەخموور بەرچاو بوون، بەاڵم داعشی بیانیش هاتوونەتە ناوچەکە و بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، چەکدارانی داعشی ناوچەکانی دیکەی عێراق و تەنانەت بیانیش لەنێو سنووری مەخموور پەیدا بوونە.

کرمانج عەبدوڵڵا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: زیادبوونی قەبارەی داعش مەترسی هەیە بۆ ئەوەی هەرکات دەرفەتیان بۆ ڕێکەوت دەستی خۆیان بوەشێنن، بەداخەوە ئاڵۆزبوونی ڕەوشی عێراقیش کاریگەری لەسەر بەهێزبوونەوە و خۆڕێکخستنەوەی داعش هەبووە، لەبەر ئەوە پێویستە چاودێریی وردی جوواڵەی داعش بکرێت و بۆ هەر ئەگەرێک ئامادەکاری هەبێت، چونکە بەهێزیی داعش مەترسییە بۆسەر هەموو لایەک.

عێراق.. سوپا دۆسیەی ئەمنی لە زیقار دەگرێتەدەست

سەرچاوەیەکی سەربازیی عێراقی ڕایگەیاند، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی ڕافیدەین سەربە سوپای عێراق، جەبار تائی دۆسیەی ئەمنی لە پارێزگای زیقار گرتووەتە دەست، ئەوەش دوای چەند ڕۆژێک لە ئالۆزی و تووندوتیژییەکانی شارەکە دێت. ئەو سەرچاوەیە بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاندووە: لەسەر ڕاسپاردەی حکوومەتی کاربەڕێکەر، تائی کاروباری دۆسیەی ئەمنی لە پارێزگاکە گرتووەتە دەست. سەرچاوەکە گوتیشی: تائی بەڵێنیداوە بە نەوەکانی پارێزگاکە کە بەرگری لە خۆپیشاندەران بکات.

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەکی ئەمنیی لە پۆلیسی شارەکە ڕایگەیاند: عەمید ریسان ئیبراهیمی وەک فەرماندەی پۆلیسی شارەکە لەبری فەرماندەی لەسەرکارلادراو لە پۆستەکەی، محەمەد زێدان، دانراوە.

ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی ڕابردوو، شەپۆلێکی تووندوتیژی خۆپیشاندانەکانی پارێزگاکەی گرتەوە و بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە ئەمنییەکانەوە، 47خۆپیشاندەر لە شاری ناسرییەی ناوەندی پارێزگای زیقار گیانیان لەدەستدا. لەدوای ئەوەش، گرژی و ئاڵۆزییەکان لەنێو شارەکە دریژەیان هەیە و بەشێکی زۆری چەکدارانی سەر بە خێڵەکان لەناو شارەکە بڵاو بوونەتەوە و هەوڵی پاراستنی دۆخەکە دەدەن.

عێراق.. هێرشی داعش بۆسەر بارەگایەکی حەشدی شەعبی دوو کوژراو و پێنج بریندارى لێکەوتەوە

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشێکی توند دەکاتە سەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و ژمارەیەک کوژراو و بریندار هەیە. لە ئاکامی هێرشێکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بۆسەر هێزەکانی حەشدی شەعبی لە پارێزگای دیالە خۆرهەڵاتی عێراق، دوو چەکداری هێزەکانی حەشدی شەعبی کوژران و پێنجی دیکەش برینداربوون.

دوێنێ دووشەممە لە لێدوانێکدا نەقیب حەبیب شەمەری لە سوپای عێراق ڕایگەیاند کە چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر بارەگای حەشدی شەعبی لە ناوچەی "نەفت خانە" باکووری خۆرهەڵاتی دیالە. شەمەری باسی لەوەش کرد کە لە هێرشەکەدا، دوو چەکداری هێزەکانی حەشدی شەعبی کوژراون و پێنجی دیکەش بریندارکران.

وتارو رایۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

www.xebat.net

سێ شەممە 2019/12/3 ژمارە (5884)

خەبات



پارێزەرەکەی بۆ رای گشتی:

ڕەوشی تەندروستی دەمیرتاش لە زیندان باش نییە

سینگی ژان دەکات و ناتوانێت بە باشی هەناسە بدات

پارێزەری سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، لە نووسینێکدا بۆ رای گشتی تورکیا، باسی لە خراپیی ڕەوشی تەندروستی سەلاحەدین دەمیرتاش لە زیندان دەکات و دەڵێت سەرەڕای خراپیی ڕەوشی تەندروستی، بەڵام ڕێگەیان نەداوە بنێردرێتە نەخۆشخانە.

ئایگول دەمیرتاش، خوشکی سەلاحەدین دەمیرتاش و پارێزەری تایبەتیی سەلاحەدین دەمیرتاش، لە پێگەی خۆی لە تویتەر چەند زانیارییەکی لەسەر ڕەوشی تەندروستیی دەمیرتاش خستە ڕوو.

ئایگول ئاشکرای دەکات، لە 26ی 11ی 2019 و لە سەعات پێنج و سی خولەکدا، دەمیرتاش سینگی ژان دەکات و ناتوانێت بە جوانی هەناسە بدات، بۆیە بیرکردنەوەشی لاواز بووە.

ئەو دەشنووسێت: بۆ ماوەیەکی زۆر دەمیرتاش نەیتوانیوە بە جوانی هەناسە بدات و بیر بکاتەوە، بۆیە یەکەم کەس کە هاوکاریی کردووە عەبدولا زەیدانی هاوڕێی بووە لە زیندان. لە زیندان بە هیچ شێوەیەک گرنگیان پێی نەداوە و تەنیا پزیشکیان بانگ کردووە تا چارەسەری بکات، بەڵام خراپیی ڕەوشی دەمیرتاش پێویستی بە بردنیەتی بۆ نەخۆشخانە.

ئایگول لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا، دەڵێت داوامان لە ئیدارەی زیندان کردووە بە پەلە بیبەنە نەخۆشخانە، بەڵام 7 ڕۆژ بەسەر ئەو نەخۆشیەیدا تێپەڕیوە، کەچی نەبراوەتە نەخۆشخانە و هەر لە زیندان ماوەتەوە. ئایگول باس لەوەش دەکات کە ژیانی دەمیرتاش لە مەترسییە، چونکە ناتوانێت بیر بکاتەوە و هەناسەش بە جوانی نادات، ئیدارەی زیندانیش ئەمە دەزانن، بۆیە مەبەستیان نییە بیبەنە نەخۆشخانە و چارەسەری باشی بۆ وەربگیرێت.

هەروەها بە گوێرەی هەواڵی میدیاکان، سەلاحەدین دەمیرتاش گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە

قۆناغی دوای عادل عەبدولمەهدی و چارەنووسی عێراق

جوان ئیحسان: قەیرانێکی سیاسیی یەخەی عێراق دەگرێت

لە بنەڕەتدا مانگرانی شیعە لەنێو خۆیاندا کۆک نین

کوتلەکانی فەتح و عەسائیب لە ئاراستەیەکدان و سائیرونیش لە ئاراستەیەکی دیکە دایە



دوای بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە پۆستەکەی، مشتومڕەکان لەبارەی دۆخی عێراق دوای ئەو قۆناغە گەرمتر دەبێت. سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، جوان ئیحسان لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلۆ لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کە ئایا لەنێو پەرلەمانتاران و لایەنە سیاسیەکاندا هیچ کۆبوونەوەیەک کراوە، ڕایگەیاندووە: دوای ئەوەی کە حکوومەت متمانەی لێ دەسەندرێتەوە یان لەسەرکار دوورەدەخرێتەوە، حکوومەت دەبێتە حکوومەتی کاربەڕێکەر، لەو ماوەیەدا سەرکۆمار داوا لە گەورەترین کوتلە دەکات کەسێک دەستنیشان بکەن بۆ سەرۆکی حکوومەت، گەورەترین کوتلە بەپێی پێناسەی دادگای فیدال ئەوەیە کە کوتلەیەک لەنێو پەرلەمان دروست دەبێت نەک ئەوەی لەنێو هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە و گوتی: ئەوان کەسێک هەڵدەبژێرن، دواتر سەرکۆمار داوا لەو کەسایەتییە دەکات کە لە میانی 30 ڕۆژدا دەبێت حکوومەتەکەی پێکبهێنێت بەپێی ماددەی 76ی دەستووریی عێراقی فیدرال. دواتر ئەو کەسە حکوومەتەکەی پێکدەهێنێت و دێتە بەردەم پەرلەمان، کابینە و بەرنامەی حکوومەتەکەشی دەخاتە بەردەم پەرلەمان، دەبێت لانیکەم 48 سەعات پێش واەی دەنگدان لەسەری بگات بە دەستی پەرلەمان، تاکو ئەندامانی پەرلەمان، سی ڤی هەریەک لە ئەندامانی کابینەکەکەیان لەبەردەستدا بێت و بزانن کە دەنگ دەدەنە کێ. یان ئایا بەرنامەی حکوومی چییە، چونکە کاتێک عادل عەبدولمەهدی دەستی لەکارکێشایەوە، بەرنامەی حکوومەتەکەشی لەگەڵی ڕۆیشت. دەبێت بەرنامەی حکوومەتی نوێ بێتە ئاراوە.

جوان ئیحسان ئەوەش بەدوور دەزانێت بتوانرێت لە میانی دوو هەفتەی دیاریکراوەدا کوتلە سیاسییەکانی پەرلەمان بتوانن کەسایەتییەک دەستنیشان بکەن بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکی حکوومەت و قەیرانێکی سیاسیی یەخەی عێراق دەگرێت و ڕایگەیاند کە ئاسان نییە کە دیاری بکەیت گەورەترین کوتلە کێیە، یان چۆن دروست دەبێت. هاوکات ئاشکرای کرد کە ئێستا نێوانی کوتلە شیعەکان هیچ باش نییە و گوتی: ئێستا کوتلەکانی فەتح و عەسائیب بەیەکەوە لە ئاراستەیەکدان، هاوکات سائیرون کە خاوەنی 54 کورسییە لە ئاراستەیەکی تردایە. ئایا ئەمانە چۆن ڕیکدەکەون لە بنەڕەتدا مانگرانی شیعە کۆک نین لەنێو خۆیاندا لە لایەک و لە لاکەی تردەوە، نێوانی کورد و سوننە و شیعە ئەوەش پرسێکی ترە.

جوان ئیحسان ئاماژەی بەوەش داوە کە لەکاتی دیاری نەکردنی کەسایەتییەک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران لە میانی 30 ڕۆژەکەدا کە لەلایەن سەرکۆمارەوە ڕاسپێردراوە یان ئەگەر نەتوانرا لەو ماوەیەدا حکوومەتە نوێیەکە پێکبهێنرێت، ئەوا ئەو لێی دەبوردرێت و سەرکۆمار بەهەمان شێوە کەسێکی تر ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت.

ئەحمەد داودئۆغلو

پارتە تازەکەی ڕادەگەیەنێت



دوای چاوەڕوانییەکی زۆر و کارکردنێکی زۆر، ئەحمەد داودئۆغلو سەرکردەی پێشووی ئاکەپە و سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا، پارتە تازەکەی ڕادەگەیەنێت و ئەوانەش لە سەرەتادا پارتەکە بەڕێوە دەبەن و دەستەی دامەزرێنەرن 100 کەس دەبن.

ئۆرهان ئۆغورلوئۆغلو نووسەری دیاری ڕۆژنامەی (یەنی چاغ)ی تورکی کە ئەو ڕۆژنامەیە لە ئەحمەد داودئۆغلووەوە نزیکە، دوێنێ دووشەممە 2019/2/2 وتارێکی بڵاو کردووەتەوە و ئاشکرای دەکات کە لە 16ی ئەم مانگەدا داودئۆغلو پارتە تازەکەی ڕادەگەیەنێت.

نووسەر ئاماژەی بەوەش داوە، پڕۆگرامی پارت و پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکە کۆتایی پێهاتووە، ئەمەش دوای ئەوەی داودئۆغلو لەگەڵ تیمەکەیدا لە هوتێلێکدا 2 ڕۆژ کاریان لەسەر کردووە و گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکەیان.

ئەو نووسەرە ئاماژە دەدات، کە لە 16ی ئەم مانگەدا سەرۆکی پارت و جێگری سەرۆکی پارت هەڵدەبژێردرێن، هەروەها ئامانجی داودئۆغلو ئەوەیە کە لە 81 شاری تورکیا بارەگا بکاتەوە و چالاکی ئەنجام بدات، بۆ ئەمەشیان کاری جیدی و باش کراوە. هەر بە گوێرەی زانیارییەکانی ئۆرهان ئۆغورلوئۆغلو، لۆگۆ و ناوی پارتەکەیان هەر لە 16 مانگدا بۆ ڕای گشتی تورکیا ڕادەگەیەنن، هەروەها هەر لەو ڕێکەوتەدا لە وەزارەتی ناوخۆی تورکیاوە بە فەرمی ناوی پارتەکەیان تۆمار دەکەن.



کۆربین: پارتی کرێکارانی بەریتانیا هەناردەی چەک بۆ سعودیە ڕادەگرێت

دەنگی ئەمەریکا: ڕابەری پارتی کرێکارانی بەریتانیا جێرێمی کۆربین وتی ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەم مانگەدا سەرکەوتوو بێت ئەوا فرۆشتنی چەک بە سعودیە ڕادەگرێت بەتایبەتی ئەوانەی کە لە یەمەن بەکاردەهێنرێن. کۆربین لە لێدوانێکی کە باسی لە سیاسەتەکانی دەرەوەی پارتەکەی دەکرد گوتی: پارتی کرێکاران فرۆشتنی ئەو چەکانە بە سعودیە ڕادەگرێت کە لە شەڕی یەمەندا بەکاردەهێنرێن و کار دەکات بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی یەمەن.

لە لێدوانێکیدا لە شاری یۆرک لە باکووری ئینگلتەرا کۆربین ڕایگەیاند: سیاسەتی نێودەوڵەتی پارتی کرێکاران دامەزراندنی سندوقێک لە خۆدەگرێت بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵگیرسانی مللانێکان و بڕی 513 ملیۆن دۆلار دەخاتە وەبەرهێنانەوە بۆ بەهێزکردنی توانا دیبلۆماسی و زیادکردنی چاودێرییەکان لەسەر هەناردەی چەک، ئەمەش بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە لەوەی بەشدار نەبین لە زیادکردنی مللانێکان وەکو چۆن ئێستا لە یەمەن و ئیسرائیل و ناوچە فەڵەستینییەکان هەیە.



لە پایتەختی بەلجیکا ئێلەگ زەردەکان وەک پالپشتییەک بۆ هاوتا فەرەنسییەکانیان، خۆپیشاندا.

نوێنەری بارەگای بارزانی لە نێو پرۆژەیەکی نەتەوەییدا رەوەندی کورد لە تاراوگە یەکدەخات

تاهیر هەورامی: ئامانج و هەنگاوی سەرەکی ئێمە یەکڕیزیی ڕەوەندی کوردە لە تاراوگە



ساسان دەرویش-هۆڵەندا :

ڕەوەندی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ، هەمیشە سەرمایەیەکی گەورەی بەهێزی پشتیوانیکردن بوون لە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی کوردستان، بارزانیی نەمر لە پاڵ شۆڕشە مەزن و پیرۆزەکەی ئەیلوولدا چەندان قوتابی کوردی ڕەوانەی دەرەوە کرد بەمەبەستی ئەوەی بخوێنن و هەریەکەیان بینە باڵێوزی کورد بۆ گەیاندنی دەنگ و سەدای شۆڕش بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەداهاتووشدا بتوانن بە بڕوانامەکانیان خزمەتی کورد و کوردستان بکەن، لە سااڵنی حەفتاکانیش بەدواوە بەهۆی بارودۆخەکانی کوردستان تاکو ئێستا چەند ملیۆنێک کورد لە تاراوگە نیشتەجێن و بوونیان هەیە لەنێو کۆمەڵگە بیانییەکان و بەهەوڵەکانی خۆشیان توانیویانە دەنگ و ڕەنگی کوردبن و داکۆکیکاری دۆزی ڕەوای کوردستان بن لە چوار چێوەی ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی کە هەیان بووە، میژوویەکی جوان و ڕەنگدانەوەیی باشیان هەبووە لە ناساندنی ناسنامەی کورد لەکار و چااکییە بەردەوامەکانیان، بەاڵم ئەو هەموو هێز و توانایە لە نەوەی نوێ و خوێنی تازەپێگەیشتووی کورد نەتوانراوە کۆبکرێتەوە لەژێر یەک چەتردا. ڕەنگە لێرە و لەوێ ئەم هەوڵە درابێ ، بەاڵم نەگەیشتۆتە ئامانج ، ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانیش زەنگێکی مەترسی بوو بۆ کورد کە دەبێت لە ئاست مانەوەی خۆی یەکگرتوو یەک هەڵوێست بێت تا بەگەیشتن بەئامانج، سەرۆک بارزانی وەک هەمیشە خەمخۆری ڕاستەقینەی گەلی کورد و مەرجەعییەت لە هەوڵێکی بۆ ئەم پرسە بارەگای بارزانی بەشێکی تایبەتی بە ڕەوەندی کورد کردەوە.

پرۆژەیەکی نەتەوەیی

دڵسۆزی و خەمخۆری سەرۆک بارزانی و سەلماندنی وەک پێشمەرگەو ڕابەرێکی نەتەوەیی ڕۆڵی گرنگ و پرهەستیاری هەبووە لە داکۆکیکردنی پرسی نیشتیمانی و نەتەوەیی بەهۆی ئەو پێگە بەهێزەی کە هەیەتی لەنێو میللەتەکەی خۆی و کاری سیاسی و بەردەوامی، بەهەمان شێوەش لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە تاراوگەش هێزێکی لەبننەهاتووی کورد هەبێ بۆ پشتگیریکردنی کوردستان و لەژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوە کە کاریگەرییان هەبێت بۆ بەرگریکردن لە کوردستان. بۆ ئەو مەبەستەش تاهیر هەورامی ڕاسپێردراوە وەک بەرپرسی دۆسیەی ڕەوەندی کورد لە بارەگای بارزانی و ناردنی بۆ نێو ڕەوەندی کورد لە تاراوگە، وەک پەیامێکی نەتەوەیی بۆ ڕەوەندی کورد لەژێر یەک چەتر خۆیان و تەنها هاوکاری و پاڵپشتیان دەبن، کە ئەوەش لە سەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانییە.

لە داهاتوودا هەموویان دەبنە خاوەنی ئەم پرۆژەیە

لە میانەی دواکۆبوونەوەی لە شاری ئامسفۆرت لە هۆڵەندا بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی یەکخستنەوەی ڕەوەندی کورد لە تاراوگە، تاهیر هەورامی بۆ خەبات گوتی: ئێمە بەناوی بەشی ڕەوەندی کورد لە بارەگای بارزانی هاتووین بۆ سەردانی ڕەوەندی کورد لە تاراوگە بەگشتی و لەشار و وڵاتانی جیاوازی ئەوروپا ، سااڵوی سەرۆک بارزانیمان پێ ڕاگەیاندن کە بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزش ئێمەیان ڕاسپاردووە کە خزمەتیان بکەین و لە نزیکەوە لەگەڵیان کۆببینەوە و بزانین ڕەوەندی کورد لە چ بارودۆخێک دایە و پێویستی و داواکارییەکانیان چییە و بیروبۆچوونەکانیان وەربگرین و بتوانین چۆن هاوکار و پشتیوانیان بین بۆ ئەو ئامانج و پێشنیارانەی کە دەیکەن، ئامانج و هەنگاوی سەرەکی ئێمەش یەکڕیزی ڕەوەندی کوردە لە تاراوگە وەک ڕەوەندەکانی تری نێو کۆمەڵگەکان لەژێر یەک دروشم و چەتری نیشتیمانی و نەتەوەیی کە ئااڵی کوردستانە کۆبکرێتەوە. هەروەها خەبات و بزاڤی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی تیایدا دەژین بەڕێوەبەرن، پەیامی ئێمەش پەیامێکی نەتەوەییە بۆ نوێنەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕەوەندی کورد لە تاراوگە کە لە داهاتوودا هەموویان دەبنە خاوەنی ئەم پرۆژەیە و ئەم هەنگاوە پیرۆزە.

هەروەها لەمیانەی کۆبوونەوەی شاری ئامسفۆرت لە هۆڵەندا کەژاڵ دەروێش کە چاالکوانێکی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنییە لە تاراوگەو هاوکات یاوەری کۆبوونەوەکانی تاهیر هەورامی بووە بۆ خەبات گوتی: لەم پرسە پیرۆزەی یەکخستنی هێز و تواناکانی ڕەوەندی کورد لە ژێرەک چەتر و ئااڵی کوردستان کە خۆشبەختانە دڵسۆزانی کورد لە پێشوازییەکی گەرمی ئەم پەیامەی سەرۆک بارزانیدا بوون و بە گەرموگوڕی بەشداری گفتوگۆکراوەکانیان کرد و بەپێشنیارو سەرنج و ئەزموونەکانیان پرۆژەکەیان دەوڵەمەندکرد کە لە داهاتوودا لە نێو چوارچیوەیەکی فەرمیدا کارەکانیان بەڕێوەدەبەن و کاریگەریی باشیان لە سەر ڕووداوەکان دەبێت.

گەیاندنی ئەم پەیامە نەتەوەییە. لە چەند کۆبوونەوەیەکدا کە کۆمەڵێک لە کەسایەتی و نوێنەرانی زۆرێک لە کۆمەڵە و ڕێکخراو و فیدراسیۆنە کوردییەکان و بەشێکی بەرچاو لە نوێنەرانی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشداربوون بۆ دەستپێکی یەکەم هەنگاوی کۆکردنەوە و یەکخستنەوەی ڕەوەندی کورد ئەنجام دران و تاهیر هەورامی هاتن و پەیامەکەی دەگەیاندە ئامادەبووان و هەروەها لەکۆبوونەوەکاندا لە گفتوگۆیەکی کراوەدا بیروڕاکان تاوتوێ دەکران. هەورامی ئاماژەی بەوەشدا کە ڕەوەندی خۆیان بڕیار لە خۆیان دەدەن لە چوار چێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و ئەوان ئەو پشتیوانییەی کە هەمیشە بە خۆبەخشانە و لێبوردووانە کردوویانە و بەردەوام بوون لە پێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەیان، بەرپرسانی ئەم هەنگاوە بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆیان دەزانن بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە ببێتە هەنگاوێکی بەردەوام و بەهێز و ئەم پرۆژەیە ببێتە پرۆژەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام بۆ هەموو ڕەوەندی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە هەموو شوێنێکی جیهان.

پێشوازیکردنی ڕەوەندی کورد لە پرۆژەنەتەوەییەکە

بۆ هەمان مەبەست و ڕاسپاردەکانی سەرۆک بارزانی، تاهیر هەورامی بەیاوەری کەژاڵ دەروێش و چەند هەڤاڵێکی دڵسۆز لە چەند هەفتەی ڕابردوودا لە چەندان وڵاتی ج ئەوروپادا لە نێو ڕەوەندی کوردا بۆ بەرپرسی دۆسیەی ڕەوەندی کورد لە بارەگای بارزانی و ناردنی بۆ نێو ڕەوەندی کورد لە تاراوگە، وەک پەیامێکی نەتەوەیی بۆ ڕەوەندی کورد لەژێر یەک چەتر خۆیان کۆبکەنەوە بۆ بەهێزبوونیان و بەهێزکردنی پرۆژەکە و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.



عێراقی دوای عادل عەبدولمەهدی بەرەو کوێ؟




شێخ ستار عەولانی

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخی عێراق هەڵبدەینەوە و بەوردی و بەشێوەیەکی شیکارییانە لێیان ورد بینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن سەرەتای دروستبوونی یاخود دیاریکردنی نەخشەی وڵاتێک بەناوی عێراق لەسەر ئاستی ملمالنێ لە الیەک لەالیەکی ترەوە چاوتێبڕینی سەروەت و سامانە نەوتی و سروشتییەکانی بووە کە وەک دەسپێکیش زلهێزەکان هەمیشە جلەوی دەسەاڵتی عێراقیان لەدەستدا بووە و نەیانهێشتووە سەر بەخۆیانە و لەناو خودی بڕیاربەدەستەکانی خۆیدا نەخشەڕێگەی خۆی دیاری بکات، بۆیە لەم تێڕوانینەوە هەمیشە لە گێژاوی ملمالنێ دەرەکییەکاندا سووڕاوەتەوە، لەالیەکی دیکەشەوە مەسەلەی تائیفەگەری مەزهەبگەری و کێشمەکێش و ناکۆکییەکان لەنێوان ئەم پێکهاتانەدا هەمیشە عێراقی ناتەندروست کردووە، نەیتوانیوە نەک هەر سەرێتی خۆی بکەوێت، بەڵکو زۆرجاریش بووەتە خۆراکی دەستی دەرەکی بە تایبەت وڵاتانی ئیقلیمی بەدیاریکراوی ئێران، ئەویش لە ڕوانگەی ملمالنێی دێرزەمانەی هەردوو مەزهەبی سیعە و سوننە زۆرجاریش عێراق و سەرکردەکانی بوونەتە دەستکەاڵی ئەموئەو تەنها لەبەرخاتری مانەوەی خۆیان لە حوکمی دەسەاڵت نەک لەبەر عێراق و گەلی عێراق، بۆیە دەبێت لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەمیشە و قۆناغ بە قۆناغ عێراق بەمجۆرە گوزەری کردووە و کودەتا و پیالن لە دژی یەکتر بەشێک بووە لە میژووی سیاسیی عێراق، لە الیەکی تر و قەزییەی کورد لە چواچێوەی میژووییکی پڕ کارەسات و خوێناوی گوزەری کردووە و لە هەموو ئەو قۆناغانەی گەر گۆڕانکارییەک ڕووی دابێت بۆ ماوەکی کەم جۆرێک لە بێدەنگی هەبووە، بەاڵم هەر زوو بۆ جارێکی دیکە دژایەتیکردن و هەوڵی نەهێشتنی گەلی کورد سەریهەڵداوەتەوە و هەندێکجاریش ئەگەر هەندێک لە سەرکردەکانی عەرەب تێڕوانینێکی جیاواز لەوانی تریان هەبووبێت بەرانبەر قەزیەی کورد، بەاڵیەنە ئیجابییەکەیدا ئەوا نەک نەیانهێشتووە، بەڵکو هەر زوو هەوڵی ئەویانداوە ئەو تێڕوانییە ئاوەژوو بکەنەوە و ئەگەر بۆشیان نەکرابێت ئەوا ڕێگەی تریان هەڵبژاردووە، نموونەشمان کاتێک عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم، جۆرێک تێڕوانین و بیرکردنەوەی لەوانی تر جیاوازبوو، بەوەی دەیویست هەنگاوی کردەیی لە بەرانبەر کورد و کێشە ڕەواکەی بنێت ، هەر بۆ ئەوەش بوو پەیوەندی باش و بەهێزی لەگەڵ بارزانیی نەمر دروستکرد و قەزیەی کوردیش پێی نایە قۆناغێکی باش و دەرکەوتەی کاملبوونی پێوە دیار بوو ، بەاڵم ئەمەش زۆری نەخایاند و عەرەبە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستەکان کەوتنە پیالنگێڕی و ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە بە جۆرێک هەوڵیاندا ڕاوبۆچوونەکانی قاسم بگۆڕن و ڕایکێشن بۆ نێو دژایەتیکردنی گەلی کورد کە ئەنجامەکەشی وای لێ هات بە زەرەری قاسم و تێکچوونی بارودۆخەکە کۆتایی هات، بە ڕای من، ئەوجۆرە میژووە لە عێراقدا زۆرجار دووبار دەبێتەوە، بەاڵم بۆ هەر قۆناغ و بارودۆخێک جیاوازتر بەتایبەت هەر سەرکردەیەک لە سەرکردەکانی عەرەب پەیوەندی لەگەڵ گەلی کورد باش بووبێت، ڕیگری لێ کراوە و نەیانهێشتووە و نیشاندانی جۆرێک لە ملمالنێی سیاسی نیوان خۆی و ئەویش جۆرێک بووە لە پاشقۆڵ لێدانی یەکتر دوای عێراق پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و گەلی کورد و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیش شانیاندایە بەر ڕاستکردنەوە و ئامادەکاری بۆ نووسینەوەی دەستوور و ڕاستەڕێکردنی عێراق تاوەکو کاروبارەکان لەچوارچێوەی ئەو دەستوورەدا کە کورد ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، لە نووسینەوەیدا، لە الیەکی تر یارمەتیدان و هاوکاریکردنی عێراق لەڕووی سەربازییەوە بۆ تێکشکاندنی هەموو ئەو تاقم و دەستە و گرووپە تیرۆریستییانەی لە ناوچەکەدا هەبوون بە تایبەت تیرۆریستانی داعش و تێکشکاندنیان لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەمانە و دەیان کار و جۆڵەی دیبلۆماسی تەنها و تەنها بۆ ڕاستکردنەوەی باریی عێراق و هەوڵدان بۆ فەراهەمکردنی کەشێکی دیموکراسی لەناوچەکە هەموو عێراقییەکان تیایدا بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە توندوتیژی و ڤیرانکاری کۆتایی پێ بێت، بەاڵم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەالیەن هەندێک لە دەسەاڵتدارانی عێراق بەر دەوامبوون لە دژایەتیکردنی گەلی کورد و هەمیشە لە هەوڵی تێکدانی باری ئارامی عێراقدا، بوون نموونەشمان مالیکی کە دەستی برد بۆ قووتی خەڵکی کوردستان، عەبادی بە هەڕەشە و هێرشی سەربازی گەمارۆی ئابووری ئەمانە و هەموو ئەم ئەفکار و کردەوانە تەنها دژ بە گەلی کورد نەبووە، بەڵکوو دژایەتی گەلی عێراق بە گشتیی بووە هەوڵی نانەوەی شەڕ و خوێنڕشتنیان داوە، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە کەشێکی نائارام لە عێراقدا بخوڵقێنن، بەکردەییش کردیان، ئەمەش بەڕای من، خوڵقاندنی ئەو جۆرە ئاژاوەگێڕییە، دروستکردنی ئەو ژینگە نائارامە بۆ درێژەدان بە گەندەڵی و بە هەدەردانی سەروەت و سامانی عێراق و درێژەدانیان بە گەندەڵی دوای ئەوەش هاتنی عادل عەبدولمەهدی بەڕای من و لە ئەنجامی خوێندنەوەم بۆ بارودۆخەکان، هەروەها بۆ هەر یەک لەو سەرکردانەی عێراق و تێڕوانینی تایبەتیم بۆ عەبدولمەهدی دەیویست لە چوارچێوەی دەستووردا کار بکات و دەیویست هەموو پێکهاتەکان لێکنزیک بکاتەوە و حەق و مافی هەموو عێراقییەک بەپێی ئەو دەستوورە بدات، دەیویست عێراق بنیاتبنێتەوە و هەروەها چوار چێوەی دەستووردا دەیویست گەلی کوردیش فەرامۆش نەکات و حەق و مافەکانی لەچواچێوەی دەستووردا دەستەبەر بکات.

سیاسەت و ستراتیژیەتی عەبدولمەهدی زۆر ژیرانە و بۆیرانە بوو، بەاڵم میژوو دوبارە دەبێتەوە کاتێک باسی قاسم دەکەین بۆچوونەکانی ئەو پیاوەمان دێتەوە یاد و بەرچاو و دەمانگێڕێتەوە قۆناغی ئێستای دوای دەیان سااڵن، عەبدولمەهدی هەمان ئەنجامی قاسمی بەدەستهێنا ، بەاڵم بە جۆرێک کودەتای جیاواز لە کودەتای ئەوسا ، چونکە بارودۆخی ئێستای دنیا وای لێهاتووە و ئەو جۆرە کودەتایەی ئەوسا قبوڵ ناکرێت، کودەتای ئێستا هەمان کودەتایە ، بەاڵم بە ڕەنگ و نمایشێکی جیاواز، بۆیە بەڕای من لێرەوە عێراق پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکەی زۆر جیاواز لە پێشوو، بۆیە دەبێت گەلی کورد بە هەموو حزب و الیەنە سیاسییەکان و بەهەموو بیروبۆچونە جیاوازەکان خۆیان ڕێکبخەن و یەک سەنگەر و یەک گوتار و یەک گفتار بن بۆ ئایندەو لە پێناو پاراستنی هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و وازهێنان لە پەرتەوازەیی.

ئەو هەنگاوانەی ڕێزدار جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو جوڵە دیبلۆماسی و سیاسییەی و هەروەها هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار جەنابی کاک مەسرور بارزانی کە سەرەتاکەی لە تورکیاوە دەرکەوت، هەنگاوی باش و ئیجابین و پێویستی بە پشتگیرییە ، خوێندنەوەم وایەو واشی دەبینم ئایندەی عێراق ئاڵۆزە و نابێ بە سادەیی تەماشای ڕووداوەکان بکەین، کودەتا بەسەر عادل عەبدولمەهدیدا بەشێکەو سەرەتایەکە بۆ دووبارە گۆڕینی دەستووری عێراق و پەراوێزخستنی گەلی کورد، بۆیە ئەگەر خۆمان یەکگرتوو نەبین ئەوا هەموومان زەرەرمەند دەبین، بەاڵم خۆشبەختانە هەنگاوە سەرەتاکان ئامااژەن بۆ یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی.

سەربەست تروانشی دگەل نوژدارێن دەرمانساز جڤایا



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ دگەل نوژدارێن دەرمانساز یێن سەنتەرێ پاریزگەها دهۆکێ کۆمبوو، ئەڤەو دڤێ کۆمبوونێ دا بەرپرسێ لقێ سوپاسیا ئامادەبوونا وان کر و تەکەز لسەر چەند خالێن گرێدای ب رەوشا تەندروستیا پاریزگەها دهوکێ و ڕولێ نوژداران د خزمەتکرنا خەلکی دا بەرچاڤ کر و گوت : ڕوحا مروڤان یا د دەستێن نوژداران دا و دڤێت ئەڤ ڕوحە کا چەوا خودێ ب جوانی دایە هەروسا ژی بجوانی بێهێتە پاراستن و دڤێت ب جدی لسەر دەرمانێن ئێکسپایر و سەختە و نرخێ وان ب ڕاوەستین، هەر ئێک ژ مە د هەر سێکتەرەکێ کاری دابیت دڤێت هەولا پاراستنا جوانی و ئارامی و خوەشگوزەرانیا وەلاتیان بکەت چونکی مە قوربانییێن مەزن پێشکێش کرینە و گەلەک عەزیزان ڕوحا خوە کریە قوربان دا کو ئەڤڕۆ هەبیت و هەمی هەولێن مە ئەو بن ژ بۆ زالبوون لسەر وان کێم و کاسیێن د کەڤنە پێشیا مە دا، پاشی بەرپرسێ لقێ گوهداریا داخواز و پێشنیارێن نوژدارێن دەرمانساز بوو ژ بۆ پێشڤەبرنا قی کەرتی. ئامادەبوویان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ لەدرێژی هەولە بەردەوامەکانیدا بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەکێشەو گیروگرفتی هاوڵاتیانی سنوورەکە و لەهەولێکی سەرکەوتووی ئاشتەواییدا , بەئامادەبوونی بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق و محەمەد ئاغای هەرکی سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی و مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتی و ڕیش سپیان و خەڵکی گوندی کانی قرژاڵە، بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە لەلایەن بەڕێوەبەر و یاریدەدەری قوتابخانەی گوندی کانی قرژاڵە، بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە بڕیاریدا بە قیرتاوکردنی ڕێگای قوتابخانەکەو کارئاسانیکردن بۆ هاتوچۆی قوتابیان.


هێڵی گەرم بۆ بەهاناوەچوونی هاوواڵتییان لە ئەگەری لافاو ڕاگەیەنرا

خەبات ـ سەبریە یوسف:

لەلایەن بەرگری شارستانی گەرمیانەوە هێڵی گەرمی 115 بەهاوڵاتیان ئاشنا دەکرێت بۆ ئەوەی لەئەگەری هەر حاڵەتێکی لافاو تیمەکانی بەرگری شارستانی گەرمیان بچنە بەهانای هاووڵاتییانەوە.

ئیبراهیم محەمەد، بەرپرسی بنکەی ئاگرکوژێنەوەی کەلار بەخەباتی ڕاگەیاند بۆ بەهاناوەچوونی هاوڵاتیان لەکاتی کۆبوونەوەی ئاوی باران و لافاو هاووڵاتییان،هێڵی گەرمی 115مان بەردەستە و هاووڵاتییان دەتوانن بێ بەرامبەر پەیوەندیمان پێوەبکەن. گوتیشی، تیمەکانی بەرگری شارستانی گەرمیان و کەلار شەو و ڕۆژ لە ئامادەباشیدان بۆ هەر ئەگەرێکی ڕووداتی لافاو یان هەر ڕووداوێکی نەخوازراو.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ کونسوڵی کۆریای باشوور چەند پرسێک تاوتوێ دەکەن



لە دیوانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە چۆی کوانژین کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەریی کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا هەماهەنگی و پەرەپێدانی هاوکاری نێوان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و کۆریای باشوور تاوتوێ کرا، جەخت لە فراوانکردنی پەیوەندییەکانیش کرایەوە، بە تایبەتی لە پرسی گەشتوگوزار و شوێنەوارەکانی کوردستان زیاتر بە کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە کرا کە ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی گرنگی خزمەتگوزارییە بۆ دابینکردنی ئاوی هەڵەبجە. دواتر کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور سەردانی توانا مرۆییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری کرد بەمەبەستی هەماهەنگی لە بواری تەکنەلۆژیا و توانا مرۆییەکان.



کە تەوەرێکی کۆبوونەوەکە بوون، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لەم ڕووەوە هەماهەنگی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولای بە گرنگ و پێویست لەقەڵەمدا.

لای خۆیەوە چۆی کوانژین کونسوڵی کۆریای باشوور ئەو پەیوندی و هەماهەنگییانەی بە گرنگ وەسف کرد و سەرسامی خۆیشی بە سروشتی جوانی کوردستان و شوێنە گەشتیاریی و شوێنەوارییەکان دەربڕی، ئامادەیی خۆی و کونسوڵخانەی وڵاتەکەی بۆ هەماهەنگی و بایەخدانی بەردەوام بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتان و چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان هاوکات سوپاسی گەرمی هەرمو ئەو کەسانە کرد کە ڕۆڵیان هەبوو لەنزیککردنەوەی هەردوو خانەوادە لەیەکتری و چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان ,هەروەها ئاماژەی بەگرنگی ڕێکەوتنی نێوانیاندا

لقی 16: کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان دوو بنەماڵەی عەشیرەتی هەرکی چارەسەر کرا

ژمارەیەک لەئەندامانی هەردوو خانەوادەکە کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان هەردوو بنەماڵەی تیرەی هاجیە سۆرێتی عەشیرەتی هەرکی تاهیر جەوهەر هەرکی و جەعفەر خانمیر هەرکی هات .

لەدەسپێکی دانیشتنی ئاشتەواییەکەدا بڵند ئیسماعیل وێڕای پێزانینی زۆری بۆ هەردوو خانەوادەی ناوبراو بۆ بەدەنگەوە هاتنیان و چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان هاوکات سوپاسی گەرمی هەرمو ئەو کەسانە کرد کە ڕۆڵیان هەبوو لەنزیککردنەوەی هەردوو خانەوادە لەیەکتری و چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان ,هەروەها ئاماژەی بەگرنگی ڕێکەوتنی نێوانیاندا کە لەسایەبدا ئەندامانی هەردوو خانەوادەکە دەست دەکەنەوە بەژیانێکی ئاسایی خۆیان بۆیە داواکارین هەردوولا پابەندی ڕێکەوتنی نێوانیان بن و کۆتایی بەو کێشەیە بێنن کەزیانی زۆری بۆ هەردوو خانەوادە بەتایبەتی و خەڵکانی دەوروبەریان بەگشتی دەبێت .

بەر لەکۆتایی دانیشتنی ئاشتەواییەکە هەردوو خانەوادەی جەعفەر خانمیر هەرکی و تاهیر جەوهەر هەرکی واژوویان لەسەر دەقی ڕێککەوتننامەی نێوانیان کردوو سوپاس و پێزانینی خۆشیان ئاراستەی لقی 16ی هەولێرو مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتی و تەواوی ئەو کەسانە کرد کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵی نێوەندگیری و چارەسەر کردنی کێشەکەیانیاندا و بەڵێنیاندا کەپابەندی تەواوی ڕێکەوتنی نێوانیان دەبن و ڕێگە نادەن جارێکی دیکە کێشەی لەو جۆرە لەنێوانیاندا دووبارە ببێتەوە.

وەزیری ئاوەدانکردنەوە بەدواداچوون بۆ چاککردنەوەی ڕێگای گوندی ئەسحابەلەک و هەولێر ـ خەبات دەکات



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

ئەندازیار دانا عەبدولکەریم حەمەسالح، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن لە چوارچێوەی بەدواداچون و بەسەرکردنەوەی مەیدانی پرۆژەکانی وەزارەت، پرۆژەی چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی ئەسحابەلەکی لە سنوری ناحیەی شەمامکی سەر بە هەولێر بەسەرکردەوە. وەزیری ئاوەدانکردنەوە لەسەردانەکەیدا، گوێی لە سەرنج و داواکاری دانیشتوانی گوندەکە گرت و بەڵێنیدا بە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتی ڕێگاوبانی گوندەکەیان.

هاوکات لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ئەندازیار دانا عەبدولکەریم ڕایگەیاند: لەسەر داوای خەڵکی گوندەکە سەردانی ناوچەکەمان کردوە بۆ بەسەرکردنەوەی پرۆژەی ڕێگای گوندی ئەسحابەلەک و بەدواداچون و لەنزیکەوە ئاگادارین لە چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆژەکە.

هەر لە چوارچێوەی بەدواداچوونەکانیدا بۆ پرۆژەکە، وەزیری ئاوەدانکردنەوە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی هەولێری کرد و بڕیاری دا کو لە ماوەی دوو هەفتەدا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە و بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک و بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی دهۆک ئەنجام بدرێت.

تەندروستی هەرێم و بەغدا چەند پرسێک تاوتوێ دەکەن



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

شاندێکی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی عێراق بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێک لە هەولێر لە کۆبوونەوەدان.

بەپێی زانیارییەکان لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەو کێشە و گرفتە دەکرێت کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی کەرتی تەندروستی دەبنەوە. بەگوێرەی زانیاریەکان لە کۆبوونەوەی تەندروستی هەرێمی کوردستان و تەندروستی عێراق باس لە گرفتەکانی دەرمان و پزیشک و کارمەدان و کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان و ڕەوشی پەنابەران و گرنگی پێدانیان لە ڕووی تەندروستییەوە دەکەن .

چارەسەری بریندارانی خۆپیشاندانەکانی لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەیە. ئەمە لەکاتێکدایە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ پێشوازیکردن لە بریندارانی خۆپیشاندانەکانی عێراق.

گازا سپی ل سەر ئاوارێن کەمپا داودێ دێ هێتە بەلافکرن

خەبات ـ دهوک

سالم سەعید بەرپرسێ ڕاگەهاندنێ ل بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی دیارکر کو بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی BRHA ب هەڤکاری دگەل وەزارەتا کوچ وکوچبەرێن عیراقێ-12-3 2019 دێ دەست ب بەلافکرنا گازا سپی ل سەر ئاوارێن کەمپا ل سنورێ پاریزگەها دهوکێ کەت و ل دەست پێکێ گازا سپی لسەر ئاوارێن کەمپا داودێ ل سنورێ ناحیا بامەرنێ دێ هێتە بەلافکرن چونکو ئەو جهـ دەڤەرەکا چیایی یا سارە وپشتی هنگی گاز ل سەر ئاوارێن کەمپێن زاخو وجهێن دی دێ هێتە بەلافکرن وبو هەر خێزانەکێ 50 لیتر دێ هێنە دان و ڕونشتڤانێن17 کەمپان ل سنورێ پاریزگەهێ دێ مفادارین. هەروەسا گوت: ژبلی بەلافکرنا گازا سپی بوردێ کاروبارێن مروڤایەتی BRHA ب هەڤکاری دگەل وەزارەتا کوچ وکوچبەرێن عیراقێ دەست بەلافکرنا سەلکێن ئاهێن خارنێ ل سەر ڕونشتڤانێن 17کەمپێن ئاوارەیان کریە هەروەسا ب هەڤکاری دگەل ڕێکخراوا UNHCR دەست ب چێکرنا 650 مترێن ڕێکا سەرەکی یا کەمپا خانکێ ل قەزا سێمێلێ کریە بو وێ یەکێ هاتن وچونا گشتی بهێتە خوشکرن.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەرێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو حاجی خالید حاجی مەلا وسو گرتکی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دۆڵی ڕۆستێ حاجی خالید حاجی مەلا وسو گرتکی ـ مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە دڵنەوایی و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەرێز نەوزاد قادر عەلی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی کوڕی جوانەمەرگتان کاکە دەوران-مان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی خۆمان بۆ بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

پرۆژەی هاوبەشی نێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی ئەمەریکی لەبەیروت و زانکۆی USLی بەریتانی



پ.د.ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین پێشوازی لەشاندێکی زانکۆی ئەمریکی لەبەیروت کرد، کە پێکهاتبوو لە پ.د.ژاڵە مەخزوومی و د.نەجمە فیکی، لە سەرەتادا سەرۆکی زانکۆ کورتەیەکی میژوویی سەبارەت بەزانکۆی سەلاحەدین و شاری هەولێر پێشکەشکرد و جەختی لەو چالاکییانە کردەوە کە پێویستن بۆ ئەمڕۆی زانکۆ و چۆنیەتی بەرەو پێشچوونی ئاستی زانستی لەزانکۆدا، لەپاشاندا باسی پرۆژەی هاوبەشی نێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی ئەمریکی لەبەیروت و زانکۆی USLی بەریتانی، ئەمەو هەر سێ زانکۆ تویژینەوەیەک ئەنجام دەدەن سەبارەت بە شوێنەواری شارستانیەت و ئەو کاریگەریانەی کاتێک ئاوارەکان ڕوو لەو شوێنانە دەکەن، لەو نێوەندەدا پرسیاری ئەوە دەکرێ ئایا هاتنی ئەو ئاوارانە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ئەو شوێنەوارانە، بەتایبەت ئەو ئاوارانەی لەدوای شەڕ ڕوو لەشوێنەکانی دیکە دەکەن، هەر لەنێوەندی ئەو دانیشتنەدا باس لەچەندین پرۆژە کرا تا لەداهاتوودا چەندین کار و چالاکی بەیەکەوە ئەنجام بدەن.

تۆێژینەوەیەکی تایبەت بە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

فیمینزم چییە، ئافرەتان چییان دەوێت و چی بە شایستەی خۆیان دەزانن..؟





ئا: سەردار حوسێن

ئەم باسە تایبەتییە، سەبارەت بە بیردۆزەی ژنانە لەبارەی پرسیارێکی چڕ و تۆکمە، کە ئایا ئافرەت چی دەوێت وەک شایستیەک بۆ خۆی؟ ئایا دەتوانرێت ئەوەی بیرمەند و چالاکوانە ئافرەتەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەمینەوە بەرهەمیان هێناوە، وەک پێناسەیەک لە چوارچێوەی ئەو مافەدا باس بکرێت؟ بەو پێیەی کە بیردۆزێک یان چەند بیردۆزێکی سیاسین؟ ئەگەر لەسەر ئەوە رێککەوتین ئەو بنەما ئەبستمۆلۆژییە چییە، کە ئەو بیرمەندانە بیردۆزەکانیان لەسەر بیناکردووە، ئایا دەتوانین بڵێین پاشکۆیەتی و تۆندوتیژی وای لە (بیرمەندەکانیان) کردووە، کارە هزریی و چالاکییەکانیان لەسەری بینا بکەن؟ چۆن دەتوانین لەسەر وەڵامی ئەو پرسیارانە بنەمایەک دابنێین؟ یاخود ئەو داواکارییەمان بێتەدی؟ بەڵام لێرەدا پێویستە بپرسین: (پاشکۆیەتی) هۆکارەکانی چین؟ ئایا ئەو پرسە جیاوازی بایۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی یان مێژوویی یان شتی تر؟ ئایا چۆن گوزارشت لەو هەموو هزر و بیردۆزە سیاسییە جاوازە کراوە؟ هەروەها هەڵوێستی ئافرەتان لەمجۆرە ئاراستانە چین و چۆن گوزارشت لەو بیرکردنەوەو بیردۆزە ژنانە دەکەن؟ ئایا دیارترین ئاراستەو پێشڤەچوونەکان چین کەبەسەر هزری ئافرەتدا هاتوون؟

2 کۆتایی

ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان لەو هەوڵانەی دەیدەین بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پێشتر وروژاندوومانەو تایبەتە بە ژێردەستەیی و تۆندوتیژی (ئەگەر ئەم گوزارشتەمان دروست بێت) بەبێ ترس لە ئاسانکردنی ئەو زێدەڕۆییەدا، پێمانوایە شیکردنەوەی کۆتایی هەژمار ناکرێت، بەو پێیەی ئەو گوزارشتە لایەنە سۆزداریەکە زاڵی کردووە لەوەی کە هەست بە نایەکسانی بکەن، لەلایەن ئافرەتانەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەها و شێوازە باوەکانی ژیاندا، لەو کۆمەڵگایانەی شوێنەکەوتەی پەیوەندییە تایبەتەکانی تاکن، لەنیوان ژن و پیاوادا، ئەمەش پێچەوانەی تێڕوانینی ژمارەیەک لەو نووسەرانەیە کە گرنگی بە پرسی یەکسانی کۆمەڵایەتی دەدەن، ڕەنگە دەستەواژەکان لەنێویاندا هەبێت، کە هەندێکیان دان بە بوونی یەکسانیدا نانێن، لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزدا یاخود ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت، کە ئەوەیان شتێکە سرووشت بڕیاری لێداوە، بۆیە هەندێکیان خۆیانی پێوە سەرقاڵ ناکەن، یانیش هەندێکیان پاساویان بۆ ئەو ناهاوسەنگییە هێناوەتەوە، ئەوەیش بەپێی ڕێژەی ئەو داکۆکیکردنەیان لە ریزبەندی خانەوادەیی، کە لەنێوان پیاو و ئافرەتدا هەیە و دواتریش خێزان وا ڕاهێنراوە داوای ئەو یەکسانییە نەکات، هەر ئەوەیشە کە دەبینین لەلای جان جاک ڕۆسۆ لە کتێبی (لیبرالیەت و سنووری یەکسانی) و هەندێک بیرمەندی دیکەی ئەم دواییە وەک نموونەش خێزان لە داواکاری یەکسانیدا جیاکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ژیانی خێزان بەوجۆرە هەژمار دەکرێ کە ناخوازێت یەکسانی هەبێت و پێوەرەکانی یەکسانی لەسەر پیادە ناکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی سۆزداری لەنێوان تاکەکانی خێزاندا، کە ناتوانرێت هاوشێوەی کۆمەڵگایەکی فراوان پرسی یەکسانی بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

یەکسانی بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕووکارێکی ماددی هەیە، ئەوەیش لەژێر ئەو سێبەرەیی کە داهات بەدەگمەن دەتوانرێت هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەیەکسانی لێ سوودمەندبن، بەلەبەرچاوگرتنی سرووشتی ئەو ئەزموونە تایبەتییانەی ژنان و ڕێچکەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مێژووی گشتی و کاریگەریی ئەو شوێنکەوتەییە، کە هەستکردن بە نایەکسانی لەلایەن ئافرەتانەوە دروست کردووە لەلایەک و سرووشتی بەدەنگەوەهاتنی ئەو داواکارییانەش لەلایەکی دیکەوە.

یەکسانی بەپێی ئەو ئاراستەیە، ئەوەیە کە ژنان لە داواکارییەکانیاندا لە ڕێگەی بزووتنەوەکان و بیردۆزەکانیانەوە بەدوایدا دەگەڕێن، بەڵام لەبەرانبەر ئەوەیشدا ئایا ئەو زەحمەتییانەی ژنان لە ڕێگەی بیردۆزەکانیانەوە گوزارشتیان لێکردووەو کردوویانەتە داواکاری خۆیان بەبۆ مافەکانیان لەگەڵ یاوادا، گرنگی و تایبەتمەندی تەواوی خۆی پێدراوە، لەلایەن بیرمەندەکانەوە؟!

ئەمجۆرە پرسیارانە جێگەی گرنگیپێدانی ژمارەیەک لەو ئافرەتانە بوون، بە تایبەتیش ئەوەی وایکرد پاڵ بە susan moiier okin ـەوە بنێت، کە یەکێک بوو لەو بیرمەندە ژنانەی چەندین پرسیار و ئامانجی لە پشتەوەی ئەو جیاکارییەی ژنان لەبارەی یەکسانییەوە، بەپێی دەقە دیموکراسییەکان هێناوەتە ئارا، ئەوەیش لەبواری بنەماکان بێت، یاخود هەڵسوکەوتەکان وەک، دەڵێت : "ئێمە لە قەیرانی یەکسانییەکی سەرەکیدا دەژین، لە کۆمەڵگاکاندا"، ئەگەر هاتوو یەکسانی وەک okin دەڵێت واتای پرسیارکردن لەبارەی چۆنیەتی و چییەتی مامەڵەکردنی خەڵکەوە بێت، کە پێیانوایە هاوشان و یەکسان بەشێوەیەکی جیاواز، هەروەها ئەگەر ئەو بیردۆزانەی لەبارەی یەکسانییەوە بەدوای بارودۆخە ڕەسەنەکەوە دەگەڕێت، ئەوەیش کە بەدەستهاتووە، بتوانێ داڕشتنەوە بۆ مامەڵەکردنێکی هەروەها یەکسانی هاوشان لەگەڵ داواکردنی سەربەستیدا دەبێتە تەوەری ململانێ و تێکۆشانەکان، کە مرۆڤ پێی ئاشنایەو پێوایە دەبێتە هۆی ژیانێکی ئاسوودەو شایستە بە بوونی خۆی وەک مرۆڤ، لێرەدا ژمارەیەک لە واتا (بەیەکسانی) دراون بەپێی شوێنی ئەو ناوەڕۆکەی کە لە چوارچێوەکەیدایە، لە بیرکاری و فیزیادا بە واتای یەکسانی لایەکان و کێشکردنی هێز یەکسان دەکرێن، دواتر ئەوەیان لە لۆژیکەوە بە مانای هەڵگەڕانەوەدا بە هاوشانبوون دێت، جیاواز لەلایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و یاسا و دابونەریت بێنێتەدی، کە هەندێ خەڵک بەدەستیان هێناوەو هەندێکیان نا، کەواتە بۆچی ئەو بیردۆزە سیاسییانەی پێشتر باسمان کرد، چاو دەپۆشێت، لە هاوبەشیکردنی ژنان (ڕەگەزەکەی دیکە) وەک ئەوەی "سیمون دوبوفوار" ناوی دەبات، بە هەمان پلەی گرنگییێدان و پەراوێزخستن بێت، لە گەڕان بەدوای ماف و یەکسانی ژنان لە مامەڵەکردن لەگەڵ پیاواندا، بەڵام یەکسانی لەلایەن خۆیەوە، پێگەیەکی تایبەتمەندی هەیە لە خودی مرۆڤدا، هەروەها کۆمەڵگاش لە کۆنەوە، دەواتە دەتوانین بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەدرێژایی ڕووداوەکانی مێژوو بێنینە کایەوە، بەبێ ئەوەی داواکردنی یەکسانی لە یەکێک لە ناوەڕۆکەکاندا جێگیربێت، ئەوەیش دوای لێکۆڵینەوە لە شێوەیەک لە شێوەکانی هاوڕێکبوون لەنێوان لایەنەکاندا، کە بەپێی بارودۆخ و ڕاستییەکان گوزارست لە دیاریکراوەکان دەکات، ئەوەیش کاریگەری لەسەر بارودۆخی بەرکار دێت و بەندە لەسەر هەڵوێستەکانیان.

یەکسانی لە سیاسەت و کۆمەڵگادا تێگەیشتنێکی ڕێژەییە لە زۆرترین حاڵەتدا، پەیوەستە بە ماف، بەڵام لەچیدا؟ بە واتای چەندایەتی شتەکان و چۆنییەتی ناوەڕۆکی مافەکان و چۆن؟ کە ئەوەی کۆتاییان دەستەبەری (کێ، لەسەر کێ، چی) دێت، هەروەها دەستەبەرکردنی باش جێبەجێکردنی، کە بەدوای چارەسەردا بێت، بەبێ ئەملاو ئەولا.

بیردۆزەکانی یەکسانی لەلایەن خۆیانەوە بۆ ئەوە دێن، کە وەڵامی ئەو پرسیارە هەڵەسێردراوانە بدەنەوە، کە چۆن و لەبەرچی ئەو جیاکارییە لەنێوان تاکەکاندا دەکرێت؟ هەروەها بۆچی بەشێوەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟

هەروەها ئەو فاکتەر و هۆکارانە چین، یاخود بە واتایەکی تر ئەو تایبەتمەندییانە چین، لە بارودۆخە ڕەسەنەکەو بەدەستهاتووەکان، کە دەبنە هۆی داڕتنەوەی ئەو مامەڵەکردنە جیاوازە، جا ئەوەیش لەلایەن دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان یاخود یاساکان یانیش دابونەریت بێت.

هەندێک لەو گروپانە کە لایەنگری ئوسوڵیەتی ماددی و مەعنەوین و لەلایەن سیستەمی ئەو حوکمڕانییە نەبینراوە کە پاڵپشتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا شایستەی نین و نەچوونەتە بواری کارەوە.

زۆربەی ئەوانەیش لە ڕەگەزی ئەو پیاوانەن کە لە چینە بەرزەکانەوە ئاوڕ لە چینی ناوەڕاست دەدەنەوە، لە ئەمەریکای باکوور و ئەوروپای ڕۆژهەلات. Dunn دوو جۆر لەو ئیمتیازانە دەستنیشان دەکات، کە ئەو کۆمەڵەیە هەیانە، یەکەمیان: مافەکان یان سەرپشککردن لە مافەکان Entitlements کە بە کارکردن و مافەکانیان بەدەست نەهاتوون، دووەمیشیان: هەژمونێکی پێبەخشراوە.

یەکەمیان ئاماژەو بەو نەریت و بەهایانە دەکات کە وەکو ماف و شایستەبوون پێی نەدراوەو ئەو کۆمەڵە خۆسەپێنە پێشبڕکێی پێ دەکەن لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەی کە ئەو مافانەیان نییە. بەڵام دووەمیان دەسەڵات دەداتە کۆمەڵێک بەسەر ئەوانی دیکەدا، هەردوو جۆرەکەی ئەو ئیمتیازانەیش دەتوانێت دەست لەناو دەست لە پێناو دروستکردنی ئیمتیازەکانی پیاو و درێژەپێدانیدا لەو کۆمەڵگایانەی ئێمەدا بەدەست بێت کە پێشتر ئاماژەمان پێکردوون.

ئەگەر ئاورێک لە دادپەروەری بدەینەوە بێگومان ئێمە ڕووبەڕووی ئەو پێوەرە ڕێژەییەی تێگەیشتن دەبینەوە، کە وەها باسی لێوە دەکرێت لە ئاسمانی فیکردا دابەزیبێتە سەر زەوی و لە ئەرزی واقیعدا بجوولێتەوە، بەجۆرێک کە دەتوانرێت حوکمی لەسەر بدرێت لەلایەن ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی بەدوای ئەو تێگەیشتنەدا دەگەڕێن. ئەوەش هاوشان لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە جۆراوجۆر و وێناکردنە جیاوازانەی لەخۆیدا هەڵیگرتووە، کە بەهۆی ڕۆشنبیریەتە جیاواز سرووشتی بەرژەوەندی و گرنگیپێدانی کۆمەڵگاکان دێت، کە ئەو تێگەیشتنە گوزارشتی لێ دەکات.

لەبەر ئەوەو بۆ ئەوەی بیرۆکەی دادپەروەری لەسەر ئەرزی واقیعدا شوێنی خۆی بگرێت و دەرەنجامە داواکراوەکان بێنەدی، ناچارین بیلکێنین بە تێگەیشتنێکی دیکەی (ڕێککاری) کە لەگەڵیدا جێبەجێ بکرێت. یەکسانی بە واتای لابردن یان هاوڕێبەتیکردن یان شیکردنی لایەنەکانی بابەتەکەو خستنەبەردەستی هۆکارەکانی جیاکاری و جیاوازییەکان و چاوپیاخشاندنیان بەو پێیەی ئەوان لە یەک ڕەگەزدان، بەلایەنی کەمەوە هاوبەشن لە داواکاری و پێداویستییە مرۆییەکانیان،وەک وەسفکردنێک بۆ نزمترین ئاستی دانپیانان، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو تێگەیشتنە کە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت، ئاڵۆزیی و ئاستەنگی خۆی هەیە، تەنانەت لەزۆر کاتیشدا ناڕوونییەکیشی تێدایە، ئەوەش لەبەر ئەوەی یەکسانبوونی مرۆڤ لەسەر ئاستی بوونداً، بە واتای سنووری هەموو جیهان دێت لە پێداویستیدا، ئەوەیش ڕۆژێک لە ڕۆژان داواکارییەکی جێگیر نەبووە، بەڵکو هەندێک جار ڕەتدەکرێتەوەو هەندێک جاریش پێویستە، بەتایبەتیش کاتێک بارودۆخی خەڵک جیاوازبێت یان جیاکاری تیادا بێت ,بەپێی لاوازی و بەهێزییان، یاخود تەمەن و ڕەگەزیان، بەواتای جیاوازی نێوان پیاو و ئافرەت، یاخود پێگەیان بەگوێرەی زنجیرەی کۆمەڵایەتی لە شوێن و سەردەمی جیاوازدا، هەروەها بەپێی شتی دیکەیش.

لێرەدا چەندین هەوڵ سەربان هەڵدا لەپێناوی ئەوەی دووبارە پێناسەی دادپەروەری و یەکسانی بکرێتەوە، تاوەکو لە بارودۆخ و شێوەی لێکۆڵینەوە لە بابەتی دادپەروەری و یەکسانیدا، هەژماری بۆ بکرێت، وەک پێشتر باسمان لێوە کردووە.

سەرەتاکان لەلای ژنان هەوڵدان بوو لەپێناوی ئەوەی بە تێڕوانین و مامەڵەکردن لەگەڵیان یەکسان بێت لەگەڵ پیاوادا، بەڵام ئەو پێوەرانەی دادپەروەری کە باسیان لێدوکراوە لێرەدا، بوونیان نییە، هەروەک چۆنیش ئەزموونەکانی داهاتوو سەلماندوویانە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ژنان بەو ڕادەیە پێویستیان بە وەها پێدراویستی و داواکارییەک هەبێت، هێندەی پێوەرەکان پێویستییانە و لەڕابردوو باسکی لێوە کراوە، هەروەک چۆن ژنان لەوە تێگەیشتن کە ئەوە لەلایەن خودی پیاوانەوە داڕێژراوەتەوەو بەجۆرێکە کە بگونجێت لەگەڵ سرووشتی پیاوو ئامادەگییە تایبەتەکانی، لەوە بەرژەوەندییە شاراوەیەش ئاگادارین کە لە پشتەوەی ئەو هەوڵانەدایە.

بە دەربڕینێکی دیکە پێوەرەکانی دادپەروەری لەسەر بنەمای دیکەی جیا لە یەکسانی و بە واتا وەرزشییەکەی ئەمجارە بینا دەکرێن، بەڵکو بە پشتبەستن لەسەر ئەو بنەمایانەی دان بە جیاکاری بەردەوامی نێوان هەردوو ڕەگەز دەنێن و کارکردن لەو پێناوەو ئینجا چاوخشاندنەوە بە کۆی ئەو بەها و تێگەیشتن و ڕێککاری و دامەزراوانە کە پەیوەندیان بە هەردوو ڕەگەزەوە هەیە، کە هیچێک لەو دوو لایەنەی تیادا ریزپەڕ ناکرێت: تایبەتی (Private) یاخود مالەوەیی (Do-mestic)، هەروەها بواری گشتی (Public)، کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی.

بە واتایەکی دیکەش ژنایەتی لەو ڕێڕەوەشدا دێت، بە باڵە جۆراوجۆرەکانی و بیردۆزە ئاشکراکانی، کە بیرۆکەیەک بداتە جیهان وەک چۆن خاوەنەکانی لێی دەڕوانن، کە لە توانیدایە شیکردنەوەو پێناسەی نوێ بۆ ئەوە بکات، پێویستە جیهان لەسەری بڕوات، بە تایبەتیش لەو تێڕوانینانەی پەیوەستن بە دادپەروەری لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، بەوشێوەیەی لەنێو کۆمەڵگەدا ناسراون. ئەوەش بەو واتایەی ئەوەی خاوەنی ئەو ئاراستانە هەوڵی بۆ دەدەن، لە کۆی ئەو هەوڵانەدایە کە دەیانەوێ پێی بگەن، لەپێناوەدا هەڵسەنگاندن و چاوخشاندنەوە بە بیردۆزی دادپەروەری لە ولاتەکانیان و جێبەجێکردنیدا، هەروەهاش پێشکەوتن و خوێندنەوەی نوێ و هاوبەشیکرن، بۆ دانانی چارەسەر بۆ ئەو پرسە بەپێی ئەو تێڕوانینە.

خونیشاندانێن عێراقێ و عادل عەبدولمەهدی






خالد ئەحمەد بادی

پترە ژمەیڤەکێ خونیشاندانێن جەماوەری یێن دژوار ل عیراقێ دهێنە ئەنجام دان ل پتریا پارێزگەهێن عیراقێ یێن شیعی وهندەک باژێرێن دی یێن سنی ژی کو درویشم وگازی ولافیتە وئاراستەیێن وانان کو رەوشا ئابوری لاوازو کەفتی یە.

پاشان درویشم هاتنە گهورین وئیکسەر درویشم وداخوازیێن وانان بونە دەست ژکارکێشانا سەروک وەزیران (عادل عبدالمهدی) وئەڤە ئەگەر سەیری (بعد السیاسی) دویرەکا سیاسی رامیاری یا کویر بدەینی ول دیروکێ بزڤرین دێ بینێ کو پرسێن جودا جودا یێن هاتینە دناڤ پرسگرێکێ دا ئانکو هاتینە دناڤ خونیشاندانان دا وئەوژی بێ گومان پرسێن مەزهەبی وتائیفی ونەتەوەیی وئایینی وهەرێمی نە کو بوینە ئەگەرێ وێ چەندێ خونیشاندەر درویشمێن خو بگهورن بو هندەک ئاراستەیێن بگرنە بەر .بوچی ئاراستەیا خونیشاندەران بو وێ چەندێ هات گهورین کو عادل عبدالمهدی سەروکێ جڤاتا وەزیرێن عیراقا فیدرال دەست ژکار بکێشیت بەرسڤ ژی یا ئاشکەرایە چونکە بەرێز عادل عبدالمهدی نەرمیەک بەرامبەر کوردان وهەرێما کوردستانێ نیشان ددا ئەگەر نە هەر سیاسەت وبوچون وئاراستەیا پتریا حوکمرانێن عیراقا فیدرال نیمچە توندی ورەگەزپەرستیەک تێدا هەیە وئەو قەنجی وباشی وهاریکاریێن مللەتێ کورد و سەرکردایەتیا کوردان بتایبەت لەدەمێن شورەشا گولانا پێشکەفتنخواز وقوناغا پشتی سەرهلدانا (1991) بو ئوپوزسیونا عیراقێ کری وهاریکاریێن راستەوراست بەرامبەر پارت ولایەن وکەسایەتی وسەرکردێن عیراقێ ئانکو ئوپوزسیونا عیراقێ کری ئەڤا نوکە ل عیراقێ هەیی کو دەستهەلات ددەستێ وانان دایە وبەرامبەر باشی وقەنجی وسوباسیکرنێ گەهشتە وی رادەیی کو مافێن رەوایێن مللەتێ کوردو دوزا کوردی بن پێ بکەن وپێل هەمی عورف وتیتال ویاسایا بکەن وهیرشێن ب توپ وتانک وزریپوش وموشەکان بکەنە سەر وەلاتیێن بێ گونەهـ یێن کورد لهەرێما کوردستانێ . لعیراقا فیدرال بتنێ ناڤ وسەروچاڤ هاتینە گهورین ئەگەر عەقلیەت وسیاسەت هەر یەکەو ب زەحمەت بهێن گهورین چونکە ب شاشی هاتینە پەروەردەکرن .بابەتێ مە لڤێرە لدور خونیشاندانێن عیراقێ نە وگهورینا حکومەتا عادل عبدالمهدی وگهورینا سیستەمی ب رێکێن یاسایی. ئەگەر نە بوچی عیراقییێن شارەزا ودلسوز، بوچی لدەمێ نوری المالکی خونیشاندان نە دکرن و مالکی عیراق بەرەف ئاراستەیەکا خراب بر؟. وبوچی لدەمێ عەبادی کو زمانێ چەکی وگەفان کریە زمانێ فەرمی؟!، چونکە بریار ل سەری هاتیە دان ژلایێ خودانێن عەمامێن بلند وبریار ل ئیرانێ دەردکەڤیت ولعیراقێ بنە جھ وجێ بەجێ دبن. ئیران رولەکێ سحری لدەڤەرا روژهەلاتا ناڤەراست دگێریت ومایتێکرنان دهەمی حکومەات و وەلاتان دا دکەت وبتایبەت عیراقا گەنی بویە عەبد وهەمی بریارێن وانان بجھ دئینیت .لرێکەفتی (2019/11/29)

مەرجەعیەتا شیعی فەتوا بو عادل عبدالمهدی لێدا کو داخازا دەستلکارکێشانا خو بکەت وئێکسەر عادلی ژی ب دلەکێ پر کەیف وشاد بەرسڤ دا وفەرمان جھ بجھ کر ودەستلکارکیشانا خو پێش کێش کر وهزر ناکەت کو ئەوی سیاسیا خو ژناڤبر وهەر وەسان ئەو دەنگێن عادل بریە دەستهەلاتی خیانەت ل وانان کر. یا دبیتە جهێ پرسیارێ مەرجەع یان سەروک وەزیر یان سەروک دەستهەلاتدارە جهێ مەترسیێ کو دێ پروسا سیاسی لعیراقێ بەرەف ئالوزییێن مەزنتر ڤە چیت وپروسە دێ بەرەف ئاقارێن خراب وشاش ڤە چیت ومەترسیا شەرێ مەزهەبی وناڤخویی ژی هەیە ودێ روژێت هاتی پترێ بو مە دیار کەت.

کشمیر و کەرکووک و قودس



مافپەروەر: عومەر محەمەدفەرج

رەهەندە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی سەردانی سەرۆکی حکوومەت بۆ تورکیا

کابینەی نوێی حکوومەت دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە پرۆسەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، ئەمە بەتەواوی لەهەموو بوارەکاندا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لەبواری بوژانەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دنیای دەرەوە و لەگەڵ عێراق و تەنانەت پەیوەندی حکوومەتی هەرێم و لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە سەردانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ تورکیا، کە لەدۆخێکی تەواو جیاوازدا وهەستیاری هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ڕویدا، ئەم سەردانەی سەرۆکی حکوومەت بەچەند ڕوبەکەوە شیاوی خوێندنەوەیە و گرنگی خۆی هەیە، لەڕوی دیبلۆماسی وپێگەی هەرێمی کوردستان و لەڕوی ئابوری و لەڕوی سەربازی و تەنانەت لەڕوی هاوسەنگی گێرانەوە بۆ پەیوەندییەکانی هەرێم وەدەرەوەی خۆی.

لەڕوی دیبلۆماسییەوە ئەم سەردانە پێی وتین هەرێم خاوەنی پێگەی دانپیادانراوە لەلایەن سەرسەختترین ولاتی ناوچەکە و هەستیارترینیان بەرانبەر کورد کەتورکیایە، ئاخر ئەم دەوڵەتە هەمیشە بەهەستیاریەوە لە پێشپڤەچوونەکانی کوردی ڕوانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی حەکیمانەی سەرکردایەتی کوردستان لەڕابوردودا کاریگی وەهای کردوە ئەم دەوڵەتە نەتوانێت کێشەی ئەمنی وسەربازی بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکات، بەڵام لەم دواییەدا و دوای هێرشەکانی بۆسەر ڕۆژاوای کوردستان و ئەو پشتیوانییەی لە ڕۆژاکرا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، وەها لێکدەدرایەوە کەتورکیا بیەوێت کێشە بۆ هەرێم دروست بکات وئیدی مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەرێم نەکات، بەڵام وەک بینرا پێچەوانەی ئەوە کەوتەوە و سەرۆکی حکوومەت وەک سەرۆکی وڵاتێک و لەئاستێکی هەرە بەرزی دیبلۆماسیدا پێشوازی کرا، سەردەڕای هەڵکردنی ئالای کوردستان ودلنیایی دان بەمامەڵەی بەردەوام لەگەل هەریم، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی هەرێم وهێزی دیبلۆماسی خودی سەرۆکی حکوومەت کە خوێندنەوەی وردی هەیە بۆ ڕووداوەکان وپێداگرە لەسەر نەگۆڕە نەتەوەییەکان.

لەڕوی ئابوریەوە سەردانی سەرۆکی حکوومەت ئەو پەیامەی گەیاند کە کوردستان بەتاکە دەرچەی عێراق بەڕوی تورکیادا دەمێنێتەوە وتورکیایش لەم پێناوەدا پێویستی بەو دەرچەیە هەریە و لەلای گرنگە ئەو دەرچەیە بپارێزێت، بەتایبەتی کە دۆخی ئابوری ئەو وڵاتە زۆر باشنیە، هەروەها گرنتی مانەوەی مامەڵەی ئەو وڵاتە لەگەڵ حکوومەتی هەرێم بەدەرکەوت لەبواری وزە وسامانە سروشتیەکانی کوردستان، وە ڕێگایەکی بەدیلیشیە بۆ هەر فشارێک لەلایەن عێراق یان هەر وڵاتێکی ترەوە بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان.

لەڕوی سیاسیەوە، سەرۆکی حکوومەت لەم سەردانەدا مامەڵەی دراوسێیەتی باشی هەرێمی دووپاتکردەوە و ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد کە هەرێم ناخوازێت و نایەوێت خاکەکەی ببێتە شوێنی پەلاماری وڵاتانی دراوسێ، ئەمەش هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە سەرۆکی حکوومەت و خودی حکوومەتەکەیشی پابەندە بەبنەما و نەگۆڕە نەتەوەییەکانەوە، بەتایبەتی لەبواری پاراستن و داکۆکی کردن لەمافی گەلی کوردستان لەو پارچانەی تری کوردستان بەشێوازی ئاشتیانە و ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە توندوتیژیەک و ئیدانەکردنی هەرپەلامارێکی تورکیا بۆسەر ڕۆژاوای کوردستان، لێرەدایە هاوسەنگی سیاسی دێتە کایەوە وسەردانەکە دەبێتە وێنای سیاسەتی تەندروستی کوردستان.

کشمیر و کەرکووک و قودس

غەسان شربل

لەدایکبوون لەسەر هێڵی بەریەک کەوتن شتێکی ئەستەمە.. ترس دەبێتە هاوەدەمت. هێڵی بەریەک کەوتنی نێوان نەتەوەکان، ئایینەکان، مەزهەبەکان و وڵاتان. دەزانم کەسانێک هەن بەپەلە دەڵێن:فرەیی سەرچاوەی دەوڵەمەندییە. بەڵام ڕاستییەکەی، فرەیی هەر بە پرۆژەی بەگژیەکداچوون دەمێنێتەوە، ئەگەر کولتووری قبوڵکردنی بەرامبەر و دیداربەستن لە نیوەی ڕێگە لەگەڵیدا ڕەگ دانەکوتێت.

قبوڵکردنی پێکەوەژیان لەژێریەک بنەیچ، لەگەڵ کەسێک کە لە تۆ ناچێت، لەو کانیاوانەش ئاو دەخواتەوە، کە تۆی ئاویان لێ ناخۆیتەوە. زۆربەی جارەکان، ئەو منداڵەی لەسەر هێڵی بەریەک کەوتن لەدایک دەبێت، گۆرانییەکانی هەرگیز شتێکی ئاسان نییە. ئەوەندەش بەس نییە بڵێین، دەبێت ڕێگە بە دانیشتووان بدرێت، مافی چارەی خۆنووسین، لە ڕاپرسییەکی خاوێندا پیادە بکەن. چیرۆکەکە ئالۆزتر و ترسناکترە. ناکۆکییەکان لە سەر هێڵی نەخاسمە کاتێک شەقام دێتە دەنگ و هۆشداریی دەداتە میانڕەو و زیادەڕۆکان.

لەوەتەی لە ساڵی 1947 لە دایکبووە، کشمیر، بووەتە بریندێکی قوڵ لە جەستەی پەیوەندییەکانی هیندستان و پاکستاندا، هۆکاری سەرهەڵدانی دوو جەنگیش بووە لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا، کە شەقامەکانیان لە هەژاران جەمەیان دێت. هیچ کەس لەوانەی لە پاکستان، دەستاودەست بڕیاریان بەدەست بووە، چ سەرباز و چ مەدەنییەکان، نەیانتوانیووە پلێتی ئەو بۆمبە دانراوەیە هەڵکێشن. دەتوانین بڵێین، هەمان شت لەسەر هەموو ئەوانەش پیادە دەبێت، کە نیگەرانیی لە کشمیردا، بەڵکو تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەکانی بە بەرنامە کردووە، بە شێوەیەک وای لێنەیەت ببێتە جەنگێکی گشتگیر، کە هۆشداریی خوانێکی ئەتۆمی بدات. بەشێکی دیکە لە نیگەرانی دەستپێکرد، کاتێک حکومەتەکەی نارێندا مودی، دەستپێشخەری ڕەتکردنەوەی ڕەوشی تایبەتی بۆ ویلایەتی جامۆ کشمیر کرد، ئەوەی لە دەستووری هیندستان مسۆگەر کرابوو.پەرلەمانیش، کە پارتی هیندۆسی نەتەوەیی (هەنگاو) بەسەریدا زاڵە، بڕیاری دابەشکردنی بەشی هیندی لە کشمیر بۆ دوو ناوچە دەرکرد، کە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی نیودلهیدا بن. ئەوەش لەگەڵ دەستاودەست بڕیار بەدەست بوونە لە هیندستاندا. نەتەوە یەکگرتووەکانیش نەیتوانیووە گرێ کوێرەکەی کشمیر چارە بکات، ناوبژیوانانی دیکە و ئامۆژگارییەکەرانیش بەهەمان شێوە. زیادەڕۆیی تێدا نییە ئەگەر بڵێین، سیناریۆکانی ڕووبەڕووبوونەوە بەهۆی کشمیر، بووەتە بڕگەیەکی جێگیر لەلای جەنەڕاڵەکانی هەردوو سوپادا. بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیش لەلایەن هەردوو وڵات، نەبووەتە هۆی کۆژاندنەوەی پشکۆی نیگەرانییە نادنی سەربازی هیندستانی زیاتر بۆ ناوچەکە و بڕینی پەیوەندییەکان هاوەدەم بوو، بۆ ئەوەی ڕێگە لە ناڕازییەکان بگرێت، گرد ببنەوە و ناڕەزایی فراوان و تونەوتیژ ڕێکبخەن. کێشەکە هەر زوو بووە قەیرانێکی توند، کە هۆشداریی هەوکردنی هێڵی بەریەک کەوتن دەدات. سەرۆک وەزیرانی پاکستان، عیمران خان، هۆشداریی ململانێیەکی فراوانی دا، جەنەڕاڵەکانی پاکستانیش، خۆیان بە تازەکردنەوەی پلانەکانی سەربازیی خەریککرد، کە پێشتر ئامادە کرابوون. ئەوەش لەگەڵ دەرکردنی بااڵێزی هیندستان لە پاکستان، کەمکردنەوەی پەیوەندییەکانی دیبلۆماسی و بچووککردنەوەی ئااڵوگۆڕی بازرگانیی هاوەدەم بوو. مەترسیدارترین شتیش لە وتەکانی پاکستان ئەوەبوو، ڕێوشوێنەکانی هیندستان، بەتایبەتی دابەشکردنی کشمیر، مەبەستی بەکەمینەکردنی موسڵمانەکان و کردنەوەی دەرگایە، لەبەردەم گۆڕینی ناسنامە و هاوکێشەی دیمۆگرافیی.

هێڵی بەریەک کەوتن لە کشمیر، هێڵەکانی بەریەک کەوتنی کڕ و گرگرتووی لە ناوچەکەمانی ببر خستەوە. لە ئەیلولی 2017دا، چەند ڕۆژێک پێش ئەو ڕاپرسییەی، کە سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، بانگەوازی بۆ کردبوو، سەردانی هەرێمی کرد و بەپەرۆش بووم گەشتێک بە ناوچەی کەرکوکدا بکەم، کە بەشداریکردنی لە پرۆژەی ڕاپرسی هەڵبژاردبوو. لەو ناوچەیە سوورِامەوە، کە بە دوو سامان ئەنگاوە، کە هەردووکیان بوونە نەفرەتی، ئەوانیش خۆبەندی و نەوتە. لە شەقامەکانی شارەکەدا، دوکانی کوردان دراوسێی دوکانی عەرەب و تورکمانەکانە. هۆزە جیاوازەکانی ئەوێش، میکانیزمێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ناکۆکییەکان دۆزیبوویەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن بیێتە ململانێی فراوان. هەرچەندە ئەوانەی چاوم پێیان کەوت، کەمتر لە ئایینده نیگەران بوون، کەچی ڕوون بوو، ترس، تاکە هەستی هاوبەشی نێوان ئەو تێکەڵەیە، کە بەیەکەوە لە یەک شۆێندا دەژین. کورد لەوە دەترسان، بەهۆی ناکۆکی کوردی-کوردی و میژووی دڕێژی مانۆڕ و ئالۆگۆڕکردنی زەبرکان، ڕێژەی بەشداریکردن لە ڕاپرسییدا کەم بێت. عەرەب ترسیان لە ئایینەدەی ژیان لەو ناوچەیە هەبوو، ئەگەر کەرکوک، خەونە کوردییەکەی تازە بکاتەوە و بچێتە پاڵ هەرێمی کوردستانەوە. نهێنیش نەبوو، هەندێ تورکمان، گرەویان لەسەر وڵاتانی دراوسێدا دەکرد، لە پێشەوەی هەموشیانەوە تورکیا، کە ڕێگە بە هەرێم نادەن، کەرکوک بخاتە سەر خۆی، ڕێگەش بە لەدایکبوونی قەوارییەکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆی کورد نادەن. ئەوەی دوای چەند هەفتەیەکیش ڕووی دا ئەوەبوو، ئەو وڵاتانەی کە کورد بەسەر نەخشەکەیان دابەش بووینە و لەسەر زۆر شتیش ناکۆکن، ڕێکەوتن لەسەر لەباربردنی ئەنجامەکانی ڕاپرسیی کورد و هەرێمی کوردستانیشیان سزا دا. ڕاستییەکەی، ئەوەی پاکستان لە بارەی ئەنجامدانی کودەتایەکی دیمۆگرافی لە کشمیر باسی دەکات، چەندەها جار لە کەرکوک ڕووی داوە. خەڵکی شارەکە، باسی هەڵمەتەکانی بە تورککردن، بە عەرەبکردن و بە کوردکردن، لەسەردەمە جیاوازەکاندا دەکەن. هەڵمەتەکانیش بوونەتە هۆکاری گۆڕانکاریی لە هاوکێشەکانی دانیشتووان و قوواڵکردنەوەی بریە شاراوەکان لەسەر هێڵەکانی بەریەک کەوتندا. قەیرانەکانی هێڵی بەریەک کەوتن، نیشتەجێ و دڕێژخایەنن، هیچ بەرپرسێک یان کەسێکی حزبی، ناوێرێت نەوی بکێشێت. جەماوەر داوای هەڵوێستی لێبڕاوە، واتە سەرکەوتنی تەواو دەکەن، ئەویش یان بەدەست ناکەوێت یانیش گرانە. چەندین حکومەت لە عێراق گۆڕاون، ناوی پیاوە بەهێزەکەش گۆڕا، بەڵام کەرکوک هەروەکو ئاگرێک مایەوە، کە دەکرێت سەرکەوتی بکەیت، بەڵام ناکرێت بیکوژێنیتەوە.

ئەو ڕۆژەڤانە، تێپەڕبوونی کات ئالۆزتر و هەوکراوەتریان دەکات. قودسیش لەسەر هێڵی بەریەک کەوتن نیشتەجێیە. هەوڵەکانی نەوی کێشان تێیدا، لە نزیکخستنەوەی ئاگر لە بەرمیلی بارود دەچێت. هەوڵەکانی بە یەهودیکردن و ئابڵوقەدانی، هەردەم بەردەوامە. بەڵام زاڵبوون، چارەیەکی بەردەوام نییە. ناسنامە سەرکوتکراوەکان، ڕۆدەچن و ڕەق دەبن، پاشان سەر دەردەکەنەوە. لە کشمیرەوە بۆ قودس و ئینجا بۆ کەرکوک، جیهانێکی نغرۆبوو لە بیرەکانی ترس و لەسەر هێڵی بەریەک کەوتن نیشتەجێیە. لەو جەنگانەی ناسنامەشدا، بەرپرسان پێیان باشترە، نرخی ململانێیەکان بدەن، نەوەکو نرخی سازشەکان بدەن.

و: ڕەمزی میرەکانی



هەنگاونان بۆ نووسینەوەی دەستووری کوردستان



18

مانپەروەر: جەواد مستەفا ستۆپەیی

هۆکارەکانی سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی

هەر لەسەرەتای دروستبوونی سیستەمی فیدراڵی لە ساڵی 1787 تا ئێستا ڕێژەیەکی زۆری ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی ئەم سیستەمەی کردووە لە حوکمڕانی وڵاتەکانیان سەرکەوتوو بوونە و ئەم سیستەمە بوێتە هۆی پێشکەوتنی وڵاتەکانیان. هەروەها بە پێچەوانەشەوە زۆر وڵاتانیتر لە ئەنجامی خراپ پەیڕەو کردنی ئەم سیستەمە، شکستیان هێناوە و وڵاتەکانیان زیاتر دوا کەوتوون یان گۆڕاون بۆ سیستەمێتر. بەڵام ئەوەش لەبیرمان نەچێت هۆکاری شکشتهێنانیان ناگەڕێتەوە بۆ باشی یان خراپی سیستەمەکە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی ڕوشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کۆمەڵگایانەی خراپ پەیڕەوی ئەم سیستەمە دەکەن. بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی شارستانیان نەگەیشتبێتە ئاستێکی بالای ڕوشنبیری لە ئەنجامی پەیڕەو کردنی ئەم سیستەمە شکستیان هێناوە، وەک کۆمارەکانی ئەمریکای باشوور، هەروەها هەر لەبەر ئەم هۆکارە و ئەنجامدانی گەندەلییەکی زور و پێشێل کردن و پابەند نەبوون بە دەستوورەوە عێراقیش خەریکە شکست لە پەیڕەو کردنی سیستەمی فیدراڵی بێنێت، بۆیە لەبەر گرنگی بابەتەکە لە خوارەوە هۆکارەکانی سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی دەخەینە ڕوو:

هۆکاری شارستانی و ڕوشنبیری: بەزۆری سەرکەوتنی پەیڕەو کردنی سیستەمی فیدراڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕوشنبیری و شارستانیبوونی کۆمەڵگا و باوەر بوون بە بنەماکانی دیموکراتی ئەو کۆمەڵگایانەی پەیڕەوی ئەم سیستەمە دەکەن. لە سیستەمی فیدراڵیدا دەستوور هەموو دەسەلاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا دابەش دەکات، کە تا ئاستێکی دیاریکراو ئەم هەرێمانە سەربەخۆییان هەیە، هیچ هەرێمێک مافی دەست خستنە ناو کاروباری هەرێمێکیتر یان حکومەتی فیدراڵی نییە. لە ئەزموونی میژووییدا سەلێنراوە کە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی سیستەمی فیدراڵیان کردووە و ئاستی ڕوشنبیری وشارستانی کۆمەڵگاکەیانیان لاواز بووە لە پەیڕەو کردنی ئەم سیستەمەدا سەرکەوتوو نەبوونە. هەروەها بە پێچەوانەوە ئەو وڵاتانەی ئاستی ڕوشنبیری و شارستانی کۆمەڵگاکەیان بەرز و پێشکەوتوو بووە و باوەڕیان بە بنەماکانی دیموکراتی هەبووە و لە پەیڕەو کردنی ئەم سیستەمەدا سەرکەوتووبوون توانیان وڵاتەکانیان بەرەو پێشەوە ببەن.

باوەر بوون بە بنەماکانی دیموکراتی: هەروەها هۆکارێکیتری سەرکەوتنی ئەم سیستەمە بریتییە لە باوەر بوون بە پەیڕەو کردنی بنەماکانی دیموکراتی لە وڵاتەکانیان، چونکە ئەگەر کۆمەڵگای وڵاتە فیدراڵیەکان بەتایبەتی بەرپرسە باڵاکانیان باوەڕیان بە بنەمای دیموکراتی نەبێت لە وڵاتدا، هەر لایەن و پێکهاتەیەک بە ئارەزووی خۆی دەست لە کاروبارەکانی خەڵکانیتر وەردەدات، بەم شێوەیە هیچ بەهایەک بۆ فیدراڵییەت نابێت. چونکە سیستەمی فیدراڵی لەسەر چەند کولەکەیەکی گرنگ و بنەڕەتی وەستاوە وەک: هەڵبژاردن و بروابوون بە بنەماکانی دیموکراتی چ ئەم وڵاتە وڵاتێکی کۆماری یان پادشایەتی بێت. هەروەها لێک جیا کردنەوەی دەسەلاتەکانی وڵات واتە هەرسێ دەسەلاتی (یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری) واتە هیچ دەسەلاتێک دەست نەخاتە ناو کاروبارەکانی دەسەلاتیتر. بۆ ئەوەی ماف و ئازادییەکانی هەموو لایەن و پێکهاتەکان پارێزراو بێت. هەروەها پێکهاتەیەکیتری وڵاتە فیدراڵیەکان بریتییە لە دوانەی ئەنجومەنی یاسادانان، واتە ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەکان و ئەنجومەنی یاسادانانی فیدراڵی، هەروەها سەربەخۆی دەسەلاتی دادوەری و...تاد. هەموو ئەمانە بنەمای زور گرنگن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا. کەواتە ئەگەر هەر یەکێک لەم بنەمایانە جێبەجێ نەکرا ئەوا کولەکەیەک لە کولەکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی کەم دەبێتەوە، واتە کەم و کورتی تێ دەکەوێت. کەواتە حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ بنەماکانی دیکتاتوری ناگونجێت.

پێکچوونی سیستەمی کومەڵایەتی: هۆکارێکیتری سەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی بریتیە لە پێکچوونی سیستەمی کومەڵایەتی ئەگەر پێکهاتەکانی ناو دەوڵەتی فیدراڵی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هاوشێوەی یەکتر بن ئەمە هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی لەم وڵاتەدا و دڕێژەدان بە پەیڕەو کردنی ئەم سیستەمە، بەڵام بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستەمە و نەمانی دەوڵەتی فیدراڵی. بۆنمونە ئەگەر سەیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین لە ساڵی 1787 کە دەوڵەتی فیدراڵیان دامەزراند لەوکات جیاوازییەکی زوری کۆمەڵایەتی لە نێوان باکور و باشووری ئەم وڵاتەدا هەبوو لەسەر کێشەی کۆیلەکان. ئەمریکای باشوور باوەڕییان بە هەبوونی کویلەکان هەبوو وە بە یاساییان کردبوو. بەڵام لە ئەمریکای باکور باوەڕییان پێ نەبوو هەموویان دژی هەبوونی کویلە بوون، ئەم کاریگەرییە هەر بەردەوام بوو تا لە ئەنجامدا وڵاتەکانی ئەمریکای باشوور هەڵوەشانەوە و بەرەو دواکەوتن ڕویشتن و ئەمریکای باکوریش بە پێچەوانەوە پێشکەوتن و پەیڕەو کردنی سیستەمی فیدراڵی هەر بەردەوامە تا ئەمڕۆ.

فەرمیزبی: بریتییە لە هوکارێکیتری سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی، فەرمیزبی لە سیستەمی یەکێتی فیدراڵیدا یاخود بە واتایەکیتر ئەگەر لامرکزی سیاسی لەسەر بنەمای فەرمیزبی لە دەسەلاتی سیاسیدا دامەزرابێت هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی، کەواتە گرنگی خۆی هەیە، چونکە لە ئەزمونی میژووی وڵاتاندا سەلێنراوە تاک حزبی گونجاو نیە بۆ سیستەمی فیدراڵی، وەک یەکێتی سوڤیەتی جاران، کە لە ساڵی 1917 تا ڕوخانی یەکێتی سوڤیەت لە کوتایی هەشتاکاندا تەنها حزبی شوعی دەسەلاتدار بوو لەم وڵاتەدا هەر لەبەر ئەم هۆکارانە سیستەمی فیدراڵی یەکێتی سوڤیەت کەموکوری زوری هەبوو.

هەروەها ئەگەر سەیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین لە کاتی دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لەو کات هیچ حزبێکی سیاسی لەم وڵاتەدا نەبوو ئەمەش هۆکارێک بوو کە کەموکوڕی لە فیدراڵیەکەیاندا هەبێت. بەڵام لە دوای دروست بوونی دوو حزبی سیاسی ڕکابەری یەکتر، سیستەمی فیدراڵی وڵاتەکەیان گەشەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا پەیڕەوی سیستەمی دوو حزبی دەکرێت. بەڵام زوربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا پەیڕەوی سیستەمی فرەحزبی دەکەن وەک ئوستراالیا و هیند و ئەڵمانیا و...تاد. کەواتە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی فرە حزبی دەکەن، کابینەی وەزاری پێکدێنن، واتە دەکرێت هاوپەیمانی (ائتلاف) لە پەرلەماندا دروست بکەن و زورینەی هاوپەیمانیەکەیان حکومەت پێکبێنن، هەندێک یان هەموو حزبەکان بەژدار بن لە حکومەتدا، یانیش ئیئتلافی زورینە حکومەت پێکبێنن و حزبەکانیتریش بێن بە ئۆپوزسیون. کە ئەم شێوازە زور گونجاو و سەرکەوتوویە. هەروەها لە سویسراش کە پەیڕەوی سیستەمی مەجلسی دەکات وڵاتەکەیان پەیڕەوی فرەحزبی دەکات.

سەرچاوەی ئابووری: یەکێکیتر لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی بریتییە لە بوونی سەرچاوەی ئابووری پێویست کە بتوانێت پێداویستیە دارایەکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان دەستەبەر بکات. بەڵام ئەوەی بوویتە جێگای سەرنجی زاناکان بریتییە لەوەی کە وڵاتی فیدراڵی پێویستی بە سەرچاوەی دارایی زیاتر هەیە، بۆ دەستەبەر کردنی پێداویستیە دارایەکانی هەموو هەرێمەکان. زور وڵات هەستیان بەم کەم وکورتیە کردووە وەک ئەفریقیای باشوور و ئوستراالیا و زور وڵاتانیتریش.

نزیکی قەبارەی هەرێمەکان لە یەکتر: هۆکارێکیتری سەرکەی سەرکەوتنی وڵاتانی فیدراڵی بریتییە لە نزیکی قەبارەی هەرێمەکان لەیەکتری، زور وڵاتانی فیدراڵی کێشەی جیاوازی زوری قەبارەی ڕێژەی دانیشتوان یان فراوانی ڕووبەری خاک یان جیاوازی لە سەرچاوەی ئابووی کێشەی گەورە بۆ وڵاتی فیدراڵی دروست دەکەن، تەنانەت لە ڕووی چونیەتی دابەش کردنی داهاتەکانیش. بەتایبەتی کێشەکە لەوەدایە ئەو هەرێمە دەوڵەمەندانەی سەرچاوەی داهاتیان زورە، لەوانەیە ئەم هەرێمە ئاماده نەبێت دەست لە داهاتەکانی خۆی بەردات بۆ حکومەتی فیدراڵی تا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەرێمەکانیتردا دابەش بکات. کەواتە چەند جیاوازی لە قەبارەی داهات و فراوانی ڕووبەری هەرێم و زوری ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمە جیاوازەکان کەمتر بێت بواری یەکگرتن و مانەوەیان پێکەوە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا زیاتر دەبێت.

خۆپیشاندانەکانی عێراق چی لێدەکەوێتەوە؟





نووسینی: ماجید دەباغ

دوای کەوتنی سەدان شەهید و هەزاران بریندار لە خۆپیشاندانەکانی عێراق، پرسیارێک سەرهەڵدەدات ئەویش عێراق چ ئاراستەیەک دەگرێتەبەر؟ دەکرێت بە وردبوونەوە لە ئاکامی ئەو ڕووداوانەی پێشتر لە شۆرشەکانی عەرەبی و جیهانی ڕوویاندا، بە هەندێ دەرئەنجام و ڕێسای ئەو ڕووداوانە بگەین کە لە ئاکامی ئەو شۆڕش و خۆپیشاندانانە سەرهەڵدەدەن.

* بزووتنەوەی جەماوەری لە ئاکامی ئەو زوڵم و ستەم و پشتگوێ خستن و گەندەڵکارانەی لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابردوو ڕووبەڕووی خەڵک بوونەتەوە، هەروەها بەهۆی خراپی باری بژێوی ژیانیان و خۆدزینەوەی هەر سێ دەسەلاتەکە (جێبەجێ کردن و یاسادانان و دادوەری) لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست و دابینکردنی سەرەتاییترین ماف و خزمەتگوزارانییەکان بۆ هاووڵاتیان، سەرەتا لەلایەن چەند کۆمەڵێکی بچووکەوە دەستپێدەکات.

* سەرەتای بزووتنەوەکە بە چەند داواکاری ڕەوا و سنووردار دەستپێدەکات.

* دەسەلاتداری حکومڕان نەک هەر بەدەم داواکارییەکانیان نایەت بەڵکو جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی وڵات بوونەتەوە، لە سەردەمانی دەسەلاتدارانی پێش خۆیان ماوەتەوە، نادادپەروەرییە ئەگەر ئۆبالی هەڵە میژوویییەکان بەتەنیا بخرێتە ئەستۆی حکومەتەکەی ئەوان.

* دەسەلات وایدەبینێت هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەیان لە پشت خۆپیشاندەرانەوەن، هەر بۆیە بە زەبری هێز هەوڵی بڵاوەپێکردن و نەهێشتنی خۆپیشاندانەکان دەدات.

* کەنالە ئاسمانییەکان ڕاستەوخۆ دەست بە گواستنەوەی ڕووداوەکان دەکەن و لەگەڵ خۆپیشاندەران کارلێککردنێک دروست دەکەن.

* ئامرازەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیش هەستی خەڵک جا بۆ پشتیوانی خۆپیشاندەران یان دژایەتیکردنی دەجوڵێنێت.

* لە ژێرکاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی هەڵسوکەوتی خراپ و نایاساییانەی دەسەلات لەبەرامبەرخۆپیشاندەران، گردبوونەوە بچووکەکان لە نێو گۆڕەپانەکاندا گەورەتر و بەرفراوانترەبن.

* هاوکات داواکاری خۆپیشاندەرانیش بەرفراوانتردەبێت و داوای سەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە پێکچوونی سیستەمی کومەڵایەتی ئەگەر پێکهاتەکانی ناو دەوڵەتی فیدراڵی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هاوشێوەی یەکتر بن ئەمە هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی لەم وڵاتەدا و دڕێژەدان بە پەیڕەو کردنی ئەم سیستەمە، بەڵام بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستەمە و نەمانی دەوڵەتی فیدراڵی. بۆنمونە ئەگەر سەیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین لە ساڵی 1787 کە دەوڵەتی فیدراڵیان دامەزراند لەوکات جیاوازییەکی زوری کۆمەڵایەتی لە نێوان باکور و باشووری ئەم وڵاتەدا هەبوو لەسەر کێشەی کۆیلەکان. ئەمریکای باشوور باوەڕییان بە هەبوونی کویلەکان هەبوو وە بە یاساییان کردبوو. بەڵام لە ئەمریکای باکور باوەڕییان پێ نەبوو هەموویان دژی هەبوونی کویلە بوون، ئەم کاریگەرییە هەر بەردەوام بوو تا لە ئەنجامدا وڵاتەکانی ئەمریکای باشوور هەڵوەشانەوە و بەرەو دواکەوتن ڕویشتن و ئەمریکای باکوریش بە پێچەوانەوە پێشکەوتن و پەیڕەو کردنی سیستەمی فیدراڵی هەر بەردەوامە تا ئەمڕۆ.

فەرمیزبی: بریتییە لە هوکارێکیتری سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی، فەرمیزبی لە سیستەمی یەکێتی فیدراڵیدا یاخود بە واتایەکیتر ئەگەر لامرکزی سیاسی لەسەر بنەمای فەرمیزبی لە دەسەلاتی سیاسیدا دامەزرابێت هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی، کەواتە گرنگی خۆی هەیە، چونکە لە ئەزمونی میژووی وڵاتاندا سەلێنراوە تاک حزبی گونجاو نیە بۆ سیستەمی فیدراڵی، وەک یەکێتی سوڤیەتی جاران، کە لە ساڵی 1917 تا ڕوخانی یەکێتی سوڤیەت لە کوتایی هەشتاکاندا تەنها حزبی شوعی دەسەلاتدار بوو لەم وڵاتەدا هەر لەبەر ئەم هۆکارانە سیستەمی فیدراڵی یەکێتی سوڤیەت کەموکوری زوری هەبوو.

هەروەها ئەگەر سەیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین لە کاتی دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لەو کات هیچ حزبێکی سیاسی لەم وڵاتەدا نەبوو ئەمەش هۆکارێک بوو کە کەموکوڕی لە فیدراڵیەکەیاندا هەبێت. بەڵام لە دوای دروست بوونی دوو حزبی سیاسی ڕکابەری یەکتر، سیستەمی فیدراڵی وڵاتەکەیان گەشەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. ئەوەی شایانی ئاماژە پێکردنە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا پەیڕەوی سیستەمی دوو حزبی دەکرێت. بەڵام زوربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا پەیڕەوی سیستەمی فرەحزبی دەکەن وەک ئوستراالیا و هیند و ئەڵمانیا و...تاد. کەواتە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی فرە حزبی دەکەن، کابینەی وەزاری پێکدێنن، واتە دەکرێت هاوپەیمانی (ائتلاف) لە پەرلەماندا دروست بکەن و زورینەی هاوپەیمانیەکەیان حکومەت پێکبێنن، هەندێک یان هەموو حزبەکان بەژدار بن لە حکومەتدا، یانیش ئیئتلافی زورینە حکومەت پێکبێنن و حزبەکانیتریش بێن بە ئۆپوزسیون. کە ئەم شێوازە زور گونجاو و سەرکەوتوویە. هەروەها لە سویسراش کە پەیڕەوی سیستەمی مەجلسی دەکات وڵاتەکەیان پەیڕەوی فرەحزبی دەکات.

سەرچاوەی ئابووری: یەکێکیتر لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی بریتییە لە بوونی سەرچاوەی ئابووری پێویست کە بتوانێت پێداویستیە دارایەکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان دەستەبەر بکات. بەڵام ئەوەی بوویتە جێگای سەرنجی زاناکان بریتییە لەوەی کە وڵاتی فیدراڵی پێویستی بە سەرچاوەی دارایی زیاتر هەیە، بۆ دەستەبەر کردنی پێداویستیە دارایەکانی هەموو هەرێمەکان. زور وڵات هەستیان بەم کەم وکورتیە کردووە وەک ئەفریقیای باشوور و ئوستراالیا و زور وڵاتانیتریش.

نزیکی قەبارەی هەرێمەکان لە یەکتر: هۆکارێکیتری سەرکەی سەرکەوتنی وڵاتانی فیدراڵی بریتییە لە نزیکی قەبارەی هەرێمەکان لەیەکتری، زور وڵاتانی فیدراڵی کێشەی جیاوازی زوری قەبارەی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمە جیاوازەکان کەمتر بێت بواری یەکگرتن و مانەوەیان پێکەوە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا زیاتر دەبێت.

* حکوومەتیش لە جیاتی بەدەمەوەچوونی داواکارییان، بە بەکارهێنانی چەک و فیشەک دەست بە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران دەکات.

* شەهید و بریندار لە ڕیزی خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان دەکەوێتەوە.

* خۆپیشاندەران بەمەبەستی پەکخستنی حکوومەت پەنا بۆ ئابلۆقەدانی دامەزراوە نەوتییەکان دەبەن.

* حکوومەت لە پێناو ئارام کردنەوەی خۆپیشاندەرانی تووڕە، قوربانی بە هەندێ کەسایەتی سیاسی بەشێوەی کاتیی دەدات.

* حکومەت داوای دانوستاندن لەگەڵ سەرکردەی خۆپیشاندەران دەکات بۆ گەیشتن بە سەوداگەرییەکی سیاسی لەگەڵیاندا.

* هێزە تەقلیدییەکان شۆڕشەکە لەدەست خاوەنە ڕەسەنەکەی دەردەهێنن و خۆیان دەکەنە خاوەنی ئینجا دەست بە پاکتاوکردنی هێزەخێرویستەکان دەکەن.

* ئەوانەی هەڵسان بە دزینی شۆڕش لە دەست خاوەنە ڕاستەقینەکەی، خۆیان دەکەنە نوێنەر بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی وزاری.

* خۆپیشاندەران بەو بڕوایە دەگەن کە ڕژێمە نوێیەکە زۆر لەو ڕژێمە خراپترە کە ئەوان پێشتر ڕەخنەیان لێ دەگرت و خۆپیشاندانیان لە دژی ئەنجام دەدا.

* وڵات دەکەوێتە حاڵەتێکی پڕ لە ناسەقامگیر و پشێوی و بۆشایی ئەمنی، وای لێدێت خەڵکەکە ڕەحمەت بۆ ڕژێمی پێشوو بنێرن خواخوایان بێت ڕەوشەکە وەک جاری جارانی لێ بێتەوە.

و: خالید گەردی

وون بوون

پسوولەی شارەوانی بنەصلاوە ژمارەی پسوولە ٠١٢٢٦٥٦ لە ٢٠١٨/١٢/١٨ بەری ٢٥٠٠٠٠ دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بەناوی سربست سامی توفیق وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی بنەصلاوە ژمارەی پسوولە ٠١٢٢٩٣٠ لە ٢٠١٩/٣/١٨ بەری ١,٠٠٠,٠٠٠ بەناوی سربست سامی توفیق وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین بەناوی زانیار موتەلیب محمد ون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیویەتەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٦٨٦٦٣٦) بەروارى ٢٠١٨/٤/١ بەبری ٢٣٩٤٠٠٠ بەناوی فرحان غفور عبداللە ون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیویەتەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێل لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە جۆری ئۆتۆمبێل تویوتا هایلوکس دیزل کابینە پیکپ ١ تن بەناوی سنگر نادر سلیمان ون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیویەتەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقوده : عزيزه خالد علي

قدم السيد / خالد علي حسين طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/١٥ ولجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / عبدالله يونس محمد عاشور

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد /٢٥٤٤/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة /٢٥٤٤/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بيع العقار المرقم (٤٦) مقاطعة ٩٣ جوار عقرة المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ٢٥٤٤/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاكرى المساحة ٤٠٠ م٢ الجنس ارض عرصة ومشيد عليها دار مبني من الطين القيمة المقدرة (٢٠٠٠٠٠٠) عشرون مليون دينار عراقي

المنفذ العدل / ناطق نافع صديق

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد /١٩٥٣/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة /١٩٥٣/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بيع المنقول السيارة تويوتا بيكب دبل قارة المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف :

رقم الاضبارة /١٩٥٣/ت.د/٢٠١٩

النوع / تويوتا بيكب دبل قارة

موديل/٢٠١٠

الرقم /٣٢٠٨٥ / دهوك حمل

اللون / ابيض

القيمة المقدرة (١٧٥٤٥٠٠٠) سبعة عشر مليون وخمسمائة وخمسة واربعون الف دينار عراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

***

دادگای بەرایی هەولێر/٦

ژمارە/ ٢٤٦٠/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٥

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (مریوان عبدالله محمد)

داواکار (بنگین خلیل عبدالله) داوای ژمارە (٢٤٦٠/ب/٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەر (مریوان عبدالله محمد) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نادیارە بەپێی اشعاری هەولێر مختاری (گەرەکی شادی یەک و دوو) لە ٢٠١٩/١١/١٨ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٢/١٥) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەر/ حسین علی محمد

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:٤٥٨٩/ش/٢٠١٩

رێکەوت:٢٠١٩/١١/١٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (شێرزاد عبدالکریم شیت)

ئامازە بە داوای ژمارە (٤٥٨٩/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (ایمان اراز اسماعیل) وە داوالێکراو (شێرزاد عبدالکریم شیت) کە جۆری داوا بریتیە لە (تفریق للضرر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی راپەرین دادگا بڕیاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی ٢٠١٩/١٢/١١ کە خۆت ئامادەبێت یان بریکارێک یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت، بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:٤٤٣/ك/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٠

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ریبین جلال عبدالله)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.

دادەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای تاوانی هەولێر/٤

ژمارە: ٧٤/ج/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٨

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ نادر محمد حسن و نصرالدین محمد حسن و ئاری نادر محمد و حسن نادر محمد و حسین نادر محمد و جنکی نادر محمد و دەشتی نادر محمد و ریبەر نجم الدین محمد و قابیل نجم الدین محمد و رفیق محمد حسن و نجم الدین محمد حسن)

ئاگادارکردنەوە سزا

دادگای تاوانی هەولێر/٤ لە داوای ژمارە ٧٤/ ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنتان بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١١/١٠ دادگا بڕیاربدا بە سزای لەسیدارەدانتان بەپێی مادەی ١/١٤٠٦/أ/ز لەیاسای سزادان بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوتان هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕدەگرێت.

سەرۆک/ تحسن طه رسول

***

کۆلێژی زمان/ بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان خوێندی

ژمارە: ٢٤١٧/٢/٤

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٢

بۆ بەڕێز/ (م. دلشاد هیوا فریق بەناونیشانی (مامۆستای یاریدەدەر) لەسەر میلاکی

کۆلێژەکەمان/ کۆلێژی زمان

ئاگادارکردنەوە (اخطار)

بەهۆی دەست بەکارنەبوونت دوای لەکاردابرانت بەپێی فەرمانی کارگێڕیان ژمارە (٢٣١٦/٢/٤) لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٠ تاوەکو ئێستا داوات لێ دەکەین بۆ ماوەی (٧) حەوت رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ٣٠ سی رۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت دەست بەکاربێتەوە بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار بەکارەکەت دادەنرێت بەپێی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠) هەموار کراو مادەی ١٦ خاڵی یەکەم، کۆتایی بەراژەکەت دێت.

پ.ی.د. عاطف عبدالله فرهادی

ڕاگری کۆلێژ

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە: ٥٨٥٩/ش/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١

جاردان

بۆ/داوالێکراو (جمال یعقوب دیوانه)

ئامازە بە داوای ژمارە (٥٨٥٩/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داواکار (أسماء اسعد طاهر) و داوالێکراو (جمال یعقوب دیوانه)، جۆری داوا (پەسندکردنی تەلاقنامەی دەرەکی(تصدیق زواج خارجی)یە، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (٢٦گوڵان-شاوێس)، دادگا بڕیاربدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/١٢ کە خۆت ئامادەبێت یان بریکارێک یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت، بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادەر/صباح قادر کاملا

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە: ٤٨٥٦/ش/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٨

جاردان

بۆ/داوالێکراو (یوسف کوکان - بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (POLTEKS DOGA سەرەڕای کارەکەی)

داواکاری (کاظم دینج- بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (PDC) سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (١٢٥٤/ب/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (یوسف کوکان - بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (POLTEKS DOGA سەرەڕای کارەکەی) داواکار داوای بڕە پارەی (٢٨٩٤٩٣) دووسەدو هەشتاونو هەزار و چوار سەدو نۆهەتو سێ دۆلار دەکات، ئەم دادگایە لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٧ بڕیاری دابە:

پابەندکردنی داوالێکراو (یوسف کوکان - بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (POLTEKS DOGA سەرەڕای کارەکەی) بەدانی بڕە ارەی (٢٨٩٤٩٣) دووسەدو هەشتاونو هەزار و چوار سەدو نۆهەتو سێ دۆلار کە دەکاتە (٣٤٧٩٧٠٥٨٦) سێ سەدو چل و حەوت ملیۆن و نۆسەدو حەفتا هەزار و پێنج سەد و هەشتا و شەش دینار. لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی تیار) لە ٢٠١٩/٦/٢٠ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی پێ راگەیاندنت وە ئێوە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێچەلچوونەوەی و پێداچوونەوەی هەیە لەماوەی ٣٠ سی رۆژ لە بریاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.

دادەر/ قباد شیرزاد نوری

***

ئاگاداری

دادگای بەرایی هەولێر/١ لە داوایی ژمارە (٣٢١١/ب/٢٠١٧) (ازالە الشیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بریاردار بە فرۆشتنی ئاشکرای موڵکی ژمارە (٢٢٧٤/٣٥٩ ك ٤٥ وارش) کە باڵەخانەی بازرگانیە , شوێنەکە روکنەو رووبەرەکەی پێکهاتووە لە (٩,٦١٠م٢) و ئەم موڵکە شوێنی لە (هەولێر – گەرەکی ئیسکان) سە سەر شەقامی (٦٠ م) تەنیشت کەبابخانەی (فاروق) رووبەری زەویەکە ژێر زەمینێکی هەیە و پێکهاتەکەی بریتیە لە باڵەخانە و نهۆمێکی سەرزەوی (اراضی) و نهۆمی یەکەم و تەواوی بیناکە لە بلۆک دروست کراوە و شوێنەکە بازرگانیە .

جا هەر کەسێک نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی رێژەی (١٠٪) لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/١٥) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات لە دادگای بەرایی هەولێر/١.

***

وەزارەتی پێشمەرگە

دادگای سەربازی یەک

ژمارە: ١٠٠٣

ژمارە: ١٧٥ (٧٦٨/٢٠١٧)

رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١

پێراگەیاندن

بۆ/ ر.ع (صدرالدین محمد علی تتو)

پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتیە لە (٣٠) سی رۆژ کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٧/٧٦٨) لە پێنی مادەی (١/٣٣) لەیاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.

شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- لیوای (٤) پیادە.

شوێنی دانیشتوی / نانوینشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).

دادەر/ کوردەوان نەقشبەندی

سەرۆکی دادگای سەربازی یەک

***

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك

ژمارە/ ١٤٠٦/ش/٢٠١٩

رێکەفت/ ٢٠١٩/١١/٢٦

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە

ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (هوار سلیمان سعید) ئێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢١ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (ڤیان اسماعیل عبدالله) بریاردا ب (النفقة الماضية للمدعيه ڤیان اسماعیل عبدالله والنفقة المستمره للطفلين كل من (کاڤین وگەهین ولدا المتداعيين) وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ وبەرڤەڕاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان

دادەر / زیڤان احمد حسین

***

دادگای مادەکان له دهوك

ژمارە/ ٧٧/م/٢٠١٩

رێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/٢

راگەهاندن ب بریاری با شملیی

بۆ داوالێکری (فلاح میکائیل کوریال) بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل ڕۆژا ٢٠١٩/١١/٢٥ دناف بەرا تە دا وداواکار (سمیره موشی ایشو) وتە مافێ نەرازیبونێ ل سەر بریارێ هەیە دەمێ دە ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڕۆژنامێ وبەرڤەڕاژی دێ بریار دوماهیک نێت دەرهەقێ تەدا

دادەر / شکر سلطان عدو

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٦٨٧/ ٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢

راگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا شوقا ژمارە (٢٠) عیارا (H1) هاتیە ئافاکرن لسەر مولکێ ژمارە (٢٠٨١/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) وتومار کریە بنافێ قەردار (نظیرة محمد طاهر یونس) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکۆژمێ (٣٢٢٨٧٢٥٠) سیە ودوو ملیون ودوو سەد وهەشتێ وحەفت هزار ودوو سەد وپێنجیە دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕۆژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕۆژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کۆژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلایەت لسەر بکری یە

سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٠) عیارا (H1) لسەر مولکێ ژمارە (٢٠٨١/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێک هاتیە ژ شوقا ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت دکەڤیتە نهوما پێنجێ ژ عیارێ وپێک دهێت ژ زورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نشتنێ ولینانگەو وپێکهاتێن ساخلەمیێ ڕوبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار

هلات عبدالکریم محمد / (جێ بەجێ کاری داد)

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە/ ١٥٨٣/ ٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢

راگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (شرینة نجیب عبدالقادر) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکۆژمێ (٢٠٩٥٤٠٠٠) بیست ملیون ونەە سەد وپێنجی وچار هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانی ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕۆژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕۆژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کۆژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلایەت لسەر بکری یە

سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٠) عیارا (H1) لسەر مولکێ ژمارە (٢٠٨١/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێک هاتیە ژ شوقا ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت دکەڤیتە نهوما پێنجێ ژ عیارێ وپێک دهێت ژ زورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نشتنێ ولینانگەو وپێکهاتێن ساخلەمیێ ڕوبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار

هلات عبدالکریم محمد / (جێ بەجێ کاری داد)

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە/ ٢٧٤٨/ ش/ ٢٠١٩

رێکەفت/ ٢٠١٩/١١/٢٤

ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (هوار سلیمان سعید) ئێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢١ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (ڤیان اسماعیل عبدالله) بریاردا ب (النفقة الماضية للمدعيه ڤیان اسماعیل عبدالله والنفقة المستمره للطفلين كل من (کاڤین وگەهین ولدا المتداعيين) وتە مافی نەرازیبونێ یێ هەی دماوێ دە ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ وبەرڤەڕاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان

دادەر / زیڤان احمد حسین

***

دادگای ماددەکان له دهوك

ژمارە/ ٧٧/م/٢٠١٩

رێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/٢

راگەهاندن ب بریاری با شملیی

بۆ داوالێکری (فلاح میکائیل کوریال) بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل ڕۆژا ٢٠١٩/١١/٢٥ دناف بەرا تە دا وداواکار (سمیره موشی ایشو) وتە مافێ نەرازیبونێ ل سەر بریارێ هەیە دەمێ دە ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڕۆژنامێ وبەرڤەڕاژی دێ بریار دوماهیک نێت دەرهەقێ تەدا

دادەر / شکر سلطان عدو

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٦٨٧/ ٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢

راگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا شوقا ژمارە (٢٠) عیارا (H1) هاتیە ئافاکرن لسەر مولکێ ژمارە (٢٠٨١/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) وتومار کریە بناڤێ قەردار (نظیرة محمد طاهر یونس) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکۆژمێ (٣٢٢٨٧٢٥٠) سیە ودوو ملیون ودوو سەد وهەشتێ وحەفت هزار ودوو سەد وپێنجیە دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕۆژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕۆژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کۆژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلایەت لسەر بکری یە

سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (٢٠) عیارا (H1) لسەر مولکێ ژمارە (٢٠٨١/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێک هاتیە ژ شوقا ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت دکەڤیتە نهوما پێنجێ ژ عیارێ وپێک دهێت ژ زورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نشتنێ ولینانگەو وپێکهاتێن ساخلەمیێ ڕوبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار

هلات عبدالکریم محمد / (جێ بەجێ کاری داد)

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە/ ٢٧٤٨/ ش/ ٢٠١٩

رێکەفت/ ٢٠١٩/١١/٢٤

ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (هوار سلیمان سعید) ئێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢١ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (ڤیان اسماعیل عبدالله) بریاردا ب (النفقة الماضية للمدعيه ڤیان اسماعیل عبدالله والنفقة المستمره للطفلين كل من (کاڤین وگەهین ولدا المتداعيين) وتە مافی نەرازیبونێ یێ هەی دماوێ دە ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ وبەرڤەڕاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان

دادەر / زیڤان احمد حسین

***

دادگای ماددەکان له دهوك

ژمارە/ ٧٧/م/٢٠١٩

رێکەفت/ ٢٠١٩/١٢/٢

راگەهاندن ب بریاری با شملیی

بۆ داوالێکری (فلاح میکائیل کوریال) بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل ڕۆژا ٢٠١٩/١١/٢٥ دناف بەرا تە دا وداواکار (سمیره موشی ایشو) وتە مافێ نەرازیبونێ ل سەر بریارێ هەیە دەمێ دە ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڕۆژنامێ وبەرڤەڕاژی وێ دێ بریار دوماهیک نێت دەرهەقێ تەدا

دادەر / شکر سلطان عدو

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك


ژمارە/

شوێنەواری دزکەرە (دسکەرە) لە روانگەی شارستانییەتدا





کەمال نوری مەعروف



پێشەکی: لە زووەوە بیرم لەوە دەکردەوە سەردانی گوندی(دزکەرە) یان(دسکەرە)بکەم تا لە نزیکەوە لە سروشتی ئەو قەڵایە تێبگەم کە بە پێی سەردەم پاشماوە دێرینەکانی بۆ کام شارستانیەت لە قۆناغەکانی میژوو دەگەڕێتەوە. دیارە لە ماوەی تەمەنی کارکردنمدا لە شوێنەوار ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا ، ئەوەش بەشێکی پەیوەندی بە بارو دۆخەکەوە هەبوو و بەشەکەی دیکەشی پەیوەندی بە دوورخستنەوەو گوێزانەوەمەوە هەبوو بۆ دایەڕەیەکی تر کە پەیوەندی بە پسپۆرێکەمەوە نەبوو ، بەڵام دوای خانەنشین کردنم لە 16ی 3ی 2014 ئەو سەردانەم لەگەڵ برایان (کەمال ئەحمەد محمەد)و (عەزیز حەمەلاو) کرد بە ئامانجی وەرگرتنی زانیاری لەسەری و ئامادەکردنی نووسینێک لە بارەی میژۆکەیەوە.

سەرەتایەک:

دەشتی شارەزوور کە لەناوەندی شوێنەوارناسیدا ناسراو و دەوڵەمەندە بە پاشماوەی دێرینی چاخە کۆنەکان. بە سەیرکردنێکی بۆرت دەردەکەوێت ئەو بەشەی کە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوایەوە و ناسراوە بە تانجەرو لە کۆندا بەشێک بووە لە دەشتی شارەزوور، بەڵام بڕینی ڕێگایەک بەناوی عەربەت-دەربەندیخان ئەو دەشتەی کردووە بە دوو بەشەوە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو بەشەی بە تانجەرۆ ناسراوە هەروەکو ئاماژەمان پێدا.

گەڕانێک بەو بەشەدا دەرکەوت بە پێت و بەردەکەتی زەوی وزارەکەی هەمان سیفاتی پێکهاتەی دەشتی بەناو شارەزووری هەیە ، کە پڕە لە کەرەسەی عوزوی و مەعدەنی، ئاو و هەوای دەشتەکەش بە گشتی لەبارە بۆ کشتوکاڵ بەهۆی بارانی زۆریەوە لە وەرزی باراندا.

گوندەکەش هەر لە کۆنەوە ئاوەدان بووە بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاو بۆ ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانەکەی لەوانە چاوگی باوەسمایل (ئیسماعیل) کە کارێزێکە دەکەوێتە گردی(ماران)کە باکووری خۆرهەڵاتی گوندەکەی گرتووە. دانیشتوانەکەش لەماڵەکانیاندا پەنایان بردۆتەبەر هەڵکەندنی بیر کە کاری ڕۆژانەی خۆیانی پێ مەیسەر دەکەن.

ڕێگای گەیشتن:

ڕێگای گەیشتن بە گوندی دزکەرە بە ئۆتومبێل، ڕێگای عەربەت-دەربەندیخانی بۆ دەگرین. دزکەرەش بە 3کم لە خوار جادەی سەرەکی عەربەت-دەربەندیخانەوەیە، واتا لە خوار باوەسمایل و کۆمەڵگەی ئاوەڕەکانی ئێرانەوەیە لە ناوچەی وارماوا. قەڵای دزکەرە(دسکەرە)ش کەوتۆتە ناو ماڵەکانی گوندەکەو بەشێک لەخانووەکانی چواردەوریان داوە و هەندێکیان کەوتوونەتە ناو پشتێنەکەی یان لە بڕینی زەویەکەیدا خانوو دروستکراوە.

ناوڵێنانی گوندەکە:

گوندەکە بەناوی قەڵاکەوە ناونراوە کە بە (دزکەرە) یان (دسکەرە) ناوی بڵاوبۆتەوەو بۆتە نازناو بۆ هەردوکیان. گەڵێک لەسەرچاوە میژوویەکان گەڕام بۆ ئەوەی لەوە تێبگەم ناوەکە ڕەگوریشەی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بۆم ساخ نەبۆوە. تەنانەت لە کتێبەکەی مامۆستا جەمال بابانیشدا کە بەناوی(اصول اسماء المدن و المواقع العراقیە- ج 1 . بغداد 1989) هیچم لە بارەیەوە دەست نەکەوت. لە فەرهەنگی (قاموس الفارسیە)دا، کە فەرهەنگێکی فارسی/عەرەبییە لە دانانی دکتۆر عەبدولنەعیم محمد حەسەنێن (دسکەرە) واتا (گوندی گەورە)، هەر لە هەمان سەرچاوەدا وشەی (دزک) لەلاپەڕە 252دا بە مانای (قەڵای بچووک) هاتووە، کە پێدەچێت هەر ئەو ووشەیە بووبێت و دواتر لەسەر زمان و بە پێی ڕۆژگار بووبێتە (دزکەرە). بەڵام بەبۆچوونی خۆم، ناوی (دزکەرە) یان(دسکەرە) بەشیکردنەوەی برگەی یەکەم(دز) یان(دس) کە هەر مانای (دز) دەبەخشێت بنەچەکەی لە (دژ)ەوە هاتووە، کە بە مانای قەڵا دێت، بەڵێکدانی هەردوو برگەکەش بە (قەڵای دەستکرد) ڕاقە دەکرێت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا دانیشتوانی گوندەکە قەڵاکە (بەتورەکە ڕێژ) ناو دەبەن کە لە زودا دانیشتوانەکەی دروستیان کردبێت. بەڵام ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیەو ڕاستیەکەی بەرزبوونەوەی گردەکە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی چینی نیشتەجێبووەکانی ناو قەڵاکە دروستبووە. لەوانەشە نازناوەکە لە (دز کوردەوە) وەرگیرابێت کە مانای قەڵای کورد دەبەخشێت، کە دوایی بە وتنەوەی لە سەر زمان بووبێتە (دز) یان (دسکەرە). کە بەڵای منەوە، ئەگەر بۆچوونەکەم لەشوێنی خۆیدا بێت، ڕەنگە مانای ئەوە بدات کوردی کۆچەر کە بەنای کوردو گۆران هاتووە لەو ناوچەیە دەواریان هەڵدابێت و بە ناوی ئەوانەوە بووبێتە نازناو بۆ گوندەکە و قەڵاکەش. ئەمەش بەڵگەیەکی ترمان پێدەدات کە پێموایە گوندەکە لە کۆنەوە بووبێتە شوێنی مانەوەی عەشایەری کۆچەرو هەر ئەوانیش بە هەرهۆیەک بووبێتە بەردەوام مابنەوەو ژیانیان بەرەو پێشبردبێت لە گوندەکەدا. بەڵگەی زیندووش بۆ ئەو بۆچوونە بوونی نازناوەکەیە کە نوێیەو پەیوەندی بە پاشماوەی قەڵا شوێنەوارێکەوە نییە. بۆچوونێکی تر سەبارەت بە ساخکردنەوەی ناوەکە، پێدەچێت لە(دزکورە) وەرگیرابێت کە لەسەر زمان بە وتنەوەی بووبێتە(دزکەرە)(دسکەرە) وشەی (کور-kur) لە زمانە کۆنەکاندا بە شاخ دەوترێت کە بە لێکدانی هەردوو برگەکە قەڵای شاخ دەگرێتەوە کە شوێنی لە دەشتەکەدا دیارەو لە دوورەوە دەبینرێت. نموونەی بەرچاویش بۆ وشەی (دز) وشەی (رواندز)ەکە بەناوی قەڵای عەشرەت دیاریکراوە.

قەڵای دزکەرە یان(دسکەرە): قەڵای ناوبراو شوێنەوارێکی دێرینی ناو گوندەکەیەو لە هەموو لایەکیتوە بە خانوو دەوردراوەو لە قەڵاکەی بۆ بڕاوە بە ئامانجی پەیداکردنی زەوی بۆ دروستکردنی خانوو لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە. ئەو بڕینانەش لە قەڵاکەکراوە وایکردووە زیانێکی زۆر بە چینەکانی ناوەوە بگات لەهەمانکاتیشدا ڕووبەری قەڵاکەی تەواو بچکۆلە کردۆتەوە و ئەگەر دانیشتوانی گوندەکە بەو جۆرە بەردەوامبن لەسەر بڕینی قەڵاکە لە داهاتوویەکی نزیکدا شوێنەواری لە ناوچەکەدا نامێنێت، بەوەش لاپەڕەیەک لەمێژووی دێرینی ئەو ناوچەیە گوم دەبێت کە پاشماوەکانی بەڵگەن بۆ دێرینی ناوچەکە.

قەڵای دزکەرە لە کۆندا شێوەیەکی نیمچە بازنەیی هەبووە کە هاوشێوەی (گردەرەش)ی گوندی باریکەی تانجەرۆیە بەڵام بەرزتر لەو.

شوێنی قەڵاکە

لە باکوریەوە جادەی عەربەت - دەربەندیخان دێت و لە باشوری خۆرهەڵاتیشەوە چەمی تانجەرۆ لە خۆرهەڵاتیەوە زەرایەن ولە خۆرئاواشەوە دەربەند فەقەرەو شەمەوێلەکەیە. لە ڕۆژگاری ئێستاماندا ئەوەی ماوەتەوە لەشوێنەوارەکە شێوەکەی لاکێشەییەو پانیەکەی لەناوڕاستیدا (100) مەترەو بەرزیەکەی لە خۆرئاوایدا (60) مەترەو لەباکوریدا لە نێوان (30-35) مەترە.

بەشێوەیەکی گشتی قەڵای ناوبراو لەشێوەیدا دەچێتەوە سەرقەڵای شیروانەی کەلار کە بەشی سەرەوەی لەناوراستیدا لەشێوەی میزەرێکی قوچ دێتە بەرچاو. ئەو لەتەگۆزە و گلێنە هەمەجۆرو شێوەیەی دیارە لەسەر قەڵاکە و دەوروبەری، بەڵگەن بۆ سەردەمەکانی بەر لەمێژوو" مێژووەک کە لاپەڕەیەکی پرشنگدارە بۆ ڕۆژگارە دێرینەکەی و خەڵکەکەی کە بەرەو شارستانییەت هەنگاویان ناوە.

تەمەنی قەڵای دزکەرە(دسکەرە) لەڕووی سەردەمەوە:

قەڵای دزکەرە لەڕووی سەردەمەوە بەپێی لەتەگۆزەو گلێنەکانی کە بڵاوبوونەتەوە و بەهەرلایەکی شوێنەوارەکەدا بڕۆی بەرچاو دەکەون بەڵگەن بۆ دیاری تەمەنەکەی. لەو گەڕانەمدا بەشوێنەوارەکەدا توانیم ژمارەیەکی زۆر لەو بابەتانە بدۆزمەوە کە بوونە بەڵگە بۆ دیاریکردنی سەردەمی شوێنەوارەکە لەوانە:

1- دەمی لەتەگۆزەیەک لەقورێکی مەیلەو خۆڵەمێشی کە دەڕوانێت بەسەر زەردا بەشێکە لە کۆپەیەکی گەورە، و دوو هێڵی پشتێنەیی نەخشکراو بەملی دەمەکەیەوە دیارە کە بە پەنجە نەخشراون. دەمی لەتەگۆزەکەش بۆ دەرەوە بەشێوەیەکی نیوە بازنەیی کراوەتەوە. لەو پاشماوانەیە کە بۆ چاخی ساسانی دەگەڕێتەوە (227-651 ز) لەو شێوەیەش لەسەردەمی ئیسلامیدا بەردەوامی هەبووە، واتە (651ز) بەدواوە کە چەرخ لە دروستکردنیدا بەکارهێنراوە.

2- لەتە دیزەیەکی ڕەشباوی تەنک ڕەنگەکەی بەسەر خۆڵەمێشیدا دەڕوانێت دەمەکەی بۆ دەرەوە کراوەتەوە. پێوەی دیارە لە ڕۆژگاری خۆیدا بۆ چێشت لێنان بەکارهێنراوە. چونکە بەدیوی ناوەکەیەوە تۆزێکی ڕەشباو بەرچاو دەکەوێت. وەکو سەردەم بۆ چاخی ئاشوری دوایی دەگەڕێتەوە واتە(900-612 پ .ز) لەدروستکردنیدا چەرخ بەکارهێنراوە و سورکراوەتەوە.

3- بنکی لەتە سوالەتێکی درێژکۆلەی ساکار، لە قورێکی سووباو دروستکراوەو سورکراوەتەوە. کە بەلای زەردا دەڕوانێت، لە دروستکردنیدا دووبارە چەرخ بەکارنەهێنراوە و قوڕەکەشی پاک نییە و تێکەڵاوە لە وردە لم و گەردیلەی گەچ، وەکو سەردەم بۆ چاخی وەرکا دەگەڕێتەوە واتە هەزارەی چوارەمی پ.ز.

4- دوڵێکی بەردینی ناوخڕی تۆکڵ ئەستووری مەیلەو سپی کەلە حەوشەی مالێکی تەنیشت گردەکەدا بەرچاوم کەوت، درێژییەکەی ٨ سم و بەرزیەکەی ١٥ سم، پێدەچێت بۆ کوتاندنی دانەوێڵە بەکارنەهێنابێت، یان بۆ پێداویستیەکانی تر وەکو بۆ هارینی ڕەنگەکان سودیان لێبینیبێت. کە بەپێی شێوەی دەمەکەی بۆ سەردەمی (وەرکا) دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی نارێک دروستکراوە.

٥ - بەبڕینی قەڵاکە لەلاکانیەوە پاشماوەی گۆڕی زۆر بەرچاو دەکەون، لە هەندێکیاندا ئیسقان، یان کاسەی سەرمان دییەوە دیارن کە لەگۆڕی ئاساییدا نێژراون بەو شێوەی کەباوبووە لەناویاندا و بەشێکیان بچکۆلە بوون لەهی منداڵ دەچوون. واتە بەشێوەی کۆکراوە بوون. قاچوو دەستیان بۆ سەر سنگیان هاتوونەتەوە. ئەوەش بەڵگەیە لایان کە مردووەکە وەکو خەوتبێت. هاتووەتە بەرچاویان. مردووەکانیش بەچینەکانەوە دیاربوون لە ژێر چینی ژوورەکاندا نێژرابوون ئەوەش بەڵگەی خۆشەویستیانە بۆیان کە لەخۆیان جیانەکردوونەتەوە، چونکە لایان وابووە بەئاگا دێنەوە. وەکو سەردەم بۆ چاخی وەرکا دەگەڕێتەوە و ژیانی دانیشتووەکەش بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە بەڕێوەچووە.

٦- هێلکە شەیتانۆکە یان ناسراو بە قاقلە جنۆکە بەژمارەی زۆربەچینەکانی خوارەوەی شوێنەوارەکەوە دیارن کە بۆچاخی وەرکا دەگەڕێنەوە. مرۆڤی قەڵاکەش بۆ ژەمە خواردن دوای گەرمکردنی بەکاریان هێناوە. ئەو دیاردەیە لە گردی (قالیج ئاغا) لەهەولێر و گردەرەشی گوندی باریکەی نزیک عەربەتیش بەرچاو دەکەون. بەڵام دەرکەوتووە قاقلەجنۆکە لەسەردەمی بەردینی دواییدا کە ئاوو هەوا بەرەوخۆشبوون چووەوشێدار بووە بەتایبەتی لەبەردەمی ئەشکەوتی زەرزی لەچەمی ڕێزان دا بەپێی ڕای (خاتو گارڕوود) نەخوراوە واتە بەکارنەهێنراوە، هەروەکو دەڵێ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە کە مرۆڤی زەرزی بەکاری هێنابێت.


٧- ئەگەر کاری کنەو پشکنین لەو قەڵایەدا بکرێت پێدەچێت لە چینەکانی خوارەوەیدا سەردەمەکانی عوبێدو کۆنتریش دەربکەون واتە بەر لە هەزارەی چوارەم کە هاوتەمەن دەوەستێتەوە لەگەڵ گردی حەسوونە ناوچەی موسڵ بەڵام لەئێستادا لەبەرئەوەی قەڵاکە بەگژۆگیا داپۆشرابوو گەڕان پێیدا گرانبوو بۆ دەستخستنی زانیاری زۆرتر ئەگەر وا نەبوایە دەمانتوانی بەردەئەستێو بەڵگەی تریش لە پاشماوەکانی ئاسەوار بەرچاو بخەین کە لە گردەڕەش دا هەبوون کە بەهۆیانەوە تاوەکو زیاتر سنووری شارستانییەتەکەی دیاری بکەین.

٨- بۆ ئەوەی قەڵاکە لەوە زیاتر چوارەورەکەی نەبڕێت یان خانو تەنگی پێ هەڵنەچنێت، بە پێویستی دەزانم دیوارێکی بەردین بەچوارەوریدا بکرێت. یاخود تەلبەنگ بکرێت بۆ مانەوەی لە دەستدرێژی. دیارە بوونی دانیشتوان لەو دەوروبەرە هۆکارە بۆ زیانگەیاندنی زیاتر بەو پاشماوەیە کە نهێنییەکانی ناو ورگی گردەکە پەیوەندییەکانی ناوچەکە بە شارستانیەتی دەوروبەری دەردەخات. تکام وایە لایەنی بەرپرس هەوڵێک بدات بۆ دابینکردنی پاسەوانێک بۆی لە دانیشتوانی گوندەکە بۆ ئەوەی بپارێزرێت.

سەرئەنجام:

هەروەکو دیارە میژووی دێرینی ئەو قەڵایە بەشێکە لە شارستانیەتی دەشتی شارەزوور لەسەردەمی وەرکادا. ئەگەر بەراوردی بکەین بە پاشماوەکانی گردەڕەشی باریکەو قالیج ئاغای شوێنەواری ناسراو کە لەناو ئاسەوارە دۆزراوەکانییاندا سەرەتەشیش لەناویاندا هەبوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کاری ڕستن و چنین واتە جۆلایی لە هەزارەی چوارەمی پ.ز لە کوردستاندا سەریهەڵداوە و باو بووە. ئەوەش دەرکەوتنی دیارە بۆ دوای سەرهەڵدانی گوندی کشتوکاڵی و مانێکردنی ئاژەڵ دەگەڕێتەوە هەروەکو قەڵا چەرموو و زاوی چەمی و تامرخانی مەندەلی دۆزرانەوەو کەوتووەتە بەرچاو. دیارە دۆزینەوەو کارکردنیش لەو بوارەدا بیرۆکەکەی هەر بۆ ئافرەت دەگەڕێتەوە، چونکە پیاو سەرقاڵ بووە بەراوکردنی ئاژەڵی کێوی.





بارودۆخی ئابووری رووسیا





بەشی سێیەم

د.خۆشەوی مەلا بریم

لە دوای تەنگژەی دارایی – دراوی و هاتنەکایەوەی بارودۆخێکی نوێی ئابووری هەمەکی macro-economics و لە ترسی بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵایسان و بەهاداشکانی ڕێژەڵ، هەروەها لەبەر مەترسی پەرەسەندنی تەنگژەی بانکی لە ناوەڕاستی دیسامبەری سالّی 2014دا دەسەڵاتداران و بەرپرسانی دارایی ڕووسیا دەستیان بە بەرزکردنەوەی دەرسەدی سوودی بانکیان کرد، مەبەست لەو کارەش بۆ هاندانی زیاتری سەرمایەگوزاری لەلایەن خەڵکەوە بوو، کە پارەکانیان لە بانکەکاندا نەکشێنەوە و پێشگیری لەبەربەستکردنی ئەو دیاردە نەرێنییە بگرن، لە شەوی 15 لەسەر 16ی دیسامبەری 2014دا بانکی ناوەندی ڕووسیا نرخی سوودی بانکی یەکسەرە بە ڕێژەی لە 6,5 % بەرز کردەوە و گەیشتە ئاستی لە 17%، بەڵام لە پاش چەندان هەوڵی ناکامدا بانکی ناوەندی ناچار بوو، کە لە بڕیارێکدا لە 3-8-2015دا بۆ ئاستی لە 11%پاشەکشە لەو بڕیارەدا بکات.

3-کەمبوونەوەی داهاتی باج بەسەر کەسایەتییە فیزیکەکان.

لەبەر لەبەردەستدانەبوونی سەرچاوەی قەرز، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی ڕاستەقینەی بودجە. بەپێی بڕیاری سەرۆک کۆماریش کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانیش جێبەجێ ناکرێت، بۆیە ناوەندەکانی خۆجێیی ناچارن، کە ژمارەی فەرمانبەرانیان کەمبکەنەوە. لە هەندێک ناوچەدا ناچار بوونە، کە پێکهاتەکانی زیادە خەرجیش لەناو ببەن. لەو بارودۆخە نوێیەی، کە لە سالّی 2015دا هاتووەتە پێش و ئاستی هەڵایسان لە ڕادەیەکی بەرزدا دەبێت و هەرێمەکان ڕووبەڕووی بودجەی کورتهێنان دەبنەوە، بەڵام دەتواندرێت کە لەو بڕە ئاستە هەڵایسانە نوێیەدا باج وەربگیرێت، کە لە ڕووی ئامارەوە دەتواندرێت، کە ئەو کورتهێنانە قەرەبوو بکرێنەوە، هەروەها ئاستی دابەزینی کۆی بەرهەمی ناوەخۆیش GDP ڕابگیرێت. لە لایەکی دیکەوە دەرامەتی ڕاستەقینە کەمبوونەوە بەخۆوە دەبینێت. ئەو ناوەندانە لەوانەیە، کە ڕووبەڕووی گەرانەوەی قەرزی پێشووی ماوە بەسەرداچووش ببنەوە.

ئاستی پیشەسازی ڕووسیا و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان

سەرەڕای کەمبوونەوەی ئاستی سەرمایەگوزاری هەتا ناوەندەکانی سالّی 2014 ئاستی پێشکەوتنەکانی پیشەسازی لە ڕووسیا لە بەرزبوونەوە دابوو، کە هۆکاری سەرەکیش بۆ گونجاوی نرخی ڕێژەڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو پێشکەوتنانە لە مانگەکانی کۆتایی سالّی 2014دا بەرەو نزمی چوون و پرۆسەی پێشکەوتن ڕاگیراوە، دیارە ئابلۆقە و دابەزینی نرخی وزە و سووتەمەنی کاریگەریان هەبووە. وا چاوەڕوان دەکرێت، کە لە سالّی 2015دا پیشەسازی ڕووسیا ڕووبەڕووی کەمی سەرچاوەکانی سەرمایەگوزاری و کزی توانای خواستن بەسەر کڕیندا ببێتەوە، هەروەها بەهای ئامرازەکانی یەدەک و پێداویستییەکانی پیشەسازیش ڕووبەڕووی گرانی ببنەوە.لە ناوەڕاستی سالّی 2014دا کەرتەکانی پیشەسازی خۆراک، تۆتۆمۆبیل و ئامێرەکان، پیشەسازی لاستیک و بەرهەمەکانی نەوت پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی. لە پایزی هەمان سالّدا نرخی ڕێژەڵ بە ڕێژەی لە 10بۆ لە 20% کەمبووەوە، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو، کە ئەو کەرتانە زیاتر پێشکەون، بەڵام کاتێک لە کۆتایی سالّدا گوشارێکی زیاتر هاتە سەر بازاڕەکان، لەناکاودا نرخی دراوی نیشتمانی بەهاداشکانی زۆری بەخۆوە بینی یەکسەر کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی پێشکەوتنی ئەو کەرتانەدا کرد و پرۆسەی بووژانەوە ڕاگیرا. لە کورتخایەندا وا چاوەڕوان دەکرێت، کە پیشەسازی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هۆکار نەرێنییانەوە:

(1) کەمبوونەوەی ئاستی تواناکانی کڕین واتە خواستن دابەزین بەخۆوە دەبینێت.

(2) ئامێر و شتومەکی پێویستی یەدەک، کە لە دەرەوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنان هاوردە دەکرێن بەپێی نرخی دراوی نیشتمانی گران دەبن.

(3) سەرمایەگوزاری ڕووبەڕووی کزبوونەوە دەبێت – لەبەرئەوەی، کە سەرچاوەکانی دارایی ئەوتۆ لەبەردەستدا نابێت و لەبەر ئابلۆقەکانیش بازاڕی دەرەکیش سنووردار بووە، هەرچەندە کە سێکتەری دەرهێنان بە شێوەیەکی جێگری تێکڕای گەشەی ئابووری بریتی بوو لە-2% بەڵام لەمەودوا ئەو گەشەیە ڕادەگیرێت یاخۆ دەکەوێتە ناو بارودۆخێکی بەستوودا لەو هەلومەرجە نوێیەدا وا چاوەڕوان دەکرێت، کە دەستکەوتەکان بکەونە بەر مەترسی زیاتری نزمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا.

3. ئالۆگۆڕی بازرگانی و کاریگەری تەنگژە

لە کۆتایی سالّی 2014دا لە ڕووسیا هاوردە بە ڕێژەی لە 9,8%کەمبووەتەوە، ئەو بەرئەنجامەش زیاتر بۆ هۆکاری بەهاداشکانی نرخی ڕۆبڵ دەگەڕێتەوە، تا ئێستە پرۆسەی کۆتایی بەهاداشکانی ڕۆبڵ دیارنییە، کە هەر ئەو کاردانەوەیە قەبارەی هاوردە و هەناردەش سنووردار دەکات. هەناردەی کالاکانی ستراتیجی ڕووسیا وەکو گاز لە سەرەتای سالّی 2015 بۆ ولاتانی جارانی یەکێتیی سۆڤیەت و ولاتانی ئەورۆئاسیا کەمبووەتەوە، چاوەڕوان دەکرێت، کە لە داهاتووشدا بەهای هەناردە کەمبێتەوە هۆکاری سەرەکیی بۆ دابەزینی شیاوی کڕین و ئاستی خواستنی ئەو ولاتانە دەگەڕێتەوە. بەپێی بۆچوونی بەشێکی زۆری پسپۆرانی ڕووسیایی پێویستە، کە ئەو بارودۆخە بگۆڕدرێت و چەندان ڕێکاری بە لیبرالّکردنی بازاڕەکان لە پێش بگیرێن.

لە سالّی 2014دا کۆی هەناردەی بازرگانی ڕووسیای فیدراڵ بە ڕێژەی لە 523,3 ملیارد دۆلار بوو، کە بەبەراورد لەگەڵ سالّی 2013بۆ ئاستی 493,6 ملیارد دۆلار کەمبووەتەوە واتە بە ڕێژەی لە (-5,7%)، هەروەها کۆی هاوردەکردن لە سالّی 2013 دا لە 341,3ملیارد دۆلار بوو، 308,0 ملیارد دۆلار، لە سالّی 2014دا کەمبووەتەوە، واتە بە ڕێژەی (9,8%).وەکو دیارە، کە لە سالّی 2015دا هەر بەپێی ئەو نرخەی دراوی نیشتمانی، کە جێگیرکراوە هاوردەکردن بە ئەندازەیەکی زۆر بەرچاوەدەبێت و هاوسەنگی بازرگانی لە بەرژەوەندیی هاوردەکردندا دەبێت.

وێنەو کۆمێنت



ئیڤۆ مۆرالیس، کە ماوەیەک لەمەوبەر لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پۆلیڤیا زۆرینەی وەدەست هێنا و بۆ جاری دووەم بووەوە بە سەرۆکی ئەم وڵاتە و دواتر دەستی لەکار کێشایەوە و لە مەکسیک داوای مافی پەنابەریی سیاسی کرد، جگە لەوەی یەکێکە لە هاندەرانی تۆپی پێ، خۆشی یەکێکە لە یاریزانە باشەکان . مەسەلەکە لەوەش تێپەڕی کردووە، مۆرالیس سالّی 2014 بە فەرمی بۆتە یاریزانی تیپی سپۆرت بۆیزی پۆلیڤی . لە چەند دیمانەیەکیشدا نەیشاردۆتەوە کە یەکێکە لە هاندەرانی تۆپی پێی ئسپانیا و یانەی ریال مەدرید و بۆکا جۆنیۆرزی ئەرژەنتینی.

سالی 1818:

ئەلینۆی بوو بە ویلایەتی ژمارە 21ی ئەمەریکا .



سالی 1958:

ئیندۆنیسیا سەرجەم بەرژەوەندیەکانی هۆڵەندای لەسەر خاکەکەی خۆمالّی کرد .



سالی 1987:

سەبارەت بە ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ،نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری سازکردنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی دا .



سالی 1990:

مەقادیشۆی پایتەختی سۆمالّ کەوتە دەستی یاخیبوان .



سالی 2012:

باهۆزی بویا لە فلپین بووە هۆی کوژرانی 475 کەس.



سالی 2018:

قەتەر بڕیاری دا لە ڕێکخراوی ئۆپێک بکشێتەوە.

www.xebat.net
ژمارە (5884) 2019/12/3 سێ شەممە

جەزائیر لە نێوان گوشاری خۆپیشاندەران و سوپادا



ئا/ عەبدولقادر کەلهۆر

رۆژی هەینی رابردوو بە دەیان هەزار هاوواڵاتی جەزائیری رژانە سەر شەقامەکان و لە خۆپیشاندانێکدا داوایان دەکرد، هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کە بڕیارە مانگی داتوو ئەنجام بدرێت ، ڕەت بکرێتەوە، تا ئەو کاتەی دەسەڵاتدارانی نوکە بە تەواوەتی واز لە دەسەڵات دێنن و سوپای وڵاتیش خۆی بە دوور بگرێت لە سیاسەت .

خۆپیشاندانەکان کە زۆربەی هەرەزۆری شار و شارۆچکەکانی جەزائیری گرتبووەوە، بریتیبە لە و ناڕەزاییە هەفتەییانەی کە ماوەی چل و یەک هەفتەی یەک لە دوای یەکە بەردەوامە و بووە هۆی لەسەر کارلادانی عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی سەرۆکی پێشووی جەزائیر و زیندانیکردنی چەند بەرپرسێکی پێشووی دەوڵەتی جەزائیر. ئەو گوشارە بەردەوامەی بزووتنەوەی ناڕەزایی دەربرینە ئێستاکە ڕووبەڕووی تەحەدایەکی گەورەی سوپای دەوڵەت دەبێتەوە، کە گوشاری دروستکرد بۆ ئەوەی لە 12 کانونی یەکەمی داهاتوو ئەنجام بدرێت.بەو پێیەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن تاکە ڕێگە چارەیە بۆ ئەوەی سنووردار بۆ ئەو چەقبەستوویە دابنێت کە لە نێوان دەسەڵات و بزوتنەوەی ناڕەزایی و ئۆپۆزیسیۆندا لە ئارادایە .هاوڵاتیان لە خۆپیشاندانەکەیان لە جەزائیری پایتەختدا ، دروشمی ئەوەیان بەرز کردبووەوە (نا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان - ئازادکردنی دەستگیرکراوان- دوورکەوتنەوەی سوپای دەوڵەت لە سیاسەت) ..لەوەتەی دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی فەرمی لە تشرینی دووەمی ڕابردووەوە، پشێویی و نارەزایی و خۆپیشاندانەکان ڕوو لە زێدەبوون و بەهۆیەوە دەسگیرکردن و حوکمی زیندانیکردنی بەسەر هاوواڵاتیان و چالاکوانانی بواری مەدەنی سەپێنراون ، سەرباری ڕووداوی تووندوتیژی نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس .لەو چوارچێوەیەدا یەکێتی سەندیکای کرێکارانی جەزائیر کە سەر بە حکومەتی جەزائیرە و گەورەترین سەندیکایە لەو دەوڵەتە لە ڕێپێوانێکدا سوربوونی خۆیان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی نیشاندا ..جێی زانینە خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی هاوواڵاتیانی جەزائیر لە مانگی شوباتی ڕابردووەوە دەستیان پێکرد کاتێک عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی سەرۆکی پێشووی جەزائیر نیازی خۆی نیشاندا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خۆی بۆ سەرۆکایەتی جەزائیر کاندید بکات کە بڕیاربوو لە مانگی تەموزی ڕابردوو ئەنجام بدرێت.دوای ئەوە بە سەدان هەزار لە هاوواڵاتیانی جەزائیر ڕژانە سەر شەقامەکان و سوپای جەزائیریان ناچارکرد گوشار بخاتە سەر عەبدولعەزیز بوتەفلیقە و لە ئەنجامدا ناوبراو وازی لە دەسەڵات هێنا و دەسەڵاتدارانی جەزائیر دەیان کەسی دەستبەسەر کرد لە نێوانیاندا سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری جەزائیر و برای بوتەفلیقە و چەندین وەزیر و سەرمایەداری ئەو دەوڵەتە و زۆربەیان حوکمی قورس و درێژخایەنیان بە تۆمەتی گەندەڵی بەسەردا سەپێنرا.. لەو ڕۆژانەش هەردوو سەرۆکوەزیرانی پێشووتر ئەحمەد ئەبو یەحیا و عەبدولمالک سوڵال دەچنە بەردەم دادگا و دادگایی دەکرێن. بەڵام خۆپیشاندەران داوا دەکەن هەچی دەسەڵاتدارانی حکومی پێشووتر هەنە کە بەشداری حکوومەتی جەزائیریان کردووە ، لەوەتەی سەربەخۆبوونی جەزائیرەوە لە دەست فەرەنساوە لە وەتەی سالی 1962وە هەرهەموویان واز لە دەسەڵات بێنن و لە حوکمی جەزائیر دوورکەونەوە. لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی جەزائیر جگە لە گەندەڵکاران و سەیاسەتمەدارانی پێشووتر دەیان و سەدان کەسیان لە خۆپیشاندەران دەسگیر کردووە و خستوویانەتە زیندانەکانی جەزائیر.هەر بە هۆی ئەو ناسەقامگیری و خۆپیشان و ناڕەزاییانەوە زیانێکی ئابوری زۆر گەورەی لێکەوتووە، دەوڵەتی جەزائیر پشت بە بەرهەمهێنانی نەوت و غاز دەبەستێت. ئەو کەرتەش بەهۆی پشێوی و ناسەقامگیری سیاسییەوە داهاتەکەی لە 60 ملیار دۆلارەوە بۆ 30 ملیار دۆلار دابەزیوە .خۆپیشاندەران پێیان وایە کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو کە پێنج کەسایەتین هەر هەموویان لایەنگر و پیاوی دەسەڵاتدار و ئەندامی حکومەتی پێشووترن، سەرباری ئەوەش بابەتی پەیوەندییەکانی نێوان جەزائیر و مەغریب و والاکردنی زیاتری سنوری نێوان ئەو دوو دەوڵەتە هۆکارێکی دیکەن کە دەبنە مایەی ئەوەی خۆپیشاندەران ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ڕەت بکەنەوە.هەر لە بارەوە نووسەری ناودار و مامۆستای زانکۆی جەزائیری توفیق بو قەعدە پێیوایە، ڕووبەڕووبوونەوەکان لەو هەڵبژاردنەدا کراوە نابێت بۆ هەموو ڕەوتەکان، بەڵکو تەنیا بۆ ئەو کەسایەتیانە دەبێت کە پێشووتر حکومەتیان ناسیوە و لایەنگری بوونە، بەو بەهانەی تەنیا ئەوان دەتوانن هاوپەیمانیەتی گرێبدەن.

بۆقەعدە پێوایە، کردنەوەی دۆسیەی سنوور و پەیوەندییەکان لەگەڵ مەغریب لەلایەن بزووتنەوەی خۆپیشاندەران ڕەتکراوەیە، چونکە دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان پێویستیان بە والاکردنی سنور نییە هەر خۆیان بەسەر هەردوو دیوی سنور دابەش بوون .. کاندیدەکانیش بۆیە ئەو بابەتە دەوروژێنن چونکە لە نێو خۆی جەزائیردا شکستیان هێناوە بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئەو جۆرە پرسانە.

سەرچاوە:
ڕێتەرز - DW

شەڕی سیاسی نێوان
چین و ئەمەریکا



و: خالید گەردی

دوای دەرکەوتنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان و سەرکەوتنی گەورەی کاندیدی بزووتنەوەی بەرهەڵستکارانی هۆنگ کۆنگ بەسەر کاری لامی کاندیدی حکومەتی ناوەندی پەکین، ئاکامەکە لە لایەک بووە مایەی دڵخۆشیی زۆری لایەنگرانی بزووتنەوەکە، لەهەمان کاتیشدا کاری لامی حاکمی ناوچەکەش کە لەلایەن چین پێشتر بە شێوەی دامەزراندن دانرابوو زۆر ئیحراج کرد.ئەم هەواڵە قسەکەی جورج فریدمانی گەورە نووسەری ئەمەریکی بیر هێنامەوە کە گوتبووی ستراتیژیەتی ئەمریکا بەرامبەر چین بە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ نابێت.

بەڵکو لە ڕێگای قوواڵکردنەوەی گیانی دیموکراتی و لیبرالی ئابووری ئەو ناوچانە دەبێت کە خاوەن پێگەیەکی ئابووری گەورەن لە چین.بۆچوونێک هەیە کە (سەرژمێریەکان)یش پشتراستیان کردۆتەوە، ئەویش ئەوەیە میکانیزمە دوانەکەی سەرمایەداری هۆکاری کورت کردنەوەی ماوەی ئەو گەشەسەندنە بوو کە بۆ هەر وڵاتێک پێویست بووە تا بە ئاستێکی باشی خۆشگوزەرانی بگات. بەریتانیا بۆ دووقاتکردنی بەرهەمی نەتەوەیی دوای سالی 1789 پێویستی بە ماوەی 58 سال بووە، ئەمریکا بۆ گەیشتن بە هەمان ئاست لەدوای سالی 1840 پێویستی بەماوەی 47 سال بووە، ژاپۆن لەدوای سالی 1880، ماوەی 33 سال خایاندووە، ئەندۆنیسیا لەدوای سالی 1965 پێویستی بە 17سال بووە، کۆریای باشووریش لە دوای سالی 1970 پێویستی بە 13 سال بووە، دواترینیشیان وڵاتی چین لە دوای سالی 1978 تەنها پێویستی بە ماوەی 10 سال بووە.

ئەو گەشەسەندنانە کە بە ژمارە لەسەرەوە ڕوونکراوەتەوە لە ماوەیەکی کەم و پێوانەیی بەدی هاتووە دەرخەری ڕاستییەکی دیکەشە بە تایبەتیش بە هەشت دەوڵەتە کاریگەرە ئابووریەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئەویش ئەوەیە ئەو وڵاتانە شان بە شانی ئەو گەشەسەندنە ئابووریە گەورەیەی بەدەستیان هێنا، توانیویانە تا ڕادەیەکی گەورە بەسەر پەتای هەژاری لە وڵاتەکانیاندا سەرکەون ، لە ئەندەنوسیا ڕێژەی ئەو کەسانەی لە ژێر هێڵی هەژاری بوون لەسالی 1972 نزیکەی 58%بوو بەڵام لە سالی 1982 بۆ 17%دابەزی، لە ماڵیزیا لە سالی 1973 ڕێژەکەی 37% بوو لە سالی 1987بۆ 14% دابەزی، لە تایلاند لە سالی 1962 ڕێژەکە 49%بۆ ڕێژەی 26%لە سالی 1986 دابەزی، لە سنگافورا لە سالی 1972ڕێژەی هەژاری 34% بۆ ڕێژەی 10% لە سالی 1982دابەزی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەزگاکانی ماف و ڕاگەیاندن و سیستەمی دەستووری و مافی مرۆڤ و ئازادیە دیموکراتییەکان تیایاندا بەرفراوانتر بوونی گەورەی بە خۆیەوە بینی.ئەمریکا لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ چین بە تۆندی گرەو لەسەر بڵاوە پێکردنی بەهاکانی لیبرالی و خۆشگوزەرانییەکان دەکات کە لە ئاکامی سیستەمی سەرمایەداری بەدەست دێن، کۆمەڵە بەڵێنێکی گرنگ و بەهادارن، چین بە سیستەمە شیوعییە شمولییەکەی ناتوانێت دابینی بکات، ئەو بزووتنەوەیە بەرهەڵستکارەی لە هونگ کۆنگ سەری هەڵدا و ئەو ئاکامەی لە هەڵبژاردنە دیموکراتییەکە بەدەست هێنران، ئەمە تەنیا پرۆڤەو سەردێکەن کە ئەمریکا بە نیازە لە بەرامبەر چین ، (ڕێک وەک ئەو دەستکەوتەی لە تایوان بەدەستی هێنا کە پێشتر بەشێک بوو لە چین بەڵام ئەمڕۆ لە ڕووی پەیڕەوکردنی سیاسەتەوە سیاسیەتەکەی هیچی لە سیاسەتی چین ناچێت) پەیڕەوی بکات.ئەمڕۆ شەری بازرگانی تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمریکا و چین نییە، بەڵکو بزووتنەوەی (سیاسی)یش کە بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە ئەویش لەسەرهەڵدان دایەو ڕەنگە ئایندەی داهاتووی چین دەستنیشان بکات.چین باش هەست بەو ڕاستییە دەکات کە یەکەم گوللە لە شەڕەکەدا تەقێنرا، باش دەشزانێت سەرکوتکردنەوە بە زەبری هێزیش چیتر مایەی قبوڵکردن نییە. بەڵام دان بەخۆداگرتنیشی لەبەرامبەر ئارەزووی ماف و دیموکراتییەکان هێندە ئاسان نییە.

حوسێن شەکەشی
سەرچاوە: ئەلشەرقولئەوسەت

مانشێت



سکای نیوز:
لە نیو ئۆرلیانزی سەر بە ویلایەتی ئەریزۆنای ئەمەریکا، لە ئەنجامی ڕووداوێکی تەقەکردندا 10 بریندار بوون .



ئەی ئێف پی :
لە باشووری فەرەنسا و لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕزگارکردنی خەڵک لەو لافاوەی ناوچەکەی گرتۆتەوە، فڕۆکەیەک تێکشکا و سێ کەس گیانیان لەدەست دا .



ئیلاف :
ئەمێنداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە خەریکە مەسەلەی پەنگخواردنەوەی گەرما لە جیهان دەگاتە قۆناغێک کە گەڕانەوەی بۆ نیە.




ڕۆیتەرز:
بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند کە دوای هێرشەکەی لەندەن پەنا دەبەنە بەر گرتنەبەری ڕیوشوێنی ئەمنی تووندتر .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە هەرێمی قندوزی ئەفغانستان و لە ئەنجامی هێرشێکی چەکدارانی بزووتنەوەی تالیباندا 11 سەربازی ئەفغانی کوژران .



کەنالی ئار تی :
وەزیری بەرگری ئەڵمانیا دووپاتی کردەوە کە هەوڵ دەدرێ هەموو ئەو کەسانە لە سوپای وڵاتەکەی دوور بخرێنەوە کە هاوسۆزن لەگەڵ بیروباوەڕی نازیەت .



چەند سوودێکی هەڵپاچینی داری میوە

هەڵپاچین یان کازاختن یان بڕینی داری میوە چەند سوودێکی هەیە وەک:
یەکەم: پاراستنی شێوەی گشتی دارەکە، واتا شێوەیەکی جوان و پێویستی پێدەدرێت کە هاندەرە بۆ بەرهەمهێنان و کرداری کشتوکاڵییەکان وەک بڕین و رشاندن و رنینی بەر ئاسان دەکات.
دووەم: دروستکردنی هاوسەنگییەک لە نێوان کۆمەڵەی سەوز (قەد و لق و گەڵاکان و بەر) لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەگ.
سێیەم: بەرهەم باشتر و گەورەتر و زیاتر دەکات.
چوارەم: تەمەنی دارەکە درێژ دەکات.
پێنجەم: هەواگۆڕکێ باشتر دەکات و شێ کەم دەکاتەوە و دەرفەت بە تیشکی خۆر دەدات بۆئەوەی بگاتە ناوەوەی دارەکە.

ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ 2020
ساڵی تەندروستیی ڕووک دەستپێدەکات

ڕووەک 80لەسەدای خۆراک پێکدەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دووچاری هەڕشە دێت لە لایان دەرد و نەخۆشییەکانەوە. دەردەکانی ڕووەک بەرپرسیارن بۆ لەناوبردنی نزیکەی 40 لەسەدای بەروبومە خۆراکییەکانی جیهان لە هەر ساڵێکدا، زیانە بازرگانییەکانیشی لە ساڵێکدا بۆ بەروبومە کشتوکاڵییەکان لە 220 ملیار دۆلار زیاترە کە ئەوەش هۆیەکە بۆ ئەوەی چەندین ملیۆن کەس بەدەست برسێتی بناڵێنن. سیاسەت و بەدواداچوونەکانی تایبەت بۆ باشکردنی تەندروستیی ڕووەک گرنگە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی کشتوکاڵی نوێبوونەوە. ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهانی (فاو) ساڵی جیهانی تەندروستیی ڕووەک 2020ڕادەگەینێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری سەبارەت بە تەندروستیی ڕووەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ برسێتی و هەژاری و هەڕشەکانی ژینگەیی و باشکردنی پەرەپێدانی ئابووری.
لەم ساڵەدا ڕێکخراوی فاو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی ڕووەک دەخاتە ئەستۆی خۆی بۆ گرنگی دان بەم ساڵە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆتایی ساڵی 2018 بڕیاری لەسەرداوە بۆ باشکردنی تەندروستیی ڕووەک لە ساڵی 2020و ساڵەکانی دواییدا.
(شۆ دۆنیۆ) بەڕێوەبەری گشتی فاو لە کاتی بەستنی خولی 163ی ئەنجومەنی فاو ساڵی جیهانی تەندروستی ڕووەک ڕادەگەینێت.

قاوە مەترسییەکانی پەستانی خوێن و شەکرە کەم دەکاتەوە



لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریدەخات خواردنەوەی 4کوپ قاوە لە ڕۆژێکدا بۆی هەیە مەترسیی توشبوون بە جۆری دووەمی نەخۆسیی شەکرە و پەستانی خوێن و قەڵەوەی کەم بکاتەوە.
توێژەران بە گوێرەی ئەنجامەکان بۆیان دەرکەوتووە ئەوانەی قاوەی بێ کافایین دەخۆنەوە هەمان سوودیان پێ دەگات، لە هەمانکاتدا خواردنەوەی یەک بۆ چوار کوپ قاوە لە ڕۆژێکدا دیاردەی کەم هەرسی بە ڕێژەی 2% تاکو 44% کەم دەکاتەوە.
توێژەرانی هەردوو زانکۆ (ناڤار)ی ئەسپانیا و (کاتانیا)ی ئیتاڵیا بۆیان دەرکەوت کە پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی قاوە و کەمبوونەوەی ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیی شەکرە لە جۆری دووەم هەیە.
(ئیستیڤانیا تۆلیدۆ) خانمە توێژەر لە زانکۆی ناڤار و بنکەی پزیشکی بایۆلۆجی "سیبرۆبن" دەڵێ: شیکردنەوەکان دەریدەخەن بەکارهێنانێکی هاوسەنگی قاوە بێ زیدەڕۆیی لە خواردنەوەی بۆی هەیە مەترسییەکان بە ڕێژەی 26% کەم بکاتەوە. ڕوونیشیکردەوە کە مەرج نییە قاوەکە کافایینی تێدابێت بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە. قاوە هەندێک ئاوێتە لە پێکهاتەکەیدایە کە سوودی بۆ تەندروستیی هەیە وەک پۆلیفینیۆڵ و تریگونیلین و میلانۆیدین کە گشتیان تایبەتمەندی دژە ئۆکسین و دژە هەوکردنیان هەیە.
سەرچاوە: The Sun

3 خۆراک بەرگری جەستە بەهێز دەکەن






لە وەرزی زستاندا بازاڕەکان تژی دەبن لە جۆرەها سەوزە و میوە و بەروبوومی وەرزی کە پێویستە سوودیان لێ وەربگرین بۆ بەرزگردنەوەی توانای بەرگری جەستەمان بە ڕادەیەکی زۆر بە تایبەتی لەم وەرزەدا کە زۆر نەخۆشیی بەهۆی سەرماوە بڵاودەبێتەوە. لە مالپەڕی (ئێن دی تی ڤی فوود) باس لە 3 خۆراک دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی برگری جەستەی مرۆڤ کە ئەمانن:
چەوەندەر
ئەوەش بە خۆراکە سووری تاریکە سەرسوڕهێنەرەکە دەناسرێت، بڕێکی زۆر ماددەی خۆراکی تێدایە، دەکرێت وەک زەڵاتە بخورێت یان تێکەڵ بە چەندین خۆراک بکرێت وەک شۆربا و گۆشتی سوورکراوە. بە پێی پەرتووکی (هیڵینگ فوود) واتا خۆراکە چارەسەرییەکان، چەوەندەری سوور بەسوودە بۆ هێنانەدی هاوسەنگی سەبارەت بە پەستانی خوێن، سووڕی خوێن چالاکدەکات و قەبزی ناهێڵێت. پێشتر لە ئەوروپادا چەوەندەری سوور بەو کەسانە دەدرا دوای چاکبوونەوەیان لە نەخۆشیی، هەروەها بۆ نەهێشتنی شەکەتی و ماندیبوون و باشکردنی کرداری هەرسکردن و بەهێزکردنی بەرگری بەسوودە.
گێزەر
بە یەکێ لە بەروبومە کشتوکاڵییە دەوڵەمەندەکان بە ڕیشاڵ و کانزا وئیتامینەکان و بیتاکارۆتین دادەندرێت و بەهایەکی خۆراکی بەرزی هەیە. گێزەر تێکەڵ بە زۆر جۆر خۆراک دەکرێت و وەک شەربەت دەخورێتەوە و لەگەڵ زەڵاتەش دەخورێت. گێزەر پێویستە بۆ ئەو کەسانەی مەبەستیانە کێشیان دابەزێنن. ئەو ڕێژە بەرزەی پیتاکارۆتین و لۆتینەی لە گێزەردا هەیە یارمەتی دەرە بۆ باشکردنی تەندروستیی چاو و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرگری جەستە.
سپێناخ
بە یەکێ لە خۆراکەکانی وەرزی زستان دادەندرێت کە ویستراوە لە لایان بچووک گەورەوە. لە سپێناخدا زیاتر لە 10ئاوێتەی جیاواز هەیە وەک فلافۆنیدی دژە ئۆکسین کە بە توخمێکی دژە هەوکردن دادەندرێت و دەوڵمەندە بە قیتامین و کانزاکان و ئاستی بەرگری جەستە بەیز دەکات.

چەند هەنگاوێک بۆ پەروەردەکردنی گوێرەکە

بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەی پەروەردەکردنی گوێرەکە (گۆزک) بە مەبەستی قەڵەو کردن و بەدەستێنانی قازانجی مادەی پێویستە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکرێت:
یەکەم: پێویستە کێڵگەی پەروەردەکردن بانی گیرابێت بۆ پاراستنی گوێرەکەکان لە سەرمای زستان و گەرمای وەرزی هاوین.
دووەم: بەردەوام ئاڵیکی خاوێن و ئاوی خاوێن بۆ گوێرەکەکان دابین دەکرێت.
سێیەم: لە سەرەتای پڕۆسەی قەڵەوکردندا هەنگاو بە هەنگاو ئاڵیکی خەست بە گوێرەکەکان دەدرێت ئەو کردارە بۆ دوو حەفتە بەردەوام دەبێت پاشان دەستدەکرێت بە پێدانی بڕی پێویست بە پێی بەرنامەی قەڵەوکردن.
چوارەم: هەر 10 ڕۆژ جارێک گوێرەکەکان دەکێشرێن و تێکڕای زیاد بوونی کێشیان تۆمار دەکرێت.
پێنجەم: خۆراکە پرکەرەوەکان وەک کا و پاشماوەی بەروبومەکان نابێت لە 1%ی کێشی گوێرەکەکە زیاتر بێت، ئەوەو ڕێژەی مادەی خەستەکان لە 2%ی کێشی گوێرەکە ڕەت نادات.
شەشەم: پێویستە گوێرەکە نموونەییەکان دەستنیشان بکەین کە ئەوەش بە قۆناخی دووەم دادەندرێت، ئەو گوێرەکەیەی کە لە تەمەنی 12-9 مانگدا کێشی گەیشتۆتە 250-200 کیلۆگرام.
حەوتەم: نزیکەی 2%ی کێشی گوێرەکەکە ئاڵیکی سەوزی وەک وێنجە پێ دەدرێت.
هەشتەم: گرنگە پیرۆماکسەکان (تێکەڵەی ڤیتامینەکان و خوێیە کانزاییەکان) تێکەڵ بە ئاڵیک بکرێت، بە بڕی 3گرام بۆ تەنێک ئاڵیک، هەروەها خوێی چێشتلێنان تێکەڵ بە ئاڵیک دەکرێت بە بڕی 10-8گرام بۆ تەنێک ئاڵیک، لە هەمانکاتدا خەمیرەی وشک بە بڕی 4-2گرام بۆ تەنێک بەکار دێت.
نۆیەم: پێویستە چوستی گۆڕینی ئاڵیکی خەست بۆ گۆشت بگاتە 80%بۆ گوێرەکە بچوکەکان و 75%بۆ گوێرەکەی مامناوەندی و 70%بۆ گوێرەکەی گەورە. بەو واتایەی کە تەمەنی قەڵەوکردن لە 200 کیلۆگرام دەست پێدەکات و نابێ لە 400 -450 کیلۆگرام ڕەت بدات چونکە دوای ئەو کێشە توانای گۆڕین ئاڵیک بۆ گۆشت کەم دەبێتەوە.
دەیەم: بەرنامەکانی ڤاکسینکردن لە کاتوساتی خۆی ئەنجام دەدرێت بۆ بەرزکردنەوەی بەرگری دژەی ئەو نەخۆشییانەی لە ناوچەکەدا بڵاوە.
یازدەهەم: ئاڵیک بە چەند جارێک دەدرێتە ئاژەڵەکان بۆ نموونە 2 یان 3 جار لە ڕۆژێکدا بە مەرجێک کۆڵی ئاڵیک لە نێوان ژەمەکاندا بەتاڵ بێت.
دوازدەهەم: هەرگیز نابێت گوێرەکان برسی بکرێن ئەوەش بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە ئاستی ترشاندن و توشبوون بە بەدهەرسی.





ئەمجارەش رۆنالدۆ یانەکەی لە دۆڕان رزگار کرد

رۆنالدۆی ئەستێرەی یانەی یۆڤینتۆس ئەمجارەش توانی یانەکەی لە یەکەمین دۆڕان لەخولی ئیتالّی دەرباز بکات، کاتێک بەلێدانی پەنالتی گۆلّی بەرامبەری لەدژی یانەی ساسۆلۆ تۆمار کرد.

لەمیانی یاریبەکانی گەڕی 14ی خولی ئیتالّی، یانەی یۆڤینتۆس میواندار ی یانەی ساسۆلۆی کرد و لەناو یاریگای بەرامبەرەکەیان توانی خالّیکی گرنگ لە یۆڤی وەرگرێت، کاتێک بە 2-2گۆل بەرامبەر بوون و هەردوولا بەخالّێک رازی بوون، و یانەی یۆڤی خاوەنی 36خالّە و لەپلەی دووەم دیت لەدوای یانەی ئینتەرمیلان کە پێشەنگی گرتووە بە 38حاڵ، لەولاشەوە یانەی ساسۆلۆ خالەکانی بەرزکردەوە بۆ 14خاڵ و لەپلەی 12دێت.

بارزان خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو



مسلم دزلەمەری - بارزان

لەدرێژەی کارو چالاکی وخزمەتکردن بە تۆپژی لاوان لەبواری وەرزشید، ئاوەندی بالای مێرگەسوری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی و قوتابیان و مامۆستایان لە یاریگای فریزی دەستکردی ناحیەی پیران، کۆتایی بە خولێکی تۆپی پێ هات. شایانی باسە لەم خولە ژمارەیەک تیپی قوتابیان ئامادە ئامادە کرابوو کە شەوانە یاریبەکان لەلایەن چەند ناوبژیوانێکەوە بەرێوەدەچوو، کە لە ئەنجامدا هەردوو تیپی 12ی وێژەیی وتیپی 10ی زانستی گەیشتنە یاری کۆتایی و پاش هەوڵ وماندووبوونێکی زۆری یاریزانان تیپی 12ی وێژەیی توانی بە ئەنجامی 3گۆڵ بەرامبەر بە 1گۆڵ یاری کۆتایی لە تیپی 10ی زانستی بباتەودو ببێتە پاڵەوانی خولەکە، لە کۆتاییشدا خەلات بەسەر سەرکەوتووان و بەشداربووانی خولەکەدا دابەشکرا .

ئۆبامیانگ لەپێش ستێرلینگ و ئەگوێرۆوە دێت

ئیمریک ئۆبامیانگی هێرشبەری یانەی ئەرسنالّی ئینگلیزی توانی دوو گۆل لەیاریی رابردوویان بەرامبەر یانەی نۆریچ سیتی تۆماربکات.

ئۆبامیانگ بەتۆمارکردنی ئەو دوو گۆلّە ژمارەی گۆلەکانی گەیاندە 10گۆل و بەهاوبەشی لەگەڵ ئەبراهام هێرشبەری چێلّسی لەپلەی دووەمی ریزبەندی گۆلّکارانی خولی ئینگلیزیبەوە دێت، کە ڤاردی پێشەنگی گۆلّکارانی گرتووە، ئەو یاریوزانە گابۆنیە لە پێش هەریەک لە ستێرلینگ و ئەگوێرۆ و محەمەد سەلّاحەوە دێت.



ئەو 5 یانانەی زۆرترین یارییان لەسەر یەک بردۆتەوە



خەبات: سولێن سلێمان

لە مێژوی پریمیرلیگ دا هەندێک یانە هەن کە زۆرترین بردنەوەیان تۆمار کردووە، کەمترین شکستیان هێناوە، ئەو یانانەی کە لە دوای سالّێوە تاکو ئێستا توشی شکست نەبوونە، ئەوانیش یانەی ئارسنالّ خاوەنی ریکۆردێکی مێژوویی، کە لە مێژووی ئارسنالّدا لە وەرزی ـ و ـ٤ دا بە راهێنەرایەتی ئارسن فیگەری راهێنەری پێشوو کە لە پۆستەکەی دوورخراوەتەوە لە ئێستادا.

لەم وەرزەدا ٤. یاریبیان ئەنجامداوە و دا ٦. یارییان لەسەریەک بردۆتەوە و توانیویانە ـ گۆڵ تۆمار بکەن و نازناوەکە بۆ یانەکەیان بەدەست بهێنن، لە دوای یانەی ئارسنالّ، یانەی چێلّسی دێت کە خاوەنی زۆرترین خالّی براوە بوونە لە وەرزی ـ٤ ،ـ٥ دا بە راهێنەرایەتی خۆزی مۆرینهۆ بوو ئەو یانە توانیویانە لە کۆی ٤. یاری، ٤. بردنەوە ی بەبێ شکست تۆمار بکەن و ٤. گۆڵیان بۆ یانەکەیان تۆمارکردووە و ـ گۆڵیان لێکراوە، هەروەها یانەی لیڤەرپوول ـ یاریبیان ماوە بگەنە یانەی ئارسنالّ لە پریمەرلیگ لەم وەرزەدا، کە لە کۆی ـ یاربیدا توانیویانە کۆی ٥. بردنەوە بۆ یانەکەیان بەدەست بهێنن، و ـ گۆڵیان تۆمار کردووەو ٤. گۆڵیان لێ کراوە وە و ٥ یاری بەرامبەر بوونە.

مێژوو دەڵێت: هەر تیپێک لە پریمەرلیگدا زۆرترین یاری لەسەر یەک تووشی شکست نەهاتبێت ئەوا ئەو یانەیە پاڵەوانە، هەروەک ئارسنالّ و چێلّسی کە بوونە پاڵەوان، لە ئێستاشدا چاوەڕوان دەکرێت ئەگەر لیڤەرپول لەسەر ئەو ئاستەو ئەنجامانە بەردەوام بێت دەتوانرێت ئەو نازناوە بەدەست بهێنێت، و چوارەمین تیپ، یانەی مانچێستەر ستیە کە بە راهێنەرایەتی پێپ گواردیۆلای ئیسپانی لە وەرزی٦ و ـ دا لە کۆی ـ یاربدا .٦ بردنەوەیان بۆ یانەکەیان تۆمارکردووە ٤ بەرامبەربوون و ـ گۆڵیان کردووە و ـ گۆڵیان لێ کراوە ، هەروەها یانەی مانچێستەر یونایتد لە وەرزی٦و ـ خۆزی مۆرینهۆ لەو کاتی کە راهێنەری ئەو یانەیەی دەکرد لە .٥ یاربدا توشی شکست نەبوونە، ـ بردنەوەیان تۆمارکردووە و ـ گۆڵیان لێکراوە و ٦٤ گۆڵیان تۆمارکردووە، بە گشتی ئەمانە ئەو ٥ یانەیە بوون کە لە مێژووی پریمەرلیگدا لە زۆرترین یاربدا خاوەنی کەمترین شکست و زۆرترین بردنەوە بن.

کۆنتی

بە وەرگرتنەوەی پێشەنگی خولی ئیتالّی خۆشحالّە

ئەنتۆنیۆ کۆنتی راهێنەری یانەی ئینتەر میلانی ئیتالّی خۆشحالّی خۆی بەگەڕاندنەوە بۆ پێشەنگی خولی ئیتالّیا راگەیاند دوای بردنەوەی بەسەر یانەی سپال.

یانەی یۆڤی سوودی لەوبەرامبەر بوونەی یانەی یۆڤی و بردنەوەی خۆیان وەرگرت بۆ گرتنەوەی پێشەنگ، تۆڕی سکای سپۆرتی ئیتالّی لێدوانەکەی ئەو راهێنەرەی بڵاوکردۆتەوە و گوتویەتی: ئێمە لەیەکەم رۆژەوە کار بۆ ئەوە دەکەین کاریگەریمان لەسەر تیپەکانی دیکەوە هەبێت، گەڕانەوە بۆ پێشەنگ و لووتکە وامان لێدەکات شانازی بەخۆمانەوە بکەین، لەبەر ئەوەی گەشتەکەمان دەزانین کە بۆ کێندەرمان دەبات، هەوڵ دەدەین پارێزگاری لە پێشەنگ بکەین.



KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net
خەبات XEBAT
Tue, 3. Dec. 2019 No: (5884)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

شیعر دنیایەکە لە خەیاڵدانی شاعیردا دروست دەبێت

بەیان ئیبراهیم: تا وشە و زمان هەبێت شاعیر لەپەل و پۆ ناکەوێت، بگرە تادوای مردنی شاعیریش شیعر هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە



دیانەت: هێمن ئاری

چۆن باس لەپرۆسەی نووسینی شیعری خۆتمان بۆ دەکەی؟

شیعر ڕەسمکردنی ئەو دنیایە کە لە خەیاڵدانی شاعیردا دروست دەبێت ، واتا ئەو کاتەی کە دنیا بە خواستی شاعیر نییە ، ئیشی شیعر تێکشکاندن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو دنیایە کە شاعیر لە ڕێی زمان و وشەوە دروستی دەکات ، منیش ئاوا شیعر دەنووسم کە مالێک بێت بۆ ئاسوودەبیم .

پێتوانییە هەندێ جار شیعر وێنەگرتنی واقیعێک بێ لە نهێنی و ژیانی ئەو شاعیرە؟

ئەگەر شاعیر وێنەیەک بە کامێرای وشە بگرێ دوا جار تۆی خوێنەر هەست بکەی سەیری فیلمێکی بە وێنەکێشراو لە وشە دەکەی و دەتەوێ بزانێ لە ئاوێنەی شیعری شاعیردا سەیری دیووە شاراوەکانی بکەی ، چرکاندنی وێنەیەک واتا وێنەکە بوونی هەیە تۆ کۆپی دەکەی ، بەڵام وێنەی شیعری دروستکردنی وێنەیەکە لە نەبوون .

شیعر وەک ئاوی کانی وایە

ئەو شیعرانەی دەیانووسیی تاچەند هەڵگری فەنتازیایەکی روحییە؟

ئەمە زیاتر لە تەسوف دەچێت کە دەڵێین ڕۆحی ، شیعر دیووە ڕاستیەکەی شاعیرە جا ئیتر چی ناو دەنێین ئەوەیان کێشەی ناو و زمانە بەڵام ڕۆحیەتی شیعر ناوێکی جوانە .

زۆری شاعیران لەدەرگای عەشقەوە چوونەتە نێو شیعر، ئەی تۆ؟

شیعر وەک ئاوی کانی وایە سەرچاوەکەی عەشقە جا تەفسیرکردنی عەشق بۆ پەیوەندی تەنها نێر و مێ بچوککردنەوەی شیعرە، شیعر ماناکانی ژیان دۆستی و شیعر دۆستیە ، عەشقیش جوانی بینینە ، عەشق بۆ ژیان ، بۆ گوڵێک، بۆ سروشت ، بۆ بەربوونەوەی پەڕی باڵی مەلێکی کۆچەری و هتد ، دنیایەکی تر لە عەشق ، عەشق و جوانی سەرچاوەی شیعرە لە مالی شیعردان ، بۆیە بێ عەشق شیعر نابێت .

قەت شیعرت بۆ پیاو نووسیووە؟

بۆ ئاسایی بێت کاتێک پیاو شیعر بە باڵای ژندا بنووسێ با ئاسایش بێت کاتێ ژنێک شیعر بۆ پیاوێک لە خەیاڵیدا بنووسێ تا ئەو کاتەی ژیانی خۆش بوێ ژیان وەک ستەیجی شانۆیە دوو کارئەکتەری سەرەکی هەن، پیاو و ژن ، بەڵام کاتێک ژنێک دەڵێ (ئەی پیاو) بە مانای خۆشویستنی ژیانە .

دەتەوێ وەکو شاعیرێکی مێینە بگەیت بەچی لەو پەیامانەی لەدەقە شیعرییەکاندا هەن ئاراستەی کێی دەکەی؟

دەمەوێت بگەم بە خۆمی هەقیقی بەو خۆمەی کە تەواو ئازادە لە ژیان کردن .

ئایا سەر بە قوتابخانەیەکی دیاری کراوی فیمینستی یان هەر وەکو مێینەیەک داکۆکی لەژنبوون دەکەی؟

من شیعر دەنووسم لە شیعردا جیاکاری جێندەری نییە ، بەڵکو ڕەسم کردنی ژیان دۆستی هەیە، ئەوەش کاری لێکۆڕەوەکانە دیاری بکەن سەر بە چی ڕێتمێکە .

باشلار دەڵێت: بۆیە ژن جوانن چونکە لەخەوەو هاتوون ،ئەی بۆ چوونی تۆ بەرامبەر بەپیاو چییە ؟

مەسەلە تەنها ژن نییە یان پیاو ، ئەوە پەیوەندی بە نەریت و باڵادەستیەوە هەیە ، چونکە ژن لە ناوندی بڕیاری گشتیدا نەبووە و پاڵەوانەکان هەر پیاو بوون ، بۆیە کاتێک ژنێک جوان دەنووسێ دنیایەک وەسفی فەلسەفیش لە دایک دەبێت ، لە خەوە هاتوون زیاتر وەسفێکی شاعیرانە، بەڵام دواجار ژن کائینێکی ناسکترە لە پیاو و هەردووکیشیان تایبەتمەندی بایۆلۆجی خۆیان هەیە و تەواوکەری یەکترن، هەر یەکەیان بە سروشتی خۆیەوە جوانە .

ئەگەر پیاو ئەو درندەیەیە بێت بۆ کە زۆربەی ئافرەتان وای دەبینن، بۆچی ژن خۆی پادەست دەکات؟

ئەم پرسیارە هەق بوو ڕووبەڕووی باشلاری بکەیتەوە، بەڵام ئەوە پیاو یان ژن نییە کە دەبنە درندە، بەڵکو ئەوە نەریت خوازی و ئاستی پاشخانی ڕۆشنبیری و ژیان دۆستیە ئەم پرسیارە دروست دەکات .

شاعیر کەی لەپەل و پۆ دەکەوێت؟

تا ئەو کاتەی وشە هەبێت ، زمان هەبێت شاعیر لە پەل و پۆ ناکەوێ چونکە ڕۆحی شاعیر ڕۆحێکی نەمرە بگرە دوای ڕۆشتنی بە لایەنی فیزیکی شیعر مانای تازە دەدا بە ژیان واتا دوای مردنی شاعیریش شیعر هەر بە زیندووی دەمێنێتەوە و مانای تازە دروست دەکات ، وەک شێرکۆ بێکەس و هتد.

جۆنی دیپ دەستکێشەکانی مایکڵ جاکسن دەکات بە شانۆ

هەمزە سەرحان

جۆنی دیپ لە ئێستادا سەرقاڵی بەرهەم هێنانی شانۆیەکە دەربارەی دەستکێشە سپیەکانی مایکڵ جاکسن کە بۆ یەکەمجار لە گۆرانی . A Moonwalk شانۆکە بە ناوی "بۆ خۆشەویستی دەستکێشەکە"یە، کە تیایدا باس لە ژیانی مایکڵ جاکسن دەکات، کە لەلایەن جولیان نیتزبێرگ نوسراوە، جۆنی دیپ بەرهەمی دەهێنێت.شانۆکە باس لە مایکڵ جاکسن دەکات لە ساڵی 1983 ، کە چۆن بە دەستکێشە سپیەکانی لەسەر شانۆ دەرکەوت و پێی نایە قۆناغی بەناوبانگیەوە، بڕیارە لە 25ی کانونی دووەمی ساڵی داهاتو نمایش بکرێت.بە پێی هەواڵێکی Independent بریتانی، ئەوە یەکەمجار نیە جۆنی دیپ و جولیان نیتزبێرگ پێکەوە کاردەکەن، پێشتر چەندی کاری هاوبەشیان هەبوە کە نیتزبێرگ نوسیویەتی و جۆنی دیپ بەرهەمیهێناوە.

تاریق تۆفیق: فلیمەکەم بەناوی کوردستان بەشداری فیستیڤاڵی مەغریب بوو، بەهۆی نەبوونی فیزەو ئیمکانیەت نەمتوانی ئامادەم

بەرهەم شێخ عزەدین

فیلمی دۆکومێنتەری (ئەنناون ستێپس) هەنگاوە نادیارەکان، لە دوای بەشداریکردنی لە فیستسڤاڵی نێو دەوڵەتی سلێمانی و بەدەستهێنانی خەڵاتی تایبەتی فستیڤاڵ، بەشداریکرد لە فستیڤاڵی بەلجیکای نێو دەوڵەتی، لە بەشی پێشبڕکێدا بوو، پاشان لە ساڵی ٢٠١٨ لە فیستیڤاڵی هۆگا گۆستین لە وڵاتی سوید بەشداریکرد و خەڵاتی باشترین فیلمی فستیڤاڵی بە دەستهێنا، کە لە 30 وڵاتەوە فیلم بەشداریکردبوو. دواجار



ئەم فلمە بەناوی کوردستان بەشداری فستیڤاڵێکی کرد لەوڵاتی مەغریب دەربارەی فیستیڤاڵەکە (تاریق تۆفیق) ی دەرهێنەر بە (خەبات) ی گوت: فیلمەکەمان لە وڵاتی مەغریب بەشداری فیستیڤاڵ بوو. بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی فیزەو ئیمکانیەت بۆ خۆم نەمتوانی ئامادەبم لەو فیستیڤاڵە گرنگەدا، گوتیشی: دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری بیر لەو کارانە بکاتەوە و پشتگیریان بکات چونکە ئێمە کار بۆخۆمان ناکەین و هەرچی دەکەین بۆ بەرزکردنەوەی ناوی کوردو کوردستانە .دەرهێنەر زیاتر گوتی: ئەم فیلمە چیرۆکی ڕاستەقینەیەو لە تورکیاو سلێمانی وێنەی بۆ گیراوە ستافەکەی بریتین لە: دەرهێنەر: تاریق تۆفیق، ریسیچەر: هەڵگورد سالح، مۆنتاژ: سەنگەر عەبدوڵڵا، دەنگ: تانگو ئازاد، پۆستەر: ئالان عەلی، سەبتایتل/کورد سینەما ، وەرگێڕانی زمانەوانی: هێمن عەباس. لە دوماهیدا دەرهێنەر گوتی: ئەم خەڵاتە دەکەمە دیاری ڕوحی هەموو ئەو قوربانیانەی لە (دەریای ئیجە) دا خنکاون.لەدوماهیدا دەرهێنەرگوتی:ئەم فلیمە پێشکەش دەکەم بەڕووحی ئەوقوربانیانەی لەدەریای ئیجە خنکاون،وەسوپاسی زاهیری عەبەرەش دەکەم کەزۆر ماندوو بو بەناردنی فلیمەکە بۆ وڵاتی مەغریب.

مۆزەخانەی دێرسم دەرگا بەڕووی سەردانیکەراندا دەکاتەوە




مۆزەخانەی دێرسم بە خستنەڕووی مێژووی هەزاران ساڵەی شارەکە و نزیکەی دوو هەزار بەڵگە دەرگا بەڕووی سەردانیکەراندا دەکاتەوە.مۆزەخانەکە لە تەلاری سەربازگەی پێشوو دەکرێتەوە کە بەحەوشەیەکشیەوە لەسەر ڕووبەری پێنج هەزار و 805 مەتر چوارگۆشە بونیاتنراوە و لە 2015ەوە دەستکرابوو بە نۆژەنکردنەوەی تەلارەکە.

لە مۆزەخانەکەدا بەڵگە مێژوویی زارەکی و نووسراوەکان، پەڕاو و وێنەکانی شارەکە دەبیندرێن و پێک دێت لە بەشەکانی (عەلەوییەت)، (شوێنەوارناسی) و (ڕەچەڵەکناسی).بەڕێوەبەری مۆزەخانەکە، ڕاگەیاند "تا دێ گەشتیاری بیانی، زیاتر ڕوو لە دێرسم دەکەن. کردنەوەی ئەم مۆزەخانەیەش لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کە یەکێکە لە مۆزەخانە هەرە تایبەتییەکانی تورکیا، ڕۆڵی دەبێت لەوەی گەشتیاران بەسەری بکەنەوە و زیاتر ئاشنای کولتوور و مێژووی دێرسم بن.



بۆ ئەوەی زیانت پێ نەگەیێنێ
ئاو بەڕێژەی پێویست بخۆرەوە



خواردنەوەی ئاو بەڕێژەیەکی زۆر لەسەریەک، دەبێتە هۆی ژەهراویبوون بە ئاو (بە ئینگلیزی:*Water Intoxication*)، بە تایبەتی لە منداڵی ساواادا کە ڕێژەیەکی زۆر ئاو لەگەڵ شیر وەردەگرێت (کاتێک کە شیری زۆر ڕوونی پێدەدرێت) یا لەکاتی کەشوهوای گەرم خواردنەوەی لەسەریەکی ئاو، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵاوسانی خانەکانی لەش و کەمبوونەوەی خەستی خوێن و بەرزبونەوەی پەستانی خوێن بەهۆی زیادبوونی قەبارەی خوێنەوە.